# ویرانەپیاو

ڕۆمان

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

# ویرانەپیاو

ڕۆمان

hewalname.com/ku/

عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن
وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٢١)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

hewalname.com/kul

سەرچاوە:
الرجل الخراب. عبدالعزیز برکه ساکن.
مؤسسة هنداوی للتعلیم والثقافة. القاهرة ٢٠١٥

■ وێرانەپیاو

نووسینی: عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن

وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل

بابەت:ڕۆمان

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٠٥)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

## ناوەڕۆك


پێشەکیی نووسەر ........................ ٧
پێشەکیی وەرگێڕ ........................ ٩
تۆنی ڕقی لە عەرەب نابێتەوە ........................ ١٣
گووپێکەری سەگان ........................ ٣٣
دەروێش ........................ ٥١
ئابڕووچوون ........................ ٦٧
بێگانە ........................ ٨٥
خاتو لودیا شۆلز ........................ ١٠٣
کچ و باوک ........................ ١٠٥
ژیننامەی ئافرەتەکە ........................ ١٠٩
گفتوگۆیەک لەپێناو کچەدا ........................ ١٤٥
دوامین بەش ........................ ١٥٧
وێرانەپیاو ........................ ١٦٧


hewalname.com/kurd

hewalname.com/ku/

# پێشەکیی نووسەر

بێگومان زمانی کوردی، زمانێکی تا بڵێی پڕ بایەخە. ئێستا نزیکەی ٤٠ ملیۆن کەس قسانی پێ دەکەن، وێڕای دانیشتوانی کوردستان، بە ملیۆنانیش بە سەرتاپای جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. کورد تاقە میللەتن نیشتمانیان هەموو گۆی زەوییە.

من هەردەم لەگەڵ وەرگێڕان بۆ زمانەکانی دی خۆشبەخت بووم. من هەمیشە بە زمانی عەرەبی دەنووسم، هەرچەندە عەرەبیش نیم، بەڵام عەرەبی ئەو زمانەیە لە گشت زمانەکانی تر باشتر دەیزانم، ئەو زمانەیە خۆشم دەوێ و حەز دەکەم پێی بنووسم. زمانێکە نزیکترە لە وازی ئەدەبیی منەوە، هەرچەندە وەرگێڕان لێوەی ئاسان نییە، بەتایبەت بۆ زمانە لاتینییەکان، لێ ڕێکەوت وەرگێڕی کارامە و شارەزای بۆ ڕەخساندم، لە خۆشەویستیی زمانی عەرەبیدا لەگەڵمدا هاوبەشن و خوازیارن کارەکانم بۆ زمانی دایک بگوازنەوە.

لەم پێشەکییە کورتەدا، دەمەوێت سوپاسی دۆستی ئازیزم **جان دۆست** بکەم، کە پێکەوە ئاوارەیی و خەمی دووری لە نیشتمانەوە بەش دەکەین، هەروەها لە خەمە مرۆییەکان و خۆشەویستیی زمانیشدا هاوبەشین. سوپاسی زۆریشم بۆ برای وەرگێڕ، کە بەخشندەیی نواند و ڕۆمانەکەمی بە



bewarname.com/ku

خوێنەرانی کورد ناساند، کە زۆرم پێ خۆشە لە لایەنی هزری و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە لەگەڵیاندا بەردەوام بم.

لەم ڕۆمانەدا خەمەکانی من لە خەمی مرۆڤی کورد، کە هەمیشە لە قووڵایی یادگەمدان دوور نەکەوتوونەتەوە. ئومێدەوارم ئەم کارە ئەڵقەی پێکەوەگرێدانی نێوان گەلانی سودان و گەلی کورد بێت.

**عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن**
**٢٠١٦/٦/٢٨ ڤیەننا**

hewalname.com/ku/

## پێشەکیی وەرگێڕ

نووسەر لەم ڕۆمانەیدا، کە دەکرێت بڵێین درێژکراوەی ڕۆمانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور"ی **ئەلتەیب ساڵح**ە و بە دیدێکی دی وەڵام بە پرسیارەکانی کۆچبەران دەداتەوە، باس لە کۆژانەکانی کۆچبەری ناشەرعی و هاووڵاتیی ددانپێدانەنراو دەکات، بە هاووڵاتیبوونی لە سەرزەوییەک، کە سەرزەویی خۆی نییە. جوانترین گێڕانەوەکانی لە سەرهاتی پەراوێزخراواندا هۆنیوەتەوە و ڕیالیزمی ئەفسووناویی لە ناوجەرگەی واقعی **سوودانی**یەوە هەڵهێنجاوە، ئەمجاریان هاوشان لەگەڵ کۆچبەرێکدا دەردەچێتە دەرەوەی سنووری نیشتمان، ناوەوەی سنووری مرۆڤ. ئەمەش بە ئیلهاموەرگرتن لە "*وێرانەخاک*"ی **ئیلیەت**ی شاعیر و شانۆنامەنووسی ئینگلیز.

ئەم ڕۆمانە داماڵینی تاکی عەرەبییە، کە وا نیشان دەدات گونجاوە و ئەم ڕۆشنبیری و کولتوورە قبووڵ دەکات، بەڵام لە ناخیدا دوورە لەوەی گوزەرانی دەکات، لەگەڵیدا هەڵناکات و تەواو پێی ناکۆکە. یەکگرتن هەر ئەوە نییە زمانیان فێر بی و پابەندی یاساکانی دەوڵەت بیت، بەڵکو دەبێت کەسی پەناهەندە بێ هیچ ئاوارتەیەک، قبووڵی کولتوور و دابونەریتیشیان بکات.

ڕۆمانەکە وێنەی کابرایەک دەکێشێت چۆن وێرانی ڕووی تێدەکات و دەیگرێتەوە. بگرە خۆی دەبێتە وێرانە و بە دوو پێیان ڕێ دەکات، هێند لەبەردڵان گران و قورسە، کەس

بەرگەی ناگرێت. ئەویش دەروێشی سودانیی میسرییە، لە هەر هەنگاوێکیدا ململانێی ناسنامە لەگەڵیدایە، ململانێی نێوان ڕابردووی تەماوی و ئێستای شپرزە و شڵەژاو، لەنێوان بۆماوە و وەرگیراو، نێوان خەون و بینین و مۆتەکە. نێوان وێنەی خود و ڕەنگدانەوەکان لە چاوی ئەوانی ترەوە.

* * *

**بەرەکە ساکن**، ساڵی ١٩٦٣ لە شاری **کەسلای سودان** لەدایک بووە. لە نەتەوەیەکی **ئەفریقی**یە بە ناوی **مەسالیت** لە **ڕۆژئاوای سودان** دەژین، زمانەکەشیان **مەسالیتی**یە، پتر لە پێنج ملیۆن کەس پێی دەدوێن. خوێندنی زانکۆی لە **میسر** تەواو کردووە. لە زانکۆی **ئەسیوت** بەڕێوەبەری کارگێڕیی خوێندووە. ئێستا لە **نەمسا** دەژێت. ساڵی ١٩٩٣ تاکو ٢٠٠٠ مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە، دواتر چەندین پلەوپایەی وەرگرتووە، وەک: ڕاوێژکاری مافی منداڵان لە یونیسێف لە **دارفۆر**، ئینجا بەڕێوەبەری پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی سندووقی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی سەر بە بانکی نیلی شین، تاکو بە یەکجاری بۆ نووسین تەرخان بوو، ئەمەش بە "کاری جادووگەر" دەزانێت.

وێڕای بەچاپگەیاندنی ٤ کۆمەڵەچیرۆک و ٩ ڕۆمان، لە گەلێک وەرزنامە و گۆڤار و ڕۆژنامەدا نووسینی بڵاو کردووەتەوە.

ڕۆمانی "**جەنگۆ مێخەکانی زەوی**" ساڵی ٢٠٠٩ **خەڵاتی ئەلتەیب ساڵح**ی پێ بەخشرا، بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی سودانەوە ئەو ڕۆمانەی قەدەغە کرا، بەر لەوەش کۆمەڵەچیرۆکی "**ئافرەتێک لە کەمبۆکدیس**" ساڵی

٢٠٠٥ دەستی بەسەردا گیرا. دوای ئەوە دەسەڵاتدارانی سودان کتێبەکانیان لە بەشداریکردن لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە خەرتوم قەدەغە کرد. ئەمەش وای لە **بەرەکە** کرد لەسەر ئەو کەللەڕەقییەی سانسۆر بێتە قسە و بڵێت: "نووسەرێکی نیازپاک و بەئاکارە، بانگەشەی ئاشتی و ئازادی دەکات، بەڵام سانسۆر بە پێچەوانەی ئەمانەوە دەمخوێنێتەوە".

ساڵی ٢٠١٣ پەیمانگەی باڵای هونەر لە شاری **سالفدن** لە **نەمسا** ڕۆمانی "**مخیلە خندریس - یادگەی مەیی زۆرماوە**"، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی **ئەڵمانی** خستە ناو میتۆدی خوێندنەوە.

شایانی باسە ئەم ڕۆمانەی بەردەستت یەکێک لە هەڵبژێردراوانی ساڵی ٢٠١٦ بوو بۆ خەڵاتی پۆکەری عەرەبی.

* * *

هەڵبەت لە چەند شوێنێکدا سانسۆر لە دەقەکەی بڕیوە، ئینجا بە چاپ گەیشتووە. بەڵام نووسەر ئەو کۆپلانەی بۆ ناردم، کە لە کتێبەکەدا نەبوون و قرتێنراون.

ماوەتەوە بڵێم، سوپاسی بێپایانم بۆ مامۆستا **ئازاد هاشمی** ئازیز، کە بەم ڕۆمانە و پێشتریش بە چەند ڕۆماننووسێکی ناساندم. هەروەها منەتباری پارێزەر **لوقمان حوسێن**م، کە بە کوردییەکەدا چووەوە و تێبینیی جوانی وێدام.

**سەباح ئیسماعیل**

**٢٠١٦/٨/١ – کەرکووک**

newalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## تۆنی ڕقی لە عەرەب نابێتەوە

پێدەچێت نورا شۆڵز لە هەموو ژیانیدا وەک ئەوڕۆ بەختەوەر نەبووبێت، چونکە ئاخیری کچەکەی فرێندی خۆی دۆزییەوە. نەک لەبەر ئەوەی میمی جوان نییە، بەڵکو تەریک و دوور لە خەڵک بوو و هەمیشە هەستی بە تەنیایی دەکرد، یاخود ئەو خۆی لە تەنیاییدا دەبینییەوە.

هەر کاتێک گەنجێک لێی نزیک ببێتەوە، دەشڵەژێت و بەپێی توانا خۆی لێ دووردەخاتەوە، یاخود هەندێک وشەی نەشیاوی بە بەرگوێدا دەدات.

ئەمەش نیگەرانییەکی گەورەی بۆ خێزانە بچووکەکەی دروست کردبوو، بەتایبەت میمی ئێستا تەمەنی بووەتە هەژدە ساڵی ڕەبەق، هێشتا دیارییەکانی جەژنی لەدایکبوونی هەژدە ساڵەی لە ژوورەکەیدا پەرشوبڵاون. دایکی زۆر ماندوو بوو تاکو ڕازی بوو میمی فرێندی هەبێت، بۆ ئەو مەبەستە پارەیەکی زۆری خەرج کرد، چونکە چەندین جار بردی بۆ لای توێژەرانی کۆمەڵایەتیی دەڤەرەکە، پتر لە بیست جاریش بۆ لای پسپۆڕی دەروونیی برد لە ڤیەننا.

نورا بەخۆی هەموو ئەو شتانەی دەکرد، هیچ یارمەتییەکی لە حوسنی دەروێشی مێردی، کە ئێستا ناوی "هاینرش"ـە، وەرنەگرتووە. ئاخر ئەو وای دەبینی بۆ پرسی کچەکەی

پێویست بە هیچ نیگەرانییەک ناکات، چونکە هێشتا منداڵە، بۆیە دەبێت ئاگای لە خوێندنەکەی بێت، واش چاکترە بچێتە "پێوەندییەکی باش"ـەوە، مەبەست لێی شووکردن بێت. ئەو ڕاستەوخۆ ئەمەی بە نورای هاوژینی نەگوت، بەڵام بۆ پاڵپشتیی ڕایەکەی، هەموو شتێکی دەکرد. دەیزانی بە سانایی پاڵپشتییە بۆ ڕای پێشوەختی نورا لەسەری سەبارەت بە بێتوانایی ئەم لە هەڵکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەورووپیدا، هەروەها لەوەی ئەو سەرە زلەی، جگە لە پڕوپووچیی سەدەکانی ناوەڕاست، هیچی تری تێدا نییە.

هەینێ ئەم بەیانییە نورا بەوپەڕی دڵخۆشییەوە پێی گوت:

– کچە باشەکەمان برادەرێکی قۆزی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە، پێنج ساڵ لە خۆی گەورەترە، وا بزانم گونجاوە.

لە ڕاستیدا کوڕە دوو مانگ لەم گەورەتر بوو، کۆشا بزەخەنەیەکی گەورەی ساختە بخاتە سەر ئەو ڕوخسارە بەوردی تاشراوەی، هەستە ڕاستەقینەکانی شاردبووەوە و لە شێوەی زەلامێکی شارستانی شایانی بێت دەریخات، پێی گوت:

– ئۆۆۆ... ئاخیرەکەی! چەند بەوە دڵخۆشم!

نورا باوەشی لێ دا و بە گەرمییەوە ماچی کرد، پاشان بە تەنیشتیەوە لەسەر قەنەفە بەرینەکە دانیشت و باسی تۆنیی بۆ کرد.

تۆنی لاوێکی هێند قۆز نەبوو، لەو جۆرە کەسانە بوو ناتوانیت نازناوی ناشیرینیان پێ ببەخشیت، بەڵام بە هەرحاڵ، پەسەند بوو. ئەوی لە گەنجانی ئەمڕۆی جیا دەکردەوە، شەرمنی و بەڕێزییەکەیەتی، هەروەها ئالوودەی ماددە بێهۆشکەرەکان نەبوو، بگرە مەی هەر ناخواتەوە. زۆری حەز لە موزیکە، گیتار دەژەنێت و هەندێک جاریش گۆرانی دەچڕێت.

بەشی کاربەڕێوەبردنی لە زانکۆی سالزبۆرگ خوێندووە. لە خێزانێکی تا ڕادەیەک خواپێداوە، دایبابی دوو پزیشکی ناسراوی شارەکەن. یەک خەوشی هەیە (ئەگەر ئەوە بە خەوش دابنرێت) قژی دەهێڵێتەوە و نایتاشێت، هەندێک لە نینۆکەکانیشی درێژن، بڕوای بە هیچ یەکێک لە پەیامبەران نییە، وەلێ بڕوای بەوەیە ئەم گەردوونە خوڵقێنەرێکی هەیە، بەڵام ئەوە ئەو نییە پەیامبەران دەنێرێت، تاکو هەواڵی ئەو بە خەڵک بگەیەنن. بە ڕای ئەو پەروەردگار دەکارێت ئەوەی بیەوێت ڕاستەوخۆ بیگەیەنێتە بوونەوەرانی، خودایەک بەم مەزنی و ئاڵۆزیی خۆیەوە بتوانێت گەردوون دروست بکات، چما لای ئەو ئەستەمە فێڵی داهێنانی پرۆسەیەکی ئاسان و باش لە گوزارشتکردندا بکات بۆ ئەوەی بوونەوەرەکانی وەک خۆی دەیەوێت وا بن، بەڵکو لەتوانایدایە لەسەر خواستی خۆی بەرنامەڕێژیی بکات، لە ئاکامدا ئەوی ئێستا گەردوون لەسەریەتی، هەر بە کردەنی ویستی خودایە. نورا دەزانێت ئەگەر ڕۆژێک پیاوەکەی بەمە بزانێت، ڕەنگە هەندێک سڵ بکاتەوە. پێی گوت:

– تۆنییش ڕقی لە عەرەبان نییە!

ئەم ڕستەیەی دوایی بەڕاستی ترساندی، با بڵێین شڵەژاندی، هەرچەندە ژنەکەی وای دەزانی ئەوە لە ئەرێنییەکانە، بەڵام دەروێش، یاخود هاینرش لەودەمی لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە هاتووەتە نەمسا، پێوەندیی خۆی بە هەرچی موسڵمان و عەرەبەوە هەیە بڕیوە. بەڵێ، ئەو بەم دواییە سەفەری زۆری دەکرد بۆ سەردانیکردنی خێزانەکەی لە میسر و سودان، ئەمەشی تەنیا دەخستە چوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانەوە. ڕەنگە

نەیەویێت خۆی تووش بکات و بەرگەی ئەوە بگرێت موسڵمان و عەرەبان لە گشت سووچێکی دنیا لە خێر و شەڕ ئەنجامی دەدەن، بەڵام ئەوەی پێ باش بوو سەرلەنوێ ژیانی دەست پێ بکاتەوە، بێ مێژوو، تەواو بێ هیچ مێژوویەک، ناتوانین گۆڕانی ناوەکەی بۆ هاینرش وا لێک بدەینەوە، کە یەکێکە لە پرۆسەکانی نەهێشتنی مێژووە پڕ لە هۆشیارییەکەی، ئەو بۆیە ئەمەی کرد، چونکە گەر بخوازێت ناوە عەرەبییەکەی بپارێزێت، دەبێت نزیکەی ٥٠٠ یۆرۆ لەبری هەر ناوێک بدات، واتە هەزار و پێنجسەد یۆرۆ ئەگەر بیەوێت ناوی (حوسنی دەروێش جەلالەدین) بێت. ئەمەش ئەگەر توانیی فەرمانگەی کۆچبەران ڕازی بکات کە جەلالەدین یەک ناوە، ئەگینا دەبێت دوو هەزار یۆرۆ بدات. ئەو بۆ شتی تر ئاتاجی پارە بوو، بۆیە بە پێویستی نەدەزانی برە پارەیەکی ئاوا زۆر بەهەدەر بدات، بۆیە هیچ یەکێک لە ناوەکانی خانەوادەکەی نەهێشتەوە، تەنانەت ناوی خۆیشی، یەکەمین ناو بە مێشکیدا هات هەڵیبژارد، ئەویش (هاینرش) بوو. دواتر وشەی (شۆڵز)ی بۆ زیادکرد، کە ناوی خانەوادەی ژنەکەی بوو، ئیدی پشتی لێ کردەوە و بێخەم بوو، چما ناو چ کەڵکێکی هەیە؟ چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان شۆڵز و دەروێشدا؟ خۆ زانایەکی خودان بیردۆز نییە بە ناویەوە تۆمار کرابێت، یان نووسەرێک بێت کتێبی گرنگی هەبێت، یان موزیکژەن، یاخۆ شاعیر بێت، تەنانەت خاوەنی خانەوادەیەک نییە مێژوویەکی هەبێت ئەم بخوازێت هەڵیگرێت. بڕوانامەی زانکۆکەشی کەس لێرە ددانی پێدا نانێت، منداڵیشی نییە تاکو بڵێین لە دەرەوەی ئەم وڵاتە بە میراتی بۆیان دەمێنێتەوە. ئەو هیچ شتێکی نییە بە میرات بمێنێتەوە، کەواتە شتێکی گرنگ بە ناویەوە نییە! کاتێک بە سەردان بۆ وڵاتەکەی دەڕوات، ئەوا بە



newalname.com/kurd

ناوە کۆنە ڕاستەقینەکەی خۆیەوە بانگی دەکەن، ئەوکات ئەگەر ناوەکەی سوودێکی وای هەبێت، ئەوا سوودەکەی بەدەردەکەوێت.

هاینرش حەزی دەکرد لەو شوێنەی پێی دەڵێن (ناوچەی شەڕ) و (سەرهاتی شەڕ) دووربکەوێتەوە، هەروەها لە بۆنەکەشی، ماوەیەکی کەم نییە دەستی بە ژیانی نوێ کردووە، نایەوێت جارێکی دی ئاوڕ لە ڕابردوو بداتەوە، مەگەر بە دوودڵی و گومانەوە.

لێرە وشەی عەرەب هاوتای وشەی موسڵمانە و زۆرێک لە ئەورووپییەکان تێدەگەن هەردوو وشەکە هاومانای سێ وشەی ترن، "دەوڵەمەندیی لەڕادەبەدەر"، "ئەوپەڕی هەژاری" و "توندڕۆیی کوێرانە".

پێی گوت: من زۆر بایەخ بە بابەتی ئایین نادەم.

ئەویش لەودەمی چاوی لە چاو بڕیبوو، بە پێداگرییەوە پێی گوت:

- نا وا نییە، گرنگی دەدەیت، بینیم نوێژت دەکرد، بە لای کەمەوە دوو جاران، جارێکیان هەنگینێ لە دارستانەکە بووین نزیکەی بەر لە بیست ساڵ، جارێکیش پێش دوو مانگ، ئەودەمی لەسەر ڕۆخی ڕووبارە بچووکەکەی ڤایسباخ بووین.

هاینرش کاتێک خۆی لە تەماشاکردنی بزەخەنەی بچووکی سەرکەوتن دەپاراست، کە پەیتا پەیتا لەسەر زاری نورا دەخەملی، پێی گوت:

- بەڵێ، دوور نییە بمبینی چەندپاتی بکەمەوە. هەندێک جار هەست دەکەم قەرزاری پەروەردگارم، بەتایبەت هەینێ جوانیی سروشت دەبینم، لەودەمەدا لەوێ دەیبینم، بۆیە نوێژەکانی من

جگە لە "سڵاوی سوپاس و پێزانین" زیاتر نین! تایبەت نین بە ئایینێکەوە و مەبەستیش لێی هیچ کەسێک نییە.

لەهیکڕا نورا پرسیارێکی لێ کرد، چاوەڕوانی نەدەکرد:

- ئایا تۆ تاکو ئێستا هەر بە موسڵمانی ماویتەوە؟

بە زەردەخەنەوە بەرسڤی داوە: بەڵێ.

ئێستا دەتوانین تەمەنی هاینرش بە شەست ساڵ بخەمڵێنین. ئەمەش بە پشتبەستن بە پزیشکی ددان و دۆکیۆمێنتەکانی نووسینگەی کار. ئەو بڕوانامەی لەدایکبوونی نەبوو، ئەوەی سەبارەت بە مێژووی لەدایکبوونەکەی بیزانێت، قسەکانی دایکی بوون، کە ئەم پێش جەنگی فەڵەستین لەدایک بووە، ئەو شەڕەی لەنێوان جوولەکە و عەرەبدا ساڵێکی ڕەبەقی خایاند، هەڵبەت مەبەستی جەنگی ١٩٤٨ بوو، دووریش نییە مەبەستی ئەو شەڕانەی بەر لە جەنگی ٤٨ بووبێت، یان دوای ئەو مێژووە، یان دەستدرێژییە سێقۆڵییەکەی سەر میسر بێت لە ١٩٥٦، یادەوەریی ئەو پڕە لە جەنگی زۆر، هەندێکیان هێشتانەکینێ نەقەوماون، هەندێکیشیان دوای بیست ساڵ لە مردنی دایکی ڕوویان دا، گەلێکیشیان تەنیا چیرۆکن و دایکی لە داپیرەکانیەوە بیستبوونی.

هەڵبەت هاینرش بەمەی دەزانی، بەڵام بەخۆی بڕیاری دا لە ١٩٤٧/١/١دا هاتووەتە دنیاوە، بە پلەیەکی بەرز پزیشکی ددان پشتگیریی کرد، بەم بۆنەیەوە بڕوانامەیەکی بۆ کرد، یەکەمین جار پێشکەشی زانکۆی کرد، ئینجا نووسینگەی کار، ئیدی بۆ دیاریکردنی مێژووی فەرمیی لەدایکبوونی، پشتی پێ بەست. ئێستا لە سۆنگەی ئەو بڕوانامە ڕاستینە و بەیەکجاری نادروستە، مووچە وەردەگرێت، چونکە تەمەنی کردەنیی ئەو

شتێکی تره، ڕەنگە هاینرش دوای ئەو مێژووە بە چەندین، ساڵ لەدایک بووبێت، واتە بە وردی ١٩٥٦/١٠/٣٠.

بێگومان کاری بە بڕوانامەی خەملاندنی تەمەن نەکرد، کە دایکی وەختی چوونە قوتابخانەی لە سودان بۆی دەرکرد، تێیدا هاتووە ئەو لەدایکبووی ١٩٥٠/١/١یە. ئەگەر ئێمە ئێستا لە ساڵی ٢٠١٣ بین لە مانگی مەی، ئەوا تەمەنی ئێستای ٦٣ ساڵە. ئەمەش گرنگ نییە، چونکە جگە لە وتیار"ی هەمووشتزان" کەس بەو ڕاستییە نازانێت، هەڵبەت زۆری پشت پێ نابەستێت، جگە لەوەی ئەوی خوێنەران لە لاپەڕەکانی داهاتووی ڕۆمانەکەدا تێبینی دەکەن، کە هاینرش چالاکی و کاری بچووکتر لە تەمەنی ڕاگەیەندراوی خۆی دەکات، بگرە مووچەی فەرمی لە حکوومەت وەردەگرێت و لە هەمان کاتیشدا لە کۆمپانیای شیرەمەنی کار دەکات و ٢٥ سەعات لە هەفتەیەکدا چاودێریی پڕکردن دەکات، لەگەڵ مانەوە بە تەندروستیی باش، ئەوی لە تەمەنی ڕاگەیەنراو و ڕاستەقینەی ئەودا بێت، ئیرەیی پێ دەبات. لەوەدەمی لە ١٩٩٢/١/٣ەوە هاتووەتە نەمسا، تەنیا دوو جاران چووەتە لای پزیشک، جاری یەکەم بەزۆر بوو، کاتێک نووسینگەی کۆچ بۆ پشکنینی گشتییان برد، جارەکەی تریش بۆ لای پزیشکی ددان ڕۆیشت بۆ ڕزگاربوون لە ددانە کلۆرەکەی. هەرچی پزیشکی مرۆیی بوو، تاکو ئەمڕۆ بۆ جارێک چییە بە ویستی خۆی سەردانی نەکردووە (باسی ڕۆیشتنەکانی بۆ لای پزیشکی ڤیتێرنەری لەگەڵ دایە شۆڵزدا ناکەین، گەلێک زۆر بوون، ئەمەش بەپێی پیشەکەی، کە گووپێکەری سەگان بوو).

هاینرش بە دەگمەن نەبوایە، سواری هۆیەکانی گواستنەوە نەدەبوو، واتە گەر بیویستبایە بۆ شارێکی دوور سەفەر بکات،

ئەوا بۆ دوور و نزیک پایسکیلی بەکار دەهێنا، هەروەها دوای ئەوەی لە ٣٠ی دیسەمبەری ١٩٩٥دا میمیی کچە تاقانەیان بوو، پایسکیلێکی تایبەتی کڕی، لە دواوە کورسییەکی نەرمی هەبوو، چەندێک گەورەتریش ببوایە، پایسکیلەکەی دەگۆڕی، بە شێوەیەک ئەویش بگرێت.

لەبەر ئەوەی نورای هاوژینیشی بڕوای بەوە بوو پایسکیل باشترین ئامرازە بۆ گەڕان، زەحمەتییەکی وای نەدۆزییەوە لەوەی لە گشت شتێکدا پشت بە پایسکیل ببەستێت. کاتێکیش کچە چووە قوتابخانەی بنەڕەتی، پایسکیلی خۆی هەبوو، وەکو پەندە عەرەبییەکە دەڵێت "قازان قەپاغی خۆی دۆزییەوە".

هەروەها جەستە تەندروستە وەرزشوانییە ڕێکەکەی بۆ ئەو پایسکیلە دەگەڕاندەوە. لەم بارەیەشەوە حەزی بۆ ئیشکردن و زووهەستان لە خەوی، بیر نەچوو، وەلێ وایشی دەبینی زۆر نەخواردنەوەی بیرەش بوو تاکو ئەم تەمەنە درێژە ڕاگەیەنراو و ڕاستەقینە ناڕاگەیەندراوەی (تا ئاستێک کەمتر) جەستەیەکی پێ بەخشی، تا ڕادەیەک لە ورگ خاڵی بوو.

بەمە، خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێت بزانێت ئەمڕۆ کۆتایی هەفتەیە، چونکە تاقە ڕۆژە هاینرش لە ماڵەوەی بەسەردەبات. هەرچییەک ڕوو بدات لە ماڵەوە، دەرناچێت. دەتوانێت بە هەر فێڵ و ڕێگەیەک بێت، بمێنێتەوە. ئەو هەرگیز خۆی نەخۆش ناخات، فەرموودەیەکی پێغەمبەری بیر ناچێت، کە ئاگەدارمان دەکاتەوە لەوەی بە درۆ خۆمان نەخۆش بخەین، ئەزبەری کردووە: "خۆتان نەخۆش نەخەن دوایی نەخۆش دەکەون و دەمرن".

بەڵام ڕەنگە بە ڕوونی و ئاشکرا بڵێت زۆر شەکەتم و پێویستم بە حەسانەوەیە. هەرچەندە نورای ژنی و کیژەکەی بە

حەزی مانەوەی ئەویان زانی، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر قەناعەتی تەواویان نەبوو و ئەو حەزەی ئەویان پشتگوێ دەخست، ئەویش مکوڕ بوو لەسەر مانەوەی لە ڕۆژی یەکەمی مۆڵەتی کۆتایی هەفتەدا لە ماڵەوە، پاشان خێزانەکە هەموو پێکەوە تووشی پەتای لەماڵمانەوە هاتن. ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا کچە لە ماڵە، وەلێ بە هەر هۆیەکەوە بێت لە ژوورەکەی خۆیەتی، یان ڕەنگە بۆ ئەوەی بێت کاتی تەواو بە دایکی بدات، تاکو گۆڕانکارییە جوانەکان بە باوکی ڕابگەیەنێت. ئەو گۆڕانکارییانەی بۆی باس کرد، یاخود کاری پێویست بۆ پێشوازیی خۆشەویستەکەی دەکات.

دایکی گوتی:

– دەروێش (هەمیشە حەز دەکات بەو ناوەوە گازی بکات، چونکە دەزانێت ئەو ئەمەی پێ خۆشترە، هەرچەندە "ڕێ" بە دەنگێک دەردەبڕێت، نزیکترە لە پیتی "غێ"وە. هەندێک جار تەواو بە غێ دەریدەبڕێت، ناوەکە لەسەر زاری دەبێتە "دەغوێش"، هەڵبەت ئەویش پێی خۆشە ئاوا ناوی بهێنێت. ئەو ڕۆژانەشی دەروێش بەتاسەوەیە بۆی، ئەوا ئەو غێیە بە چێژێکی ئەفسوونئامێزەوە ختووکەی دڵی دەدات) ئەمڕۆ تۆنی سەردانمان دەکات.

بە هەڵچوونەوە گوتی: چیی دەوێت؟

ئەویش بە ساردییەکەوە گوتی: میمی داوەتی کردووە.

– باشە چۆن میمی بێ ئاگەداریی ئێمە داوەتی دەکات، جگە لەوەی ئەمڕۆ کۆتایی هەفتەیە و خۆمان بۆ هاتنی ئامادە نەکردووە؟

– لە ڕاستیدا بە مانا ناسراوەکەی داوەت، داوەت نییە. تەنیا سەردانە! پێویست بە هیچ ناکات. میمی دەخوازێت تۆنی

newalname.com/kurd

بەتایبەت تۆ بناسێت. داوەتەکە (وەکو میمی پێی گوتم لەخۆوە ڕووی دا) پلانیان بۆ دانەڕشتبوو، بە تەلەفۆن قسانیان دەکرد، لەپڕ ڕێککەوتن تۆنی بێت، ڕەنگە ئەمەش کاتێکی زۆر نەبات، وا بزانم کارێکی شیاوە هەندێک وشە لەگەڵ برادەری کچەکەتدا بگۆڕیتەوە، من بەخۆم چەندین جار بینیومە، خواردنێکی خێراتان بۆ دەکەم، پاشان ئەوان هەردووکیان پێکەوە دەمێننەوە، ڕەنگە پێویستیان بەوە بێت پێکەوە بن، من و تۆش تەنیا ئەوەندەمان لەسەرە وەکو دایبابێکی باش بە بەختەوەریی کچە تاقانەکەمان دڵخۆش بین.

ڕستەکانی ڕێک نەبوون، هەستت دەکرد شڵەژانی پێوە دیارە، ئەویش هەستی بەوە کرد ژنەکەی سروشتی نییە. نورا بە دەنگێکی پڕ لە هێمنی و ناسکییەوە بە گوێیدا چپاند:

- دوور نییە ئەوە شەوی یەکەمی کچەکەمان بێت!

وەکو یەکێک دووپشک پێوەی دابێت، گوتی:

- مەبەستت چییە لە شەوی یەکەمی؟!

بەدەم نزیکبوونەوەوە لێی، گوتی:

- ڕەنگە بیکەن.

- چی بکەن؟

بەدەم بزەخەنەوە گوتی:

- چوزانم، ئەوەی حەزیان لێیە بیکەن. ئەوان ئازادن، لە تەمەنێکدان ڕێگە دەدات ئەوە بکەن کە گونجاوە بۆیان.

هەندێک بێدەنگ بوو و کەوتە بیرکردنەوە.

باشە، هەست دەکەم وتیار حەزی لێیە کەمەک لە گێڕانەوە بوەستێت. ئەمەش گرفتی ڕۆمانی ئەم ڕۆژگارەیە، دوای ئەوەی گێڕەرەوان، ئەوانەی لە ڕابردوودا کارەکتەری کاغەزینی دەڵەمەیی، دروستکراوی خەیاڵدانی نووسەران بوون، توانییان



hewalname.com/ku

کۆنترۆڵی چارەنووسی کاری گێڕانەوە بکەن، ئیدی قسە و بۆچوونی خۆیان دەبێت. کەلتووم فەزلولا (یەکێک لە هاوەڵە نووسەرەکانم) بۆی گێڕامەوە، گێڕەرەوەیەکی بەد لە ڕۆمانە نوێیەکەیدا شەڕی پێ فرۆشتووە. بێگومان بڕوام پێ نەکرد. زۆر جار شتەکان لای کەلتووم تێکەڵ دەبن، ئیدی هێڵە جیاکەرەوەکانی نێوان واقع و خەیاڵی لا ون دەبن. بەڵام من ئەمەم بە تەواوی بەدوور نەگرت، پێدەچێت گێڕەرەوان (بەتایبەت گێڕەرەوەی هەمووشتزان و گێڕەرەوەی پشتەوە و ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک) دەسەڵاتیان لە سەرووی دەسەڵاتی نووسەرەوە بێت، کە لە کۆندا خۆی بە خوڵقێنەری کردەنیی تێکست و دەسەڵاتداری ڕەها بە چارەنووسی کارەکتەر و ئامرازەکانی گێڕانەوە دادەنا، کە لە پێشی پێشەوە گێڕەرەوە خۆیەتی، ئەمەش وای لە نووسەران کرد زۆرێک لە فێڵە بۆماوەکانیان، بگرە هەندێک جار ڕێز و توانای خوڵقاندن و داهێنانیان لەدەست بدەن.

کەواتە، لەسەر خواستی وتیار لێرەدا هەندێک دەوەستین، ئەوجا دەمانباتەوە سەر ئەوەی لەم ساتانەدا بە مێشکی دەروێش، یان هاینرشدا دێت، هەروەها چۆن خەیاڵی تەنگی پێ هەڵچنی و هێنای و بردی.

بەڵام بەرلەوە، سوودبەخش دەبێت گەر ئەوە ڕوون بکەینەوە، هاینرش بزەیەکی پان بە لێوەکانیەوە بوو، چون لە هۆش خۆی چووبێت، یان بە خەواندنی موگناتیسی نووستبێت، قسانی دەکرد. قسەکانی ئەوەیان دەگەیاند کە زۆر دڵخۆشە، نورای ژنیشی لەمە تێگەیشت.

شەوەکە بە نیوەمانگەکە ڕووناک بووبووەوە، درەختە چڕەکانیش بە سێبەرەکانیان شەوەکەیان نیمچەتاریک دەکرد.

خەڵکی ئاواییەکە بەخدێی خۆیان زوو دەنووستن، تەنیا سەگەل نەبێت، تا شەودرەنگان دەمانەوە. کەسیان پێشبینیی ئەوەیان نەدەکرد کەسێک لە خێزانەکەیان لە دەرەوەی جێگەکەی بێت، مەگەر لە سەفەر بووبێت و درەنگ گەڕابێتەوە، یاخود بە بۆنەیەکەوە لە ئاهەنگ بووبێت. ئەو بۆنانەی بەتایبەت لەم وەرزەدا لە گوند دەکران، زۆر بوون، واتە وەرزی دوای دوورینەوەی گەنمەشامی.

بەڵام بەپێی ئەو دۆخە دەروونییەی دەورێش پێیدا تێدەپەڕی، ئاتاجی گرێچنی درامیی باش نەبوو، پاساوی دەرچوونی کچەکەی بەم ئێوارەیە و مانەوەی تاکو درەنگانی شەو لە دەرەوەی ماڵ بداتێ، بەڵکو پێویستی بەوە نەبوو خەیاڵی ئاهەنگی دێهاتییانەی دڵخۆشکەر لە لایەکی گوند لای هەندێک لە خزمان بکات.

کچە ڕۆیشت بۆ ئەوێ و درەنگ هاتەوە، یاخود هەر فێڵێکی گێڕانەوەی تر. زۆر جار بەوە خۆی وەسف دەکات زانستییە و خەیاڵێکی دیاریکراوی هەیە، بۆیە ئاوەزی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەگەڕکەوت:

میمیی کچی بەو ڕێگەیەی بەناو کێڵگەکاندا تێدەپەڕێت، پیاسە دەکات. مانگەکە (وەکو لە بەرایی ئەم بڕگەیەدا ناومان هێنا) نیوە بوو، درەختە بڵندە دڕکدارەکانیش لەملا و لەولای ڕێگەکە ڕیزیان بەستبوو، دەتگوت سەربازی ئەفسانەیین، پاسەوانیی هاموشۆکەران دەکەن. لەنێوانیاندا دڕکوداڵ و قامیش و هەندێک گیای وردی وەرزیی نەشونما دەکەن، لەژێریاندا مشکان لانە دەکەن و بە شەوان بەگەڕ دەکەون. ئەودەمی ڕێگەکان چۆڵ دەبن، لەوانەی ئەگەر بەرچاویان بکەون ڕاویان دەکەن.

لە گوند کەس مشک ناخوات، بەڵام کەسیان بەرگەی چێژی کوشتنی مشکان ناگرن، ئاخر لە گشت حاڵەتەکاندا دوژمنە و زیانبەخشە بە کشتوکاڵ و موڵکوماڵی کەسێنی. لەناو دانیشتواندا وا باوە، مشک هۆکاری سەرەکیی نەخۆشیی تاعوون و ڤایرۆسی جگەرە، ئەوی پێی دەڵێن زەردوویی.

ئەو شوێنەی خەیاڵی کرد، هەر بەڕاستی لە گوندەکەیدا بوونی هەبوو، واتە ئەرکی زۆری نەکێشا بۆ بەدواداناردنی. لێرەدا لەسەرمانە ڕوونکردنەوەیەک بدەین، لەم شوێنەدا (کە ئێستاکێ کچەکەی پێیدا ڕێ دەکات) چەند یادەوەریی زۆری هەن، هەندێکیان جوان و هەندێکیشیان لە دڵیدا خۆش نەبوون. ئەو هەمیشە ئەو ئەزموونە تاڵە بەدڵدانەچوانە لە بیر دەکات، دوور نییە جوانەکانیان لای خۆی بپارێزێت، وەلێ گێڕەرەوەی هەمووشتزان (وەکو ئێستا لەم ڕۆمانەدا) بە ڕووداوێکی گرنگ دەزانێت لەم شوێنە بەسەر دەروێشدا هاتووە، دەروێش بە تەواوی لە بیری چووەتەوە، ئەگەر ڕۆژێک بە دڵیدا هات، هەینێ یادگە گەمە بچووکەکانی بەسەر مرۆڤەکاندا دەخاتە گەڕ و باری قورسیی خۆی دەخاتە سەر شانیان، ئەوا وا بزانێت ڕووداوێکە بەسەر کەسێکی دیکەدا هاتووە، لە دوور و نزیک هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نییە. کچەکەی بە پەلە ڕێ دەکات، وەک ئەو کەسانەی کاتێک بە تاریکی لە شوێنە مەترسیدارەکاندا ڕێ دەکەن و دەم نا دەمێک ئاوڕ دەدەنەوە، پاشان ڕێگەیەکی لاچەپ دەگرێت، کە گوندییەکان بە شەوان خۆیانی لێ دەپارێزن. ئەوەش هەمان ڕێگەیە، کە بەر لە سی ساڵ خۆی تێدا بینییەوە، کابرایەکی بێگانەی لێ کوژرابوو، پاشان دەرکەوت برا هەرە بچووکەکەی کوشتوویەتی، لەبەر

hewalname.com/ku

هۆیەک هەموو گوند پێیان دەزانی، تەنیا گێڕەرەوەی هەمووشتزان نەبێت.

بێگومان بە پۆلیسی ڕانەگەیاند، تاکو خۆی لە پرسیاری نیازخراپانەی پۆلیس بەدوور بگرێت، هەرچەندە هەر کاتێک بێت هەواڵەکە هەر دەگات، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ یەکێک لە خەڵکی گوند، نەیکرد. کابرا بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە. سەگ و پشیلەی بەرەڵا کەوتبوونە گیان تەرمەکەی، داڵ و قەلەڕەش دەنووکیان تێژەندبوو، تاکو بۆگەنی کرد، پاشان شی بووەوە، دواتر تەنیا ئێسکوپرووسکی مابووەوە. دوای ئەوە با و باران و حەکایەت و تێپەڕینی کات، ئەوی مابووەوە لە شوێن و کاتدا پرژوبڵاویان کردەوە، ئیدی ئەو ڕێڕەوە تەنگە بە "ڕێگەی پیاوە کوژراوەکە" ناسرا.

دەرویش ئێستا وای دەبینێت ئەم چیرۆکە جگە لە یەکێک لەو ئەفسانانەی ئاوەزی بەکۆمەڵی خودان خەیاڵی بەپیت دەیخوڵقێنێت، هیچی تر نییە، وەلێ ئا لێرەدا گێڕەرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بەڕاستی ڕووی داوە. ئەگەر چیرۆکی ئەم پیاوە کوژراوە بابەتی گێڕانەوە نەبوایە، ئەوا گێڕەرەوە بەرەنگاریی دەکرد لە هێنانەوەی ئەو بەڵگانەی بۆچوونەکەی بە شێوەیەکی هونەریی قایلکەر بۆ خوێنەر، بەڵکو بۆ ڕۆماننووسەکە خۆیشی پشتڕاست دەکەنەوە، چونکە نووسەری ڕۆمان بە لای باوەڕی دەرویشی پاڵەوانی سەرەکیدا لادەدات، بۆیە گومان لە ڕوودانیان دەکات.

میمی کیژێکی سپیکەلانە بوو، وەک دایکی نەبوو، لە ڕەنگی باوکیشی نەبوو ڕەشتاڵە بێت، لەسەر شێوەی کچە هاوەڵەکانی لاواز بوو، دوو لێوی پڕی هەبوون، یاخود وەکو هەندێک لە گێڕەرەوان پێیان خۆشە بڵێن: "چەشنی دوو گێلاسی گەورە"،

ئەو شتەی لە دەستەخوشکانی جیادەکاتەوە و لە زۆرێک لەوانەی دەوروبەری جوانتر دەنوێنێت، بالآیەکی بەرز و قژێکی قەترانی، بەڵام لێرەدا لە ڕەنگی ئەو بوو، واتە قاوەیی تێر. دیشداشەیەکی لادێییانەی جوانی لە بەر کردبوو، قژە کورتە زێڕینەکەی بۆنی عەترێکی خۆماڵیی لێ دەهات، نزیکتر بوو لە بۆنی یاسەمینەوە. ئێستا ئەو بە بۆنەکەی کاس بووبوو.

کاتێک کچە گوێی لێ بوو بانگی دەکات، پێی لێ هەڵگرت، بۆ دواجار ئاوڕێکی دایەوە، ئەوجا بەرەو دەنگەکە ڕۆیشت، ترپەکانی دڵی پتر دەبوون، ناولەپی ئارەقەی کرد، هەستی بە خۆشییەک دەکرد، سەرتاپای گرتبووەوە. هەر خانەیەک لە خانەکانی جەستەی داگیر دەکرد، تێکەڵەیەک بوو لە ترس و هەستکردن بە ئاسوودەیی، ئەو هەستە شێتانەیەی ئافرەت دەگرێتەوە، هەینێ یەکەمین جار بە تەنیا لەگەڵ پیاودا دەبێت، ئێوارانێکی نیوەمانگ لەو کۆڵانەی گژوگیای وەرزیی لەملا و لەولای شین دەبن، لە شەقامە گشتییەکە جیابووەتەوە، ئەوی دێهاتییەکان پێی دەڵێن "ڕێگەی پیاوە کوژراوەکە".

دەنگی نورای ژنی پەتی خەیاڵی پچڕاند، لێی پرسی داخۆ ئارەزووی قاوەخواردنەوەی هەیە؟ بە یەک وشە بەرسڤی داوە:

- شناپ.

بە سەرسامییەوە گوتی:

- شناپ بە ڕۆژ دەخۆیتەوە؟! چیتە؟

وەکو یەکێک بەدەم خەوەوە بێت، گوتی:

- بەو بۆنە خۆشەوە دەیکەمە ئاهەنگ.

لەودەمی بەرەو دۆلابی خواردنەوەکان دەچوو، گوتی:

– منیش هەندێکت لەگەڵدا دەخۆمەوە. ئەمڕۆ ڕۆژێکی ئاسایی نییە، با کەمێک سەرخۆش بین.

دەمانەوێت لێرەدا شتێکی تر ڕوون بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە هاینرش لە کاردانەوەی ژنەکەی و کچەکەی دەترسا و لەو باوەڕەدایە هیچ کات سڵ ناکەنەوە لەوەی تووڕی بدەنە سەر شەقامەکە، دوور لەوماڵەی تەنیا هیی خۆیەتی، ئەمەش تەنها بیرکردنەوەی ئەو نەبوو، هەر بەڕاستی پێش پێنج ساڵ ئەمە ڕووی دا، ئەودەمی تووڕەیی گرتبووی (بێگومان ئەوە دوامین جار بوو)، بە پشتەدەستی کێشای بە ڕوومەتی کچەکەیدا، دایکە هەر ئەوەندەی بۆ کرا داوای پۆلیسی کرد، کە دەمودەست بەرەو گرتیگەیان برد و تا ماوەیەک لە نزیکبوونەوە لە ماڵەکەی بێبەرییان کرد.

دوای دوو هەیڤ گەڕاندیانەوە. ساڵێکی ڕەبەق خستیانە بەرنامەی بەدواداچوونی توند و زەحمەتی دەروونییەوە، ئیدی وای لێ هات بڕوای بە ڕاستیی ئەو گوتەزا بەناوبانگە هێنا، داخۆ مافدارێتیی پەنادان بۆ کێیە؟ وەکو ئەمەی خوارەوە:

"یەکەم منداڵان، ئەوجا ئافرەت، پاشان سەگ ئەگەر لە ماڵەوە هەبێت، یاخود پشیلە ئەگەر سەگ نەبێت، دواتر پیاو".

سوپاس بۆ خودا نە سەگ و نە پشیلەیشیان لە ماڵەوە هەبوو (لەو دوو سەگە ڕزگاری بوو، کە لە خوالێخۆشبوو خاتو لودیا شۆڵزی خەسووی بۆی مابوونەوە. ئەودەمی وەکو گووپێکەری سەگان کاری لای دەکرد، ئەوە بوو دوای مردنی، یەکسەر بە پەناگەی ئاژەڵانی بێخاوەنی ماڵیی سپاردن)، هەروەها ئەو وەکو کابرایەکی بیانیی گومانلێکراو لە ڕەوشت و پلەی "چوونە ناو کۆمەڵگەوە" و ئەو گومانانەی دەوریان دابوو، لەم دۆخەدا، بۆ نموونە جێگەیەک لەدوای ئۆتۆمبێلەکە

دەگرێتەوە. بەڵام لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، دەزانێت نورا خۆشی دەوێت، هەروەها کچەکەشی زۆری خۆش دەوێت، ئەمیش هەر خۆشی دەوێن، بەڵام یاسا ئەو شتانە لە بەرچاو ناگرێت، بە شێوەیەکی میکانیکی کار دەکات و چاوی لە شتە بەرچاوەکانە، هەروەها لەسەریەتی ڕەوشتی وەرگیراوی ئەورووپی بپارێزێت، کە دوای ساڵانێکی زۆر لە خەباتی مرۆڤەکان دژ بە ستەمکاری و جیاکاریی دژ بە ئافرەت و دەستبەسەرداگرتنی ئازادییە تاکەکەسییەکان و هیی تر، بەدەست هاتوون، یاخۆ وەکو ئەو وانەیەی ڕابەرە کۆمەڵایەتییەکە پێی دا، گوتارێکی درێژ و وەڕسکەر و دووبارە، بەڵام زۆر شێلگیرانەیە، بۆیە ئەگەر بیەوێت خێزانەکەی لەدەست نەدات، دەبێت ئەزبەری بکات.

شتێکی تر هەیە شایانی گرنگیپێدانە، ئەویش کەسایەتیی نورای ژنێتی. بەپێی مێژووی ژیانی، کە ئەم باش دەزانێت (پاشان گێڕەرەوە بە دوورودرێژی دەچێتە سەری) دەبێت ئاگەداری بکاتەوە و پشت نەبەستێت بە هاوسۆزی و سۆز و باشتێکەڵبوون و ئاکاری باش. لە ناخیدا بڕوا ناکات مرۆڤ ئاوا بەم خێراییە سەیرە لە ئاوارەیەکەوە بۆ سەقامگیرێک بگۆڕێت. کارەکە لای ئەو لە چاوترووکانێکدا گۆڕانی جەنگاوەرێکی گۆرێلایە بۆ سیاسییەکی شارستانی. وەکو چۆن بەسەر نورای ژنیدا هات. دڵی پێی دەڵێت کارەکە نائاساییە، یان زۆر لە مرۆڤەکان ناگات، یاخود مرۆڤی ئەورووپی بنیاتێکی دەروونیی هەیە، جیا لەوەی لەبارەی مرۆڤەوە بەگشتی دەیزانێت.

نورا لەودەمی پەرداخێک شناپی دڵۆپێنراو لە گولیلکی هۆڵۆندای بە دەستەوە بوو، (هەمیشە ئاوای بەدڵ بوو) گوتی:

- دوای پێنج خولەک تۆنی لێرە دەبێت. سەعات دە دەگات.

بەرلەوەی وەڵام بداتەوە، کچەکەی ڕوو لە گەرماوەکە، بەپێشیدا ڕەتبوو. ئەمرۆ شتێکی جیاوازی تێدا بەدی نەکرد، وەلێ هەندێک لە جووڵەکانیدا خێرا بوو (یاخود ئەو وای وێنا کردووە)، کراسێکی نوێی جوانی کورتی لە بەردا بوو، پێشتر نەیبینیبوو، لای سەرەوەی سینگی تەواو ڕووت بوو. هەندێک تەماشای کرد، پێش ئەوەی لە دالانەکەی دەیبردە سەر گەرماوەکە ون بێت. پەرداخەکەی یەکبین نا بە سەرەوە، داوای پێکێکی تری کرد، پاشان سەری وەسووڕان، کەوت.

وەکو هەریەکێک لە خەڵکی گوند، سەری نایە سەر سەرینەکەی بخەوێت، کەچی لە دەنگی ئامۆزاکەی (ئەلئەمین ودلنور) لای سەریەوە هاواری دەکرد، بێدار بووەوە، داوای لێ کرد خێرا هەڵستێت. لە چەند چرکەیەکدا و بە وشەیەلێکی دیاریکراو و تیژ، وەک چەندین سەدە بێت ئامادە کرابن، ئیشەکەی پێ گوت، بۆ ئەوەی لە بۆنەیەکی قورسی وا لەسەر دڵدا بگوترێن. هێند بەدوایدا نەچوو، تەنیا چووە ژووری کچەکەی، کە لە بەشەکەی تری ماڵەکەدا بوو. چراکەی هەڵکرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی هەر بەڕاستی لەوێ نییە، بینیی جێگەکەی خاڵییە، هەروەها پێڵاوەکەشی نەبینی. ئینجا بلەز بەو شوێنەدا تێپەڕی کە ژنەکەی لێی دەنووست، ئەو ژوورە بچووکەی دەکەوتە نێوان ئاشخانە و ژووری کچەکەیەوە. گوێی لە پرخەی بوو، ئەمەش خوویەک بوو، پێش چەند ساڵێک دوای ئەوەی تووشی ڕووداوێکی بچووک بوو و لووتی بریندار بوو، بۆی مایەوە. گەڕایەوە سالۆنەکە، لەو شوێنەی ئەلئەمین بە دوو چاوی لەتووڕەییان سوورەوەبووی پڕ لە فرمێسکی گەرمی بەردینەوە، چاوەڕوانی بوو.

وێڕای ڕووناکیی کزی ژوورەکەی، توانیی ئەو تووڕەییەی ئامۆزاکەی و کاریگەریی بە ڕووداوەکەوە بەدی بکات، کە پێویست بوو لەو ساتە جیاکەرەوەیەی ژیاندا ڕووی ئاوا بنوێنێت. ئاخر نامووسی خانەوادە نوقمی قوڕ دەبێت، ئەو ئابڕووچوونەی تەنیا خوێن پاکی دەکاتەوە، تاقە ڕستەیەکی بە پەلەی گوت، چون قسە بۆ هەموو جیهان بکات، کە نها چاویان تێبڕیوە و چاوەڕوانی پەرچەکرداری بوێرانە و مێژوویی، بەتایبەت لەو دەکەن و لەم ساتەشدا: هەردووکیان بە زیندوویی دەنێژین.

کاتێک کێردە گەورەکەی لەژێر سەرینەکە دەرهێنا و لایتەکەی بە دەستەوە گرت، بە بێدەنگییەکی ڕووکەش و هاتوهاواری توند لە ناخی هەردووکیاندا، بە غاردان بەرەو ئەو کۆڵانە دەرچوون، کە گژوگیای وەرزیی لەملا و لەولای شین بووبوون، ئەوی لە شەقامە گشتییەکە دەبێتەوە و گوندییەکان بە "ڕێگەی پیاوە کوژراوەکە"یان ناودەبرد.

## گووپێکەری سەگان

گێڕەرەوە ئێستا حەزی خۆی دەرخست بگەڕێتەوە سەر ڕستەیەک لە بەشی یەکەمدا هاتووە و ڕاگوزەر بەسەریدا تێپەڕیوە، ئێمە لێرەدا وەکو خۆی دەیگوازینەوە:

لەو دوو سەگە ڕزگاری بوو، کە لە خوالێخۆشبوو خاتوو لودیا شۆڵزی خەسووی بۆی مابوونەوە، ئەودەمی وەکو گووپێکەری سەگان کاری لای دەکرد، دوای مردنی، یەکسەر بە پەناگەی ئاژەڵانی بێخاوەنی ماڵیی سپاردن.

لە ڕاستیدا لێرەدا وشەیەک هەیە گەلێک پشێوی دروست دەکات، ئەویش وشەی "گووپێکەر"ـە، سەرچاوەکەشی "گوو"ـە، لێرەدا بۆ مانای دەقاودەقی خۆی بەکاری دەهێنین، واتە ئەو کەسەی سەگان دەباتە دەرەوەی ماڵ بۆ ئەوەی پیاسەی پێ بکات و گووی پێ بکات، پاشان گووەکەی هەڵدەگرێت و دەیخاتە کیسەیەکی نایلۆنەوە و فڕێیدەداتە شوێنی تەرخانکراو بەوە، ئەویش سەبەتەی ئاسن یان پلاستیکە، لەملا و لەولای ڕێگەکان بە ستوونەکانەوە هەڵواسراون.

زۆر جاران خاوەن سەگ خۆی ئەم کارە دەکات، کە خۆشی و چێژ لە ڕێکردن لەگەڵ سەگە خۆشەویستەکەیدا دەبینێت، هەروەها ئاسوودەیی دەروونیی لە ئەنجامدانی بەو ئەرکە لە ئاست ئاژەڵەکەی، کە گەلەک جاران لە شوێن

نزیکترین هاوەڵێتی و لە گەلێک دۆخیشدا تاقە خۆشەویستیەتی، وەکو چۆن لای "ئەدۆڵف هیتلەر" وا بوو، وەلێ لێرەدا گوزارشتی گووپێکەری سەگان مەبەست لێی شتێکی کەمێک جیایە، واتە وەکو ئیشێک تایبەت بێت بە بەڕێز هاینرشەوە بەکاردێت، ئەو کاتێک بۆ نەمسا هات ئەم کارەی کرد، بەو پێیەی یەکەمین ئیش بوو بە ئاسانی هاتەدەست، هەڵبەت ئەمەش بۆ زەلامێک وێنەی سەگ لای ئەو ئاژەڵێکی گلاوە و دەبێت خۆی لە دەستلێدانی بپارێزێت، کارێکی ئاسان نەبوو، ئەی ئەو کاتە چۆن گەر پیساییەکەی هەڵبگرێت و تووکەکەی شانە بکات و بە دەوریدا بێت؟!

لەو ڕستەیەدا ناوی خاتوو "لودیا شۆڵز" هاتووە. بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەم ئافرەتە باشە بکەین، پێویستە هەندێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، مەبەستم ئەوەیە گێڕەرەوەی هەمووشتزان پێمان بڵێت چۆن حوسنی دەروێش جەلالەدینی دەرمانساز لە ئەسیوتی سەعیدی میسرەوە گەیشتە شاری سالزبۆرگی نەمسا، هەروەها ئەو ڕەوشە نامۆیەی لە وڵاتی ئاوارەییدا خۆی تێدا بینییەوە. مەبەست لێرەدا پاساوهێنانەوەیە بۆ کارەکەی وەکو گووپێکەری سەگان لای خاتوو شۆڵز، پتر لەوەی گەمەی "فلاشباک" بێت، گێڕەرەوە چێژی لێ ببینێت، لەگەڵ دەستتێکەڵکردنێکی کردەنی و بەرچاو لە لایەن دانەرەوە.

پێش بیست ساڵ، واتە دوای ئەوەی لە کۆلێژی دەرمانسازیی زانکۆی ئەسیوت لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا بە پلەی نایاب دەرچوو، دەروێش ئەو ماوەیەی لە دەرمانخانەیەکی حکوومی لە نەخۆشخانەیەکی ناوچەیی بردەسەر، ئەوە بوو بە کەسێک گەیشت دوای گفتوگۆیەکی

زۆر کورت، کە هەرگیز لە بیری ناچێت، سەرتاپای ژیانی بە یەکجاری گۆڕی.

کابرای کورتەبنەی تەنگەئەستووری پەنجا ساڵەی سەر ماشوبرنج، کە ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو، پێی گوت:

– حەبی خەوم دەوێت دکتۆر.

– بەداخەوە ئەم حەبە بە ڕەچەتەی دکتۆر نەبێت، سەرف ناکرێت.

– تکات لێدەکەم! لەودەمی هاتوومەتە ئەم وڵاتە نەفرەتییە، ئەوە بۆ سێ ڕۆژان دەچێت خەو نەچووەتە چاوم. تکایە یارمەتیم بدە، نامەوێت بڕۆم بۆ لای دکتۆر، بەرگەی بێمانایی پرسیار و ئامۆژگارییەکانی ناگرم، کە هیچ سوودێکیان نییە، لە کاتێکدا ئەوەی دەمەوێت تەنیا ڤالیۆمێکە.

– تۆ لە کوێوە هاتووی؟

– لە سوێدەوە، هاتووم سەرێک لە دایکم بدەم.

– منیش دەخوازم بڕۆم بۆ سوێد، یان هەر وڵاتێکی ئەورووپی، یان ئەمریکی. لێرە ژیان مانای پووچییە، بەتایبەت بۆ لاوان، من نازانم دوای ئەوەی ئەم ماوەیەم تەواو دەکەم، چی لە ژیانم بکەم.

– ئەم کارە زۆر زەحمەتە، بەڵام بۆ گەنجێکی ئازا هیوا و ئاواتی خۆی هەبێت ئاسانە، بەڵام دوور نییە پێش ئەوەی بگەیت، ڕووبەڕووی مەرگ ببیتەوە، ڕێگە بۆ ئەوێ پڕە لە مەترسی: مافیا، بازرگانانی مرۆڤ، قاچاخچی، دەریا، شەپۆل، دز و خراپترین شتیش: دەبێت ماوەیەک لە وڵاتێکدا بمێنیتەوە ناوی "یۆنان"ـە.

هەروەها شێلگیرانە ئەوەشی خستە سەر: هەرچی لێبوردەیی و جوانیی ناو ڕۆمانەکانی "نیکۆس کازانتزاکیس"

هەیە، بڕوایان پێ نەکەیت، یان خەیاڵن، یاخود ئەو گەلی یۆنانەی نیکۆس لەبارەیەوە نووسیوە، ئێستا بوونی نییە.

هەڵبەت دەروێش نیکۆس کازانتزاکیسی نەخوێندبووەوە، بگرە "زۆربا"ی یۆنانییشی نەبیستبوو، ئیدی ئەو ڕستەیە لای ئەو هیچ مانایەکی نەدەبەخشی. پاشان کابرا لەودەمی ژمارەیەکی زۆری ڤالیۆمی دەپەستایە گیرفانی چاکەتەکەیەوە و لەپی لەسەر دانابوون تاکو دڵنیابێت لەوەی لەوێن، گوتی:

– بەڵام هەر کات دەگەیتە یەکەمین وڵاتی ئەورووپی، هەموو شتێک لە بیر دەکەیت و وەکو مرۆڤ دەژییت، مرۆڤی ڕاستەقینە.

ئیدی لەو ساتەوە دەروێش خۆی بۆ کۆچ ئامادە کرد، ئەمەش لە میانەی ئەو نەخشەڕێگەیەی کابرا بە وردی بۆی کێشا، هەروەها لەڕێگەی هەندێک ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنەوە، کە تایبەت بوون بە قاچاخچییان توانیی یەکەمین سەرەداو بدۆزێتەوە، واتە ئەو زەلامەی لە لیبیا چاوی پێ دەکەوێت، پارەی داواکراو، دەڵاڵی بێلایەن. هەروەها لەو کابرایەوە زانی چۆن خۆی لە هەندێک شەڕانگێز و توندڕۆی یۆنانی و ڕێپێگرتنەکانیان بپارێزێت، چونکە دوور نییە گەشتەکەی لەوێ بە کوشتنی یان داڕزانی لە زیندانی بێناونیشان دوایی بێت.

دەروێش بەخدێی خۆی بەخت زۆر یاوەری بوو، ئاخر ئەو لە میسر پاسپۆرتی بە ڤیزەی یۆنانیشەوە دەستکەوت، هەرچەندە ئەمە دوو دۆنم لەو زەوییە کشتوکاڵییە بەپیتەی لە باپیری (لە دایکییەوە) بۆی مابووەوە، تێچوو، بەڵام پەشیمان نەبوو، بەڵکو بزەخەنەیەکی گەورەی بۆ کرد کاتێک بینیی دەڵاڵەکە لە فڕگەی ئەسینا چاوەڕوانی بوو، بە پێشوازییەوە

هات و نیوەی پارەی پاسپۆرتەکەی بۆ گەڕاندەوە، چونکە بۆ ڕزگارکردنی کەسێکی تر لە چنگی هەژاریی جیهانی سێیەم و ناردنی بۆ بەهەشتی خەونی ئەورووپا، جارێکی تر بەکاری دەهێنێتەوە.

تاکو ئەمڕۆ ناوی ڕاستەقینەی دەلاڵەکەی نەزانی، ئەوەی لەگەڵیدا ڕاستگۆ بوو، کاتێک بە عەرەبییەکی ڕەوان، بەڵام بە شێوەزاری سووری پێی گوت: "دەتوانی بە ڕاشدم گاز بکەیت، یاخود خۆت چۆنت پێ باشە".

پاشان بە تاکسییەک ڕۆیشتن، گەلێک شەقامی فرەوان و هەندێکیش تەنگیان بڕی، بە تەنیشت زۆرێک باڵەخانەی جوان لەسەر شێوازێک نەیبینیبوون، ڕەتبوون. دەیویست لە جامەکەوە شتێک لە ژیاری یۆنان ببینێت، کە لە قوتابخانە خوێندبووی. ئەوی لە گشت شتێک بە لایەوە گرنگتر بوو ئەوە بوو لە سیمای خەڵکەکەی وردبێتەوە، ئەو ڕوخسارانەی تاکسییەکە بەوپەڕی خێراییەوە جێی دەهێشتن و وەکو تارمایی بە بەردەم ڕوخسارە بەجامنووساوەکەیەوە تێدەپەڕین. دەیویست بزانێت کامیان ئەو شەڕەنگێزەیە، کە ئەو پیاوە بەر لە چەند مانگێک لە ئەسیوت لای دەرمانخانەکە باسی بۆ کرد و چۆن خۆیان دەنوێنن، کاتێک شاڵاوی بۆ دێنن و لووشی دەدەن.

هەردووکیان متەقیان نەکرد، ئەو بێدەنگییەکەی لەو قسەکردنە پێ باشتربوو، کە دوورنەبوو شوفێری تاکسییەکەی لە ڕاستیی خۆی ئاگەدار بکردایەتەوە، هەروەها لە شتێک دەترسا خۆیشی نەیدەزانی چییە، ڕەنگە هیی ئەوە بووبێت یەکەمین جارە بۆ دەرەوەی میسر سەفەر بکات، هەروەها یەکەمین جاریشە کارێکی نایاسایی دەکات، یاسا لێی

دەپرسێتەوە. بەکارهێنانی پاسپۆرتی ساختە بیرۆکەیەکە لەرزی بە دڵدا دەهێنا، بیری دەهاتەوە ئەودەمی چووە فڕگەی قاهیرەوە و پاسپۆرتەکەی بۆ کارمەندی فڕگە درێژ کرد، چۆن لە ناخەوە دەلەرزی و ماسوولکەکانی سکی لە ترساندا بە سەما کەوتبوون، هەروەها چۆن چاوتێبڕینی کارمەندەکە لێی وا شڵەژاندی تا ئەو ڕادەیەی لای ئاسانتر بوو، پڕبەدەم هاوار بکات و بڵێت: "پاسپۆرتەکە ساختەیە، بمبەن!" لەوەی چاوانی کابرای پاسپۆرت وەکو تیشکی ئاڕاستەکراوی لیزەر بە ڕوخساریەوە هەڵواسرابن، هەرچەندە ئەو تەماشاکردنە تەنیا پێنج چرکەی پێ چوو، بەڵام لای ئەو بەساڵێک بوو، تاکو سەرکەوتە ناو فڕۆکەکەوە.

چاوەڕێی ئەوەبوو کابرای پۆلیس بێ و بۆ گرتیگەی بەرێت. هەینێ فڕۆکەکە بەجووڵە کەوت، پاشان بەرزبووەوە، بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا هەستی کرد خوا و فریشتە و پەیامبەرانی، بەڵکو هەموو شەیتانەکان لە ڕیزی ئەو وەستاون، پشتگیریی دەکەن و بەرەو پێشی پاڵدەنێن، ئیدی لە پڕمەی گریانی دا.

ئێستاش خەریکە سەرلەنوێ دەترسێت، لە یۆنانییەکان دەترسێت، نایەوێت لێرەدا بمرێت، یان لە زینداندا بۆگەن بکات، یان تووشی کەمئەندامی ببێت، ئەو لە وڵاتەکەی ڕایکرد لەپێناو دوارۆژێکی باشتر بۆ خۆی و دواتریش بۆ منداڵەکانی، دەیەوێت بەپێی توانا و بە زووترین کات دەزگیرانەکەی ڕابکێشێت، ئەو بێ ئەو وێنەی ژیان ناکات و هەرگیز حەز ناکات هەندێک توندڕۆی نابەرپرسیار ژیانی بشێوێنن، ئەوانەی تەنیا وەکو قوربانییەکی مرۆیی دەیبینن و ئەودەمی ئازاری دەدەن ئەوپەڕی چێژی لێ وەردەگرن. بەڵام ئەم بەناو

"ڕاشد"ـەی بەوپەڕی بڕوابەخۆبوونەوە بە هێمنی بە تەنیشتیەوە دانیشتووە، وا دیارە لە گشت شتێک لەم دنیایە خاترجەمە و پەروەردگار خۆیەتی، هەر بە دانیشتنەکەی، ئارامییەکەی، بەهێز و بڕوای گەورەی کە بە سیمایەوە دیارن، بە بێدەنگی و قسەنەکردنەکەی، مەترسییەکانی لێ دووردەخاتەوە.

لەپڕ شۆفێری تاکسییەکەی وەستاند، هەندێک پارەی دایێ، کاتێک ئۆتۆمبیلەکە لە چاو ونبوو، بەپێی قسەی ئەو جووڵایەوە، پێکەوە دوو شەقامیان لەسەر ڕێگەی کۆپرییە پیادەکە بڕی. کۆپرییەکە جمەی دەهات لە ڕێبواران، سەیری هاتێ کاتێک بینیی گەلێک لە ڕوخسارەکان بە ئاسوودەیی ڕێدەکەن، سپی، ڕەش، زەرد، سوور و قاوەیی ڕەنگ. توانیی هەندێک لە سودانی و میسری و چینی و ئەو سیما ئاسیایی و ئەفریقییانەی لەوان دەکەن، لە یەکتر جیابکاتەوە.

بێگومان یۆنانییشی لێ بوون، کەس ئاگای لێ نەبوو، بگرە هیچ یەک لە ڕێبوارەکان بۆ چەند چرکەیەکیش تەماشایان نەکرد، وەکو ئەو سەرنجانەی ئەفسەری پاسپۆرتەکەی قاهیرە بەسەریدا باراند، هەموویان سەرقاڵن، بە پەلە بەرەو شوێنگەلێک دەڕۆن، خەمی خۆیان بوو، هەموو شتەکان ئاسایی بەڕێوە دەچوون، هیچ جیاوازییەکی گەورە نەبوو لەنێوان ئەو خەڵکانەی لە قاهیرە بینینی و ئێستاش لێرە لە ئەسینا دەیانبینێت. جانتایەکی زۆر بچووکی هەڵگرتبوو، وەکو مۆچیارییان کردبوو، پانتۆڵ و کراسێکی تێدا بوو، لەگەڵ فڵچە و دەرمانی ددانشوشتن و بلووزێکی کورتی لەلۆکەچنراو دیاریی خۆشەویستەکەی بوو، لەگەڵ کتێبێک لەسەر دەرمانسازی.

جانتاکەی نایە تەنیشتیەوە و لەسەر کورسییەکی بچووکی دارین دانیشت. ڕاشد لە لایەوە دانیشتبوو و هەندێک ئامۆژگاریی بە وردی دەدایێ:

*نابێت بێ من لەم شوێنە دەرچیت، یان کەسێک دێت و لێت دەپرسێت: پێویستم بە حەبێکی خەو و حەبی کوتانە.

*ئەوی لەمماڵەدایە کۆچبەرە، وەلێ بە دووری مەزانە سیخوڕ و بەکرێگیراو و بگرە تاوانکاریش لەناویاندا هەبن، نهێنیی خۆت بە کەس مەدە، ئەوی دەیڵێیت نهێنییە، تەنیا بە ناوهێنانی وڵاتەکەت، یان ناوی خۆت، یان مێژووی لەدایکبوونت دوور نییە تیابچیت.

*هەوڵ بدە دواکەس بیت بنوویت و یەکەمین کەسیش بیت بێدار بیت.

*شتێک مەخۆ بەخۆت لێت نەنابێت، یان ئامادەت نەکردبێت، ئێستا چی خواردنێکت پێویستە دەتدەمێ.

*ئەگەر ڕووی دا تۆیان گرت، دڵنیا بە هەر خۆت دەبیت، کەسێک نابینیت لەگەڵتدا بوەستێت، نە من و نە کەسێکی تر، تا ماوەیەک دەخرێیتە گرتیگەوە، پتر لە دوو مانگێک، بۆ میسر یان وڵاتێکی تر ڕەوانە دەکرێیت، دوور نییە هەر نەگەیت.

*سبەینێ سەعات شەشی بەیانی، جانتاکەت هەڵدەگریت و لای دەرگەکە چاوەڕێ دەکەیت، هیوادارین کارەکان بە باشی بەڕێوە بچن. دوای سەعات شەش و یەک خولەکی تەواو ئەگەر منت نەبینی، یان کەسێک نەهات پرسیاری حەبی ڤالیۆمت لێ بکات، ئەوا بگەڕێوە ژوورەکەت و ژیانی خۆت بژی، تاکو ئاگەدارکردنەوەیەکی تر.

پاشان تموورەکەیەکی گەورەی پڕ لە خواردنی پێ دا، ماڵئاوایی لێ کرد و دەرچوو.

ماڵەکە پێکهاتبوو لە باڵەخانەیەکی گەورەی نیشتەجێبوون، لەوەی دەکرد زۆربەی دانیشتوانەکەی ئاسیایی بن.

هەردووکیان دوای دابەزینیان لە تاکسییەکە و دوو خولەکێک ڕێکردنیان بەسەر ڕێگە باریکەکەی، بەردڕێژ کرابوو، لە بەردەم باڵەخانەکە لەودەمی دەیانویست بۆ یەکەمین جار بچنە ژوورەوە، ڕێکەوتی یەکتریان کرد. ئەو ژوورەی ئەمی تێدایە بەشێکە لە ئەپارتمانێکی (شوقە) گەورە ژمارەیەک ژووری تێدان، بۆی نەکرا بزانێت چەندن، وەلێ بە پێنج شەش ژووری خەمڵاندن، ئەمەش بەپێی ئەو کەسانەی لای ئاشخانە هاوبەشەکە، یان لای گەرماوە گشتییەکە بینییانی، لەگەڵ ئەو دەنگانەی لێرە و لەوێ دەیبیستن.

لەگەڵ ئەوانی تردا تەنیا سڵاوێکی کورت هەیە و هیچی تر، کە بە دەستی ئاماژە دەکات، وەڵامدانەوەکەشی بە هەمان خێرایی و شێوازە، خۆی دەپاراست لە هەر گفتوگۆیەک دوورنەبوو دوای سڵاوەکە دروست بێت.

لەنێوان نیشتەجێیاندا ئافرەتێکیان تێدا بوو، ڕەنگە پتر لە منداڵێکی هەبێت، لە سەر و سیمای و زمانەکەی (بینیی لەگەڵ یەکێک لە منداڵەکانیدا دەدوێت) پێدەچوو خەڵکی فەڵەستین، یان سوریا بێت، هەروەها کابرایەکی بینی لە هۆڵە گەورەکە دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا، چەناگەیەکی پان و قژێکی پڕی هەبوو، دەتگوت فەیلەسووفێکی شێتە، یاخود شێتێکە لە نەخۆشخانەی نەخۆشە دەروونییەکان هەڵاتووە. دەستی ڕاستی بڵند کردەوە و سڵاوێکی لێ کرد، بۆنی دووکەڵی جگەرەکەی زۆر تایبەت بوو، دووکەڵێک باش جیایدەکردەوە، بە بەردەمیدا بەرەو گەرماوەکە ڕۆیشت، کابرا ئاماژەیەکی بۆ کرد بێت بۆ لای، هەندێک دوودڵ بوو، بەڵام بەرەو لای چوو،

ئاماژەی بۆ کرد لە نزیکیەوە لەسەر قەنەفە درێژە قاوەییەکەی لە ڕەنگی پیاوە کەتە سەرزلەکە بوو، دانیشێت. چەناگە پڕەکەی گەلێک لە سیمای شاردبووەوە، بە بێدەنگی جگەرەیەکی بۆ درێژ کرد، دەرویش ئاماژەیەکی بۆ کرد جگەرە ناکێشێت، کابرا بە هێوری گەڕاندیەوە ناو پاکەتەکە، بە چێژێکی تایبەتەوە دووکەڵەکەی بە ئاسماندا دەکرد و چاوی لە دوور لە ناشوێن بڕیبوو، وا دیاربوو بیری ڕۆیشتبوو، لە دواییدا بە شێوەقسەکردنی میسری لەوەدەمی تەماشای دەرویشی دەکرد، پرسیی:

- تۆ خەڵکی کوێی برا؟

پرسیارەکەی زۆر لەناکاو بوو، دەرویش شڵەژا، ڕاسپاردەکانی ڕاشدی بیرهاتنەوە، کە هەرچییەک بڵێت دەچێتە چوارچێوەی نهێنییەوە، کابرا لە جگەرەکێشان وەستابوو چاوەڕوانی بەرسڤی ئەم بوو، چاوی لەم بڕیبوو، ئەمیش کرژبوونەوەی سەرسامیی پێوە دیاربوو، نەیدەزانی بە چی وەڵامی یارۆ بداتەوە، پرسیارەکان لە سەریدا دەخوولانەوە: "دەبێ ئەم پیاوە چی بێت؟ داخۆ هەواڵدزە یان دەیەوێت تاقیی بکاتەوە؟ ئایا شێتە یان مرۆڤێکی سادەی ئاساییە؟ چیی وەڵام بدەمەوە؟". کاتێک چاوەڕوانیی کابرا درێژەی کێشا، ڕەنگە وای بۆ چووبێت دەرویش زمانی عەرەبی نەزانێت، بۆیە بە ئینگلیزییەکی لاواز پرسیارەکەی لێ کرد، کەچی دەرویش متەقی نەکرد و گێلانە لە کابرا ڕاما، بیری بە تەواوی ڕۆیشتبوو، پرسیارەکان لە مێشکیدا ململانێیان بوو، کابرا لەسەری ڕۆیی:

- چییە، ناتوانیت قسان بکەیت؟

دەرویش ئاهێکی بەبەردا هاتەوە، ئیدی دڵنیا بوو پەروەردگار بە هانای گەیشت، بەسەری ئاماژەی ئەرێنیی بۆ کرد.

کابرا پێی گوت: کەواتە تۆ لاڵیت! قەینا، خوا شیفات بدات برام.

دەرویش دیسانەوە بە سەری ئاماژەی ئەرێنیی بۆ کرد، ڕابوو تاکو بڕوات، کەچی کابرا دەستی گرت و جارێکی دی بە تەنیشت خۆیەوەی دانیشاندەوە، بەدەم تەماشاکردنەوە گوتی:

– لە ئەورووپا چی دەکەیت؟ بەم بێزمانییە چۆن لێرە دەژییت؟

دەرویش بە سەری ئاماژەیەلێکی بێمانای کرد، ئینجا هەندێک ئاماژەی پەنهانتر، پاشان ئاماژەیەکی بۆ کرد بەو مانایەی دەیەوێت بخەوێت، کەچی کابرا پرسیارێکی تری لێ کرد:

– تۆ میسرییت؟

ئەوەتا دیسانەوە خۆی لە گرفتێکی تردا دەبینێتەوە، پرسیارێکە وەڵامدانەوەی پێویست بە قسەکردن ناکات، زمانی ئاماژە بەسیەتی: دانەوینەوەیەکی بچووکی سەر بۆ پێشەوە مانای "بەڵێ"یە. لەقاندنی سەر بە هەردوو لادا واتە "نا"، خۆ پەنجەکانیش دەتوانن بڵێن "نا"، هەردوو وەڵامەکەش نهێنیدرکاندن دەگەیەنن.

دوای بێدەنگییەکی حەپەساو، کابرا جارێکی دی گوتی:

– شیمانەی زۆر گەورە هەیە بە دەریادا بۆ ئیتاڵیات ببەن، دەبێت گەلەک ئاگەدار بیت، چونکە دەخنکێیت. مەلە دەزانیت؟ بەڵام لەوێش ماسیی دڕندەی برسی هەن، لە کەناریش دوور

نییه پاسەوانانی ئیتاڵی وەکو پەلێک لە ماسیی شاک لە چاوەڕوانیتدا بن.

بزەیەکی هاتێ و ددانە زلە قاوەیی ڕەنگەکانی بەدەرکەوتن، وەک پرسیار لە خۆی بکات، گوتی:

- ڕووبەڕووی شاک بوویتەوە؟ خوا لە پەنامان بێت، من فرۆکەم پێ باشترە، ئەوە دوو مانگ و پێنج ڕۆژە چاوەڕێی پاسپۆرت و ڤیزە دەکەم.

پاشان تەماشای کاتژمێری باوەشی دیوارەکەی کرد و درێژەی پێ دا:

- هەروەها دوو سەعاتیش.

ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان باوێشکی دایەوە، جگەرەکەی خستە تەپڵەکەکەوە، لێگەڕا دووکەڵی لێ بڵند ببێتەوە تاکو کوژایەوە، گوتی:

- چاوەڕوانیی وەڕسکەرە، کەسیش لێرە نایەوێت قسان بکات، لە هەر بابەتێک بێت، ئەوە بە چەنەبازی دادەنێن، بەڵێ قسان دەکەن، بەڵانەکی بە سڵکردنەوەوە، شتێکت پێ ناڵێن سوودی هەبێ، تۆش پیاوێکی چاکیت، بەڵام (مخابن) قسە ناکەیت، ڕەنگە لە ئەورووپا چارەسەری هەبێت. هەوڵ بدە بە هەر ڕێگەیەک بێت خۆت بگەیەنیتە سوێد، سوێد ئامێزی بۆ ئەفریقی کراوەیە. بەڕاستی گەلێکی مەزنن، بەڵام زمانەکەیان بێکەڵکە، ئەوی گرنگە تۆ هیچ زمانێک نادوێیت، بۆ تۆ هەموویان وەک یەکن.

من دەمەوێت بۆ سوێد بچم، خزمانم لەوێن. خۆم بە بنەچە ئەریتیریم، لە ئەگردات لە زیندان هەڵهاتم، ماوەیەک لە میسر ژیام، پاشان لە سودان، ناوم "سەلاح سەعد"ـە لە شاری کرن، ژنەکەم و کچەکەم تاکو ئێستاکێ لەوێن. لە ڕۆژنامەگەری

کارم دەکرد، بە سیخوڕیکردنیان تاوانبار کردم، هەمووی درۆودەلەسەیە. زۆریان کێشا بە سەرمدا، تاکو ددانم بە کارەیلێکی زۆردا نا، کە نە کردبوومن و نە بیستبوومن، بگرە هەر بە مێشکیشمدا نەهاتبوون، پاشان سەرلەنوێ لێیاندامەوە، چونکە پاساوێکی قایلکەرم بۆ ئەنجامدانی ئەو ئیشانە نەبوو، هەڵبەت هەندێکیان دەیانزانی بڕێکیان درۆ و هەڵبەستراون. ئێستا لەژێر قژەسەرمەوە جێبرینی کۆن دیارن، دەیانبینیت؟ دەیانبینیت؟ (بە قامکەکانی قژەسەری لادا تاکو شوێنەواری زامەکان بە قووڵی بەدەرکەون) ئەمە پێش دوو ساڵان ڕووی دا، کەچی تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت شەوانە دەیانبینم دارکاریم دەکەن، ئەگەر "بەنقۆ"[1] نەبوایا نەمدەتوانی بژیم، حەزت لە بەنقۆ هەیە؟ لێرە بەنقۆ بە نرخی زۆر گونجاو دەستدەکەوێت، من جۆرێکی سووک دەکێشم، زۆر سووک، داوای پاکەتێکت بۆ بکەم؟

هەینێ دەروێش بەرسڤی نەداوە (یاخود چاوەڕوانی وەڵامی دەروێش نەبوو) لە قسەکانی بەردەوام بوو:

- هەندێک جاران تووشی گێژبوون دەبم، بەڵانەکینێ ئێستێ تەندروستیم باشە.

قەیرێک بێدەنگ بوو، پاشان لەپڕ گوتی:

- ژنەکەت بینی؟ نا، نا، ژنەکە دایکی منداڵەکان ناڵێم، نا، نا، دایکی منداڵەکان کەسێکی باڵا و نموونەییە، ئەگەر ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوومایە، بژارەم دەدایێ ئەو وڵاتەی خۆی دەیەوێت بە کەیفی دڵی خۆی هەڵیبژێرێت. ستەمە ژنێکی وەک ئەم لەم جیهانە دواکەوتووەی نرخ و بەهای مرۆڤ نازانێت، لەدایک ببێت. من مەبەستم ئەوی ترە، کیژێکی جوانە بەر

---

[1]. بەنقۆ: تلیاک.

له هەفتەیەک بۆ ئێرە هات، ڕەوشتنزمە، دوو جار ویستم سێکسی لەگەڵدا بکەم، کەچی بێبەرابەر قبووڵی نەکرد، منیش پارەوپوولم نییە، هەرچی پارەم هەیە لای دەلاڵەکەیە. دوو یان سێ جار (بیرم نییە) هەوڵم دا پاشان لە بیرم کرد. من کەسێکم هێند بەدوای شتدا ناڕۆم. ئەرێ پارەت پێیە؟ مەبەستم بڕێک پارەیە. ئەگەر پارەت هەیە ئەوا لاریی لەسەر نییە ئەمشەو لات بمێنێتەوە. دەتوانم لەبەر تۆ تەلەفۆنی بۆ بکەم، مادامەکی ناتوانیت قسان بکەیت، لەم بارەیەوە یارمەتیت دەدەم، ئێمەی پیاو بە پێویستییەکانی یەکتر دەزانین، برادەر گیان ئافرەت میوەی شەوێیە. بڕۆم داوای لێ بکەم بێت؟ من لە بەرابەر ئەوە هیچ وەرناگرم، خزمەتێکە و بۆ دۆستانی دەکەم، تەنیا خزمەتە و هیچی تر، جا ئەگەر دە دۆلارت پێیە، ئەوا بەشی هەردووکمان دەکات. ئەو لاریی لەسەر نییە.

دەروێش لە تەنیشتی هەستا. کابرا کۆشا دەستی بگرێت، وەلێ لە مشتی بەهێزی کابرای ڕاپسکاند و بەرەو ژوورەکەی ملی نا، لەدوای خۆیەوە کلۆمی دا و ویستی بنوێت. کاتژمێری ژوورەکە ئاماژەی بە هەشتی ئێوارە دەکرد، وا دیاربوو هەموان بێداربوون. دەنگەیلێک لە قوولاییەکی دووری شوێنەوە دەهات، دەنگی ئافرەتە منداڵدارەکە، ناوبەناو گریانی منداڵێک، "سەلاح سەعد" لەگەڵ کەسێک، یاخود کەسانێکدا دەدوا. کتێبێکی هەمبەر دەرمانسازیی دەرهێنا و هەڕەمەکی پەڕەکانی هەڵدانەوە، کاتێک گوێی لە لێدانی سەر دەرگەی ژوورەکەی بوو، لە ترساندا ڕابوو، بەلام دەرگەی نەکردەوە، بەڵکو لە پشت دەرگەکەوە وەستا، هەستی لەودیو ڕاگرتبوو، پاشان سەرلەنوێ لە دەرگە درایەوە، لێدانەکان زۆر سووک بوون، ئەمەش وای لێ کرد بە دووری بزانێت ئەوی لە دەرگە دەدات

پیاوی پۆلیس بێت، هەروەها ئەوەشی بە دوور زانی ڕیشنە شێتەکە بێت، چونکە ناکرێت کەسی وەک ئەو بەو هێمنییە لە دەرگە بدات، ئەوەی بە مێشکدا هات ئەو کیژە بێت کە کابرای ڕیشن باسی کرد.

"بەڵێ، ڕەنگە ئەو بێت، داخۆ قایلی کرد؟ ئایا ئەوی بۆ لای من نارد؟ ئەمجار لە دەرگە بدات، لێی دەکەمەوە".

گوێی لە دەنگی پێیەلێک بوو دووردەکەوتنەوە، پێیەلی قورس. چەند خولەکێک چاوەڕێی کرد، چراکەی کوژاندەوە، لەسەر تەختەخەوەکەی ڕاکشا، چەرچەفە قورسەکەی دایە بان خۆیدا، تەنیا سەری بەدەرەوە بوو و نووست. خەونی بە "دادوەرەکانی ئەرستۆ"وە بینی، لە خەونەکەدا ئەو ناوەی لێ نان. پیرەکانی یۆنان بوون جلی ئاماڵ سووریان لە بەردا بوو، سواری هێستری گەورەی ڕەش بووبوون، تیروکەوانیان بە شانەوە، پێش خۆیان دابوو بەرەو گوریسێکی زۆر درێژیان دەبرد، بەو ڕادەیەی نەیدەتوانی دوامینیان بە باشی ببینێت، پاشان لە چۆڵەوانییەکە وەستاندیان، ناوچەیەکی نیمچەبیابان چیمەن و درەختی بڵندی لێ بوون، بەڵام وشکەوە بووبوون، لێگەڕان قەلەباچکەی ڕەش و سپییان بەسەرەوە بنیشێتەوە. گرێی پەتەکەی دەستیان کردەوە، جلەکانیان داکەند و جلی سووریان لە بەر کرد، وەک ئەو جلەی دەکرێتە بەر ئەو زیندانییانەی فەرمانی سێدارەیان دراوە. گەورەکەیان، ئەوی چەناگە پڕ و قژ درێژ، ئەو پیاوەی تا ئەو ڕادەیەی ئەوەندە لەو ئەریتیرییەی دەکرد هەر خۆی بوو، گوتی:

– تۆ ئێستا لە بەردەم دادگەی گەلی یۆناندا وەستاویت، جا ئێوە ئەی کۆچبەرانی خوێڕی، ڕێ لە گەشەکردنی وڵاتمان دەگرن، سامانەکەمان بە تاڵان دەبەن و خاکەکەمان گڵاو

دەکەن، بۆیە بڕیاری لەداردانتان بەسەردا دەدەین، لێ دادگەی پایەدار وای بینی دەرفەتێکت بۆ ڕزگاربوون بداتێ.

داوایان لێ کرد بۆ ئەو شوێنەی دەیەوێت تێیقوچێنێت، ئەوان دوای نیو سەعاتی تر لێیدەگەڕێن، ئەگەر بیگرن ئەوا بە دارێکی وشکەوە لە خاچی دەدەن و دەیکەنە ژەمێکی بەتام بۆ قەلەڕەشان، ئەگەریش لەو ماوەیەدا نەیاندۆزییەوە، ئەوا ئازادە.

ئیدی تێیتەقاند و هەڵهات، کەچی لەپڕ قاچەکانی لە جووڵە کەوتن، بە یەکجار ئیفلیج بوون، گوێیەکانی چرکەچرکی کاتژمێرەکەیان دەبیست، کە خێرا بەگەڕکەوتبوو و لە دیمەنێکی سینەماییدا بەندۆڵەکەی بە پێچەوانەی خوولانەوەی سروشتیەوە، بەرەو کۆتاییەک دەجووڵایەوە، لەسەری نووسرابوو: "سی خولەک"، لەدواوەش (دوور نەبوو لە پشتیەوە) ئەندامانی دادگە بە ڕووتوقووتی لەسەر زەوییەکە دانیشتبوون، مەییان دەخواردەوە و قاقا پێدەکەنین.

بەخدێی خۆی زوو لە پێنج و نیوی سپێدە بێداربووەوە، خۆی بە گەرماوەکەدا کرد، نیگەران بوو، وازی نەبوو هیچ کەسێک ببینێت، بەتایبەت سەلاح سەعد، بەڵام کابرا لەسەر قەنەفەکە بوو، بە هێمنی لە هەمان ئەو دۆخەی دوێنێ جێی هێشت، جگەرەی بە با دەدا. دەتگوت هەر بۆ خەویش نەچووە، یان نیشتەجێی ئەو شوێنەیە، بەڵکو بەشێکە لە کەلوپەلە کەمەکانی.

بە دەستی سڵاوێکی لێ کرد، بەر لەوەی چاوەڕوانی وەڵامی کابرا بکات، خۆی بە گەرماوەکەدا کرد، بە پەلە گشت جلەکانی داکەندن، هەستی کرد چون بترسێت، ترپەکانی دڵی پتر بوون، لە هەموو شتێک دەترسا: چما بۆچی دەترسێت، لەوە خراپتر چی دەبێت؟ مردن؟ خۆ ڕۆژێک هەر دەمرێت،

وەکو هەر بوونەوەرێک، تەنانەت پیاوکوژە ستەمکارەکانیش دەمرن، هۆلاکۆ مرد، جەنگیزخان مرد، هیتلەر مرد، نیرۆن مرد، فرانکۆ مرد، حەجاجی کوڕی یوسف مرد، هەروەها ئەوانەی ئێستا نایەنەوە بیری. دێرە شیعرێکی بە مێشکدا هات، نەیزانی هیی کێیە، لە ڕۆژانی قوتابخانەوە ئەزبەری کردبوو:

**گەر چارەیەک بۆ مەرگ نەبێت**

**ئەوا شەرمە بە ترسنۆکی بمریت**

ئەوە چی بوو ئێستا یادی مەرگی بیرخستەوە، ئەو ترسنۆکە کێیە؟ زۆر شڵەژابوو، وا دیاربوو شوێنەواری خەونەکەی شەوی پێشوو هێشتانەکینێ لە ناهۆشیاریدا دەیبزواند. دەبێت شتێک لەپێناو خۆیدا بکات، لەپێناو مرۆڤایەتییە بەفیڕۆچووەکەی. بە هەموو هێزیەوە دووشەکەی کردەوە، زاری بەش کردەوە، زۆرترین هەوای هەڵمژی، سییەکانی باش پڕکردن، پاشان بۆ ساتێکیش دوودڵ نەبوو، هەروەها بیریشی نەکردەوە. کەوتە گۆرانیچڕین، بەڵێ گۆرانیی چڕی (بە هەموو ئەو دەنگەی پەروەردگار پێی بەخشیوە، فریشتەکان لەو کاتەدا دەستخۆشییان لێ کرد) یەکەمین سترانی بە مێشکدا هات:

No women
No cry
Do you remember؟
When we use to sit
In the government yard
Of Trench town؟

تاکو بە توندی لە دەرگەی گەرماوەکەیان دا، بە ڕووتی دەرچوو، بینیی سەلاح سەعد و ئافرەتەکە و دوو منداڵەکەی، خاتوونێکی ڕەشئەسمەری قەڵەو، دوو کەسی بێگانە بە جلی خەوەوە بوون، سەیریان هاتێ و بە چاوی سەرسووڕمانەوە لەو کابرا لاڵەیان دەڕوانی کە ئێستا گۆرانیی دەچڕی. بزەیەکی وای بەردایەوە، بەشی هەموانی دەکرد. دەرگەکەی داخست، بە بێدەنگی گەرماوی خۆی کرد، دەرچوو، بەرەو ژوورەکەی ڕۆیشت. نوێژی بەیانیی ڕووەو قیبلەیەک کرد لەخۆوە هەڵیبژارد، شتەکانی کۆکردنەوە، پێخەفەکەی چاککرد، تەماشای کاتژمێری ژوورەکەی کرد، بۆ شەش یەک خولەکی دەویست، دەرچوو چاوەڕوانی ڕاشد بکات، یان یەکێک لێی بپرسێت:

"ئەرێ حەبی خەو، یان کوتانت لا هەیە؟".

## دەروێش

بەتایبەت لە نووسینی ئەم بەشە لە ژیانی حوسنی دەروێش دوودڵ بووم، چونکە پێوەندیی بە بۆچوونی ئێستای دەروێش خۆیەوە هەبوو، ئەو حەزی نەدەکرد لە ژیانیدا دەری بخات، لەبەر هۆیەلێک پێوەست بوون بە ڕەوشتبەرزیی مرۆییەوە، یان ئەو بە ڕەوشتبەرزیی دەزانی. هەڵبەت ئەو مافی خۆیەتی ئەو وێنەیە پێکبهێنێت کە حەز دەکات لە شێوەی بێت، هەروەها پاشخانی ئایینییش ڕۆڵی گرنگی گێڕا، مێژووی پشتگوێخراو لە ژیانی دەروێشدا گەڕانەوەیەتی بۆ گرووپە ئیسلامییەکان لە سالآنی یەکەمیدا لە زانکۆی ئەسیوت، هەرچەندە ئەو بێ گەڕانەوە وازی لێ هێنان، دوای ئەوەی گیرا و هەڕەشەی خەساندنیان لێ کرد، ئەوەش ئاسانترین ڕێگە بوو پیاوانی ئاسایش پێڕەویان دەکرد بۆ ڕازیکردنی ئەو تاکانەی قایلکردنیان بە لۆژیکی سیاسیی دروست، زەحمەت بوو. هەڵبەت هزری هەندێک گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، کە ئەو بە ئەرێنیی وەسف دەکرد، چونکە وەک جاران مرۆڤەکانی یان بە کافر، یاخود بە موسڵمان نەدەبینی، ئەرکی ئەو بوو کافرانی گومڕا بخاتە سەر ڕێگەی ڕاست، یان لە دۆخی سووربوونیان لەسەر گومڕایی، بیانکوژێت.

بەڵام هەڵەیە بنیاتی ئایینی و کاریگەری لە پێکهێنانی کەسێتیدا بەدرێژی ژیانی پشتگوێ بخرێت، ئەگەرچی ئێستاکێ پشتی تێکردووە.

ئەو ڕووداوەی گێڕەرەوە دوای کەمێک بۆمانی دەگێڕێتەوە، لەگەڵ چیرۆکێکی تریش پێوەست بە بەرازەوە، دوور نییە هەردوو چیرۆکەکەمان بەپێی میزاجی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، لەم ڕۆژگارە لاسەنگەدا گێڕەرەوان دەسەڵاتێکن گاڵتەیان پێ ناکرێت، ئێمە بەوپێیەی نووسەرین، گەلێک پشت بە وازی گەندەڵیان دەبەستین. وا بزانم پێشتر باسی ئەو وتیارە بێئابڕووەم بۆ کردوون، کە وای لە کەلسووم فەزلوڵلای نووسەری هاوەڵم کرد غایەڵە بە دڵیدا بێت. دەرویش هەردوو ڕووداوەکەی بە تاقیکردنەوەیەکی قورس لە خواوەی بۆ کەسایەتیی لاوازی خۆی دانا.

گێڕەرەوە گەلێک مکوڕە لەسەر ڕەوشی دانانی خاڵ لەسەر پیتەکان، یاخود وەکو گوتی: "گڕدانی مۆمێک لە تاریکایی ئاوەزی پیاودا". بە هەرحاڵ، لێرەدا خراپ نییە بە شێوە خۆپارێزییەکەوە بیگێڕمەوە، واتە بە جۆرێک لە نرخی کارە هونەرییەکە کەم نەکاتەوە، یاخود شڵەژانێک لای خوێنەر دروست بکات.

لە واقیعدا، تەنیا بایەخ بەڕاستی دەدەم، هەرچەندە وەکو "ئەلبێرت ئەنشتاین" فێری کردووین، ڕاستی خۆی لەخۆیدا ڕێژەییە. لەم حاڵەتەدا بەر بۆ گێڕەرەوە شل دەکەم، ئەویش بەخدێی خۆی شەپلی شەپان دەکات، بەڵام من بۆی هەڵدەبژێرم لە کوێوە دەست پێ بکات، هەندێک جار تێڕوانینم لەجێی خۆیەتی. ڕۆمان کارێکی هاوبەشە لەنێوان من بەوپێیەی

نووسەرم، لەگەڵ وتیار و خوێنەر و کارەکتەرەکان. ئیدی ڕازی بێت یان نا، هیچ شتێک لە ڕاستیی کارەکە ناگۆڕێت.

شوێنەکە بریتییە لە گەوڕی نوێی ئاژەڵان، لە شێوەی ماڵی جووتیارانە. پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە، بە چەند مەترێک هالاوی بۆنی ڕیخ لووتی کزاندەوە. ڕاشد باسی بیرۆکەکەی بۆ کردبوو و دڵنیای کردبووەوە ئەوە باشترە، زۆرێک لە کۆچبەران بە ئاسانی نایدۆزنەوە، هەندێک لەژێر بارهەڵگرەکان لەنێوان تایەکانی دواوە خۆیان دەشارنەوە و کۆچ دەکەن، جاری واش هەیە ماندوو و شەکەت دەبن، خەو دەیانباتەوە، دەکەونە سەر قیرەکە و تایەکان بێبەزەییانە دەیانشێلێت! ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر سەگە پۆلیسییە دڕندە باشڕاهێنراوەکان لەسەر ڕاوی کۆچبەران نەیانگرن و بە قەپاڵ لەوێ دەریاننەهێنن: "تۆ شانست هەیە برا".

کیسەی زۆری بەتاڵی نایلۆنی دا پێی، تاکو بۆ خۆبەتاڵکردن بەکاریان بهێنێت و بە درێژی بۆی باس کرد کاتێک تەنگاو دەبێت، یان میزی دێت، چۆنی بەکار بهێنێت، چونکە هەر هەڵەیەک لە بەکارهێنانیدا وا لەو شوێنە دەکات لەبەر بۆن بەرگەی نەگیرێت. هەروەها کیسەیەکی تری پڕ لە خواردنی وشکە و بوتڵە ئاوی دا پێی، بەشی پێنج شەو و پێنج ڕۆژی دەکرد.

عەرەبانەی بارهەڵگرە گەورەکە لە دوو قات پێک هاتبوو، تەختەی مۆسکی لێکی جیادەکردنەوە، لە دەرەوە دەتگوت قەفەسی گەورەی ئاسنە، کونی باکێشانی لە شێوەی پەنجەرەی بچووکی چوارگۆشەی لە شیش دروستکراوی هەبوو. لە لای خوارییەوە نزیک بوو لە پێشەوە، واتە لە قەفەسی دووەمەوە.

قەفەسی یەکەم ئافرەتێکی تێدا بوو یەکەمین جار سیمای دەرنەدەکەوت، تۆڕێکی ئاسنینی کونکون لێکی جیادەکردنەوە، بەڵام ئافرەتەکە خۆی هێنابووەوە یەک، سەری خستبووە نێو ڕانەکانیەوە، قژە ڕەشە پڕەکەشی ئەوانی تری داپۆشیبوو. مژوولّی ئەو بەرازانە بوو، کە لە قەفەسەکەی تر و لەو دوانەی تەنیشت بوون. خشەخشی سمەکانیان لە بەشی سەرەوە وەکو تەقەی چەکووش دەهاتە بەرگوێ، بۆنێکی ناخۆش لە گشت لاوە دەهات، بۆنی میز و پاشەڕۆکی بەرازەکان بوو. ئەو بە سروشتی خۆی ڕقی لە بەراز بوو، ئەگەر میزیشیان نەکردایە، یان مرقەشیان نەهاتایە، لە دڵ و هزریدا ڕقی لێیان بوو، لە قووڵایی بنیاتی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، کە بە درێژایی تەمەنی لای دروست بووبوو، حەزی لە چارەی بەراز نەبوو، ئەو لە سروشتدا نەیبینیبوون ئەمڕۆ نەبێت، لە ژیانیدا ئێستا نەبێ، دەستی بەر بەراز نەکەوتبوو.

بێگومان گۆشتی بەرازی نەخواردووە، چونکە ئیسلام حەرامی کردووە، ئەویش تا ڕادەی ماقووڵ موسڵمانێکی پابەندە بە ڕێنماییەکانی ئایینەکەیەوە. دەڵێین "تا ڕادەی ماقووڵ"، چونکە دەرویێش مەی دەخواتەوە، ئەمەش حەرام و نەفرەتلێکراوە، هەروەها ئەگەر دەستی بکەوێت، لە دەرەوەی چوارچێوەی شەرع سڵ لە سێکسکردنیش ناکاتەوە، ئەمەش لە ئیسلامدا بە زینا دەژمێردرێت، بەنیسبەت دەروێشیشەوە سزاکەی جەڵدەیە، چونکە ڕەبەنە، بەردبارانکردنیش بۆ ژندارانە. بەڵام ئەو نوێژ دەکات و گۆشتی بەرازیش ناخوات، هەرچەند ئەمە زۆر ورد نییە، ئاخر ئەو بۆ دوو مانگی تەواو گۆشتی بەرازی خوارد، ژەمی پەسەندی شێوانیان بوو.

بێگومان نەیدەزانی گۆشتی بەراز دەخوات، ئەگینا دەیگۆڕی و گۆشتی تری دەخوارد. خەوتنی بێ شێو، گەلێک چاکترە لە شێوێکی ناپەسەند.

لە ڕۆژانی بەرایی گەیشتنی بە ڤیەننا، لەگەڵ هەندێک سودانیدا لە یانەی سودانی مایەوە، لەوێ ڕووبەرێک بۆ خەوتن و ژیانکردن بۆ تازەهاتوان هەبوو، ئەوانەی جێگەیان نەبوو و هێشتا ڕێگەی کارکردنیان پێ نەدرابوو، لەوێ کۆمەڵێک گەنجی دڵگیری پەشیمان، گەشبین، شکستخواردوو و هیی تری بینی، دەستەیەکی هەڵبژارد ڕێک لە خۆی دەچوون، بە ڕۆژ کاغەزێنیان دەکرد و بە ئێوارانیش بۆ دیسکۆ دەچوون، بیرەیەکی زۆریان هەڵدەقوڕاند، ڕەنگە ئافرەتیشیان دەستکەوتبێت، ئیدی بە دڵی خۆش و برسێتییەوە دەگەڕانەوە، خۆیان بە چێشتخانە تورکییەکەدا دەکرد (ئەوە تاقە شوێن بوو بڕوای پێ بکەن). ڕەنگە ئەو بڕوایە تەنیا بەرئەنجامێکی سروشتی بێت بۆ ئەو ڕیکلامەی لە پەنجەرە و دەرگە شووشەییەکەی درابوو، کە تەنیا "گۆشتی حەڵاڵ" بەکار دەهێنن.

هەمیشە گۆشتی برژاوی مەڕ داوا دەکەن، کابرای تورکیش سینییەکی زۆر بەتام و چێژیان بۆ ئامادە دەکات، ئەوانیش بە سەرخۆشی دەیماشنەوە و لەبنی دەدەن. دۆخەکە بەم ئاوایە بەردەوام بوو، تاکو هاوەڵێکی کوردی سورییان ناوی "جان" بوو، دڵنیای کردنەوە، کە ئەم تورکە گۆشتی برژاوی بەرازیان دەداتێ. زۆرێک لە موسڵمانەکان بەمە دەزانن، بۆیە دەبێت لێی دووربکەونەوە. هەڵبەت بڕوایان بە هاوەڵە سورییەکەیان نەکرد، وەلێ جارێکی تر سەریان بەو چێشتخانە تورکییەدا نەکردەوە.

"دەبوو گەشتەکە دوو ڕۆژ بخایەنێت"، کیژە چاوئاوساوەکەی بە گریان وای لێ هاتبوو لە تۆڕە ئاسنینەکەوە بە زمانی عەرەبی، بە شێوەزاری میسریی تێکەڵ بە شێوەزمانە سەیرەکانی ئەفریقا، گوتی:

- دوو ڕۆژی ڕەبەق لەم بۆگەنییە.

دەنگی لەگەڵ مرقەی بەرازەکان و خشەی پێیاندا تێکەڵ بوو. لە ڕاستیدا بڕوای نەدەکرد ئەو قسانی لەگەڵدا بکات، بە درێژایی کات خۆی دوورگرتبوو، سەری نابووە نێو ڕانەکانیەوە و پشتی تێکردبوو، لەوەوە تێگەیشت ئەو نایەوێت بە هیچ شێوەیەک قسانی لەگەڵدا بکات، ئەویش ڕێزی ڕای ئەوی گرت، کە لە جووڵەی جەستەی خوێندیەوە. نەیزانی کەنگێ ئاوڕی لێ دایەوە، چونکە ئەم چاودێریی بەرازێکی گەورەی ناو قەفەسەکەی بەرابەری دەکرد، دەیویست لمۆزی لە کونەکانی شیشەکەوە بێنێتە ژوورێ و پێیەکانی بلێسێتەوە. ڕەنگە بێ بیرکردنەوە بووبێت، پێی گوت:

- خوایە دەخیلە.

لەودەمی بە دوو چاوی سوورەوە تەماشای دەکرد، گوتی:

- زۆر وا ناکات.

ئەویش بە سەرسووڕماوییەوە گوتی: کێ؟

هەینێ چاوی لەسەر هەڵنەگرت، گوتی: پەروەردگار.

ئەم هەندێک بێدەنگ بوو، لەودەمی ویستی بەویژدان بێت، گوتی:

- لە زۆر قۆناغی ژیانمدا لەگەڵمدا بووە.

ئەویش بە هەمان ئاستی دەنگی ئەو گوتی:

- زۆری شەرمەزار کردووم، چونکە زۆرم بڕوا پێیەتی و وام زانی ئەو بایەخەم پێ دەدات کە شایەنیم، بەڵام (ئەفسووس) کاتێک پێویستم پێی دەبێت، نایبینمەوە.

دڵۆپێک ئەسرین بە چاویدا هاتەخوارێ، نەیسڕی، لێگەڕا ڕاستەوخۆ بکەوێتە ناو بارهەڵگرەکەوە و لەناو میزی بەرازەکاندا بتوێتەوە، کە لە قاتی بانەوە دەکەوتە خوارێ، پاشان دوو دڵۆپ ئەسرینی گەش و خێرای بەدوادا هاتن و لە هەمان شوێندا کۆتاییان هات. ئینجا لەسەری ڕۆیی:

- من وا هەست دەکەم ئەم کارە بێ مەڵامەت نابێت، لە ئیتاڵیا دەستگیرمان دەکەن. من کەسێکی بەدیۆم و چارەڕەشم، هەمیشە بەختی خراپ یاوەرمە.

- بۆچی بەتایبەت ئیتاڵیا؟

بەدەم سڕینی فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتیەوە، گوتی:

- چونکە خراپترین وڵاتە تێیدا بگیرێیت. من هەمیشە پێشبینیی خراپتر دەکەم.

- بەپێی زانیاریی من ئێمە بە ئیتاڵیادا تێناپەڕین. ئیتاڵیا گەشتکەران لە ڕێگەی دەریاوە پێیدا تێدەپەڕن. ئێمە ئەلبانیا و یوگسلافیا دەبڕین، لەوێ هێند گوێیان لێ نییە، ئەگەر بە لاشیانەوە گرنگ بێت ئەوا ئەو توانایەیان نییە لە بارهەڵگرەکەدا بماندۆزنەوە، مەگەر بارهەڵگرەکە بە یەکجار لە بارەکەی بەتاڵ بکەن، ئەوان هیچ کات وا ناکەن. قاچاخچییەکان پێیان گوتم.

دوور لە ئاوسانی چاوی، لەبەر گریان و قژە پەخش و پەرێشانەکەی و دەنگە نیگەرانە گیراوەکەی، جوان بوو، بگرە زۆر جوانیش بوو. لە ڕاستیدا، خانومانترین ئافرەت بوو لە ژیانیدا بینیبێتی، هەر هیچ نەبێت جوانترین ئافرەتە سواری بارهەڵگری بەرازان بووبێت بەرەو ئەورووپا. دوو چاوی

فرمێسکاوی، ئێستاش خۆی لە قەفەسی تەنیشت قەفەسەکەیەوە گرمۆڵە کردبوو. نەیتوانی بڕوا بەوە بهێنێت هاوشانی ئەو ڕەندییە نەفرەتی خودایی و بەدبەختی بێت، کە خۆی ئاماژەی بۆ کردن، ئەم پێی گوت:

- تۆ جوانیت.

بێ ئەوەی کاریگەریی تێبینییەکەی پێوە دیار بێت (بەڵکو بە شێوەیەکی نزیکتر، چونکە یەکلاییکەرەوەیە، بەڵکو هەندێک توندیشە، بەڵام دەستەواژەی نزیکتر بۆ وەسفی سروشتی ئەو ڕستەیە، وشەکانی گێڕەرەوە بوون: "هەڵبەت سۆزداری نین") گوتی:

- وا نەبوایە ڕەوەندە میسرییەکانی سینا دەیانکوشتین، هەروەها ئەوەش نەبوایە نەمدەتوانی تێچووی گەشتەکەم بۆ ئەورووپا بدەم.

- ڕەوەند؟

- بەڵێ، ئەوە بوو ڕەوەندی سودانی بە ڕەوەندانی سینایان فرۆشتین: ئێمە دە کەس بووین، ژنێکی ترم لەگەڵدا بوو، تا ڕادەیەک هەموویان لە شێوەی ئەندام فرۆشران، منیش ئەگەر یەکێک لەو ڕەوەندانە منی بەدڵدا نەچووبایە و خۆشی نەویستمایە، ڕزگارم نەدەبوو.

متەقم نەکرد، یەکێک لە بەرازەکان بە شێوەیەکی تۆقێنەر دەیمرخاند، ئینجا دوو بەرازی تر، پاشان جگە لە جیڕەی بەیەکداخشانی ئاسنی بارهەڵگرەکە، هیچی تر نەدەبیسترا. لەگەڵ وڕەوڕی تایەکان بەسەر قیرەکەدا. دنیا کەمێک سارد بوو، بۆنی پیسایی بەرازەکان ئەو شوێنەیان هەڕکاندبوو، ئەمەش شتێکی پێشبینیکراو بوو، بگرە هەر ئەو شتەش بوو وای لە هەردووکیان کرد بەتایبەت سواری ئەم بارهەڵگرە بن،

بۆنی بەرازەکان، سەگە پۆلیسییەکانی لە بۆنکردنی ئەوان بەهەڵەدا دەبرد، بۆیە پەڕینەوەیان لە سنوورەکانی یۆنان و ئەلبانیا و یوغسلافیا ئاسان بوو، سەگە ڕاهێنراوە پۆلیسییەکان بۆنی هیچیان بە لووتدا نەهات، جگە لە بۆگەنیی بەرازان.

سەگەکان بەژێر بارهەڵگرەکە و بە تەنیشتەکانی و کابینەی شۆفێرەکەدا تێپەڕین، کەچی جگە لە بەرازی دابەستەی میزاوی، هیچی تریان نەبینی، تەنانەت ئەو پۆلیسە ئەلبانییەی چاو و هەردوو کونەلووتی بە کونەکانی باکێشەکەدا کرد، واتە پەنجەرە ئاسنەکان، هەر زوو کشایەوە، خۆی لە بارهەڵگرەکە دوورخستەوە و دەستی بە کۆکین کرد، تاکو هەر گەردیلەیەک لەو هەوایەی لە عەمباری بارهەڵگرەکەی هەڵمژیبوو، لە سینگی دەرهێنا، هێندەی نەمابوو ژەمە ناشتا هەرزانەکەی هەڵبێنێتەوە. وا بزانم پاشان ڕشایەوە.

بەرازەکان برسی نەبوون، ئەو خواردنەی لە بەردەمیاندا بوو بەشی هەفتەیەکی ڕەبەقی دەکرد، هەروەها ئاویش زۆر بوو، لە حەوزە باش داخراوەکان بوو، هەرگیز ناکرێتەوە مەگەر بەرازەکە لمۆزی تێبخات بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئاوێکی کەم هەمیشە لەسەر قەپاغەکە هەیە، تاکو ئاژەڵەکە هەینێ تینوو دەبێت، بە سەرچاوەی ئاوەکە بزانێت، کاتێکیش دوای ئەوەی تێرئاو دەبێت، لمۆزی لێی دەردەهێنێت و جارێکی تر دەفرەکە دادەخرێتەوە، لێ وا دیارە ئارەزووی بەرازەکان بۆ پەڕین بەرز بوو، یەکانەکان لە هەوڵی بێوچاندا بوون، شتێک بکەن تۆرەمەیان بپارێزن. ئەو پێی گوت:

– ئەودەمی خێزانەکەمان لە گوند دەژیا، بەرازی کێویمان لەماڵەوە هەبوون.

هەینێ کە بەرازە زەبەلاحەکەی لێی نزیک دەبووەوە دووردەکەوتەوە، لە سێ لاوە بەراز دەوریان دا، چەندێک پشتی بە لایەکدا خاو بکردایەتەوە، زمانێکی سارد دەیلێستەوە، موچوڕکی بە گیانیدا دەهێنا، یان لووتێکی تەڕ بۆنی پێوە دەکرد و هەناسەیەکی خەمبارانەی دەدایەوە، یاخود دەنگێک دەیشیڕاند بە گوێیدا:

- من خۆشم ناوێن، بەڵکو ڕقم لێیانە. ئەم بوونەوەرە پۆخڵانە شێتم دەکەن.

ئەو پێی گوت: کامانە؟

- بەرازەکان.

لەودەمی یەکەمین بزەخەنەی بە لێودا هات، خۆی وەک ژیژکی زەبەلاحی ئەفسانەیی گرمۆڵە کردبوو، زەردەخەنەیەکی فرەوان ڕوخساری گرتەوە و ددانە سپییە ڕێکەکانی بەدەرکەوتن، تاکو کلۆڵی، یان وای خەیاڵ کرد: گرفتەکەت دەروونییە و هیچی تر نییە! گشت موسڵمانان ڕقیان لە بەرازە، کەچی ئاژەڵێکی ئاسایی بێگوناهە، بگرە جوان و باشیشە. ڕقبوونەوەت لێی پێوەندیی بە بەرازەوە نییە.

بێگومان دەیتوانی وەڵامی بداتەوە و دەکارێت زانستییانە ڕەتی بکاتەوە، چونکە ئەو دەزانێت بەڵکو شیکردنەوەی بەناوبانگی کارگەیی لەسەر گۆشتی بەراز ئەزبەر کردووە، باسی ئەو کرمانە دەکات لە ڕیشاڵی ماسوولکەکانیدا دەژین، کە زۆر زیانیان بۆ تەندروستی هەیە، چونکە بەراز لەسەر زبڵ و پاشەڕۆکی ئاژەڵانی دیکە دەژێت. بڕوا ناکەم ئەو پێی بڵێت هۆکاری لاوازیی سێکسی و کەمیی منداڵبوون لای زۆرێک لە "ئافرەتانی بیانی" خواردنی گۆشتی بەرازە، باوکیشی جارێک ئەمەی پێ گوت، هەروەها هەست بە شەرم دەکات لە ترسی

ئەوەی نەوەکو بە نەزانی تاوانبار بکات، چونکە ئەوەی لە کابرای ناسراوی ئایینیی بیستبوو، پێی گوت: "گۆشتی بەراز غیرەت لە دڵی مرۆڤدا دەکوژێت، ئەمەش ئەو هۆکارە ڕاستەوخۆیەیە وا لە گۆشتخۆران دەکات گوێ بە پرسی سێکس نەدەن و لە خواردنی هەست بە شەرم نەکەن، بگرە دەتوانن بە ڕووتی بە ڕێگەکاندا ڕێ بکەن". یانەی ڕووتان و کەناری ڕووتوقووتانت نەبیستووە؟ دوور نییە گوندی ڕووتوقووتانیش هەبێت.

بە لایەوە گرنگە لە خۆی نزیک بکاتەوە، دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت لێی نزیک ببێتەوە، ئەگەر بە کەمی و کاتییش بێت، بە هۆی ئەو ڕقەی بەرابەر بەراز هەیەتی، بەڵکو دواییش ڕای تری دەبێت. چونکە جوانییەکەی دەتوانێت پاکانە بۆ هەموو شتێکی بکات، جوانی دەسەڵاتێکە گوێڕایەڵی دەبین، ئەوە چ سوودێکی هەیە گفتوگۆیەک بەدەست بهێنێت و ئافرەتێک لەدەست بدات؟ ئەو پێی گوت:

– با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، حەز دەکەم بۆتی باس بکەم. ڕێگەم دەدەیت؟ دەبوو ئێستا من مردبام و ئێسکوپرووسکم لە بیابانی سینا لەگەڵ سەدان تەرمدا لەبەر خۆر و لمی سووتێنەردا ڕاکشایە. پارەوپوولم نەبوو بیکەمە قوربانی، خێزانەکەشم ئەو پارەیەیان نەبوو بۆ ڕفێنەرانی بنێرن، نەمدەویست ئازار و ئەشکەنجە بدرێم، منیش وەک هەر مرۆڤێکی تر حەز بە مردن ناکەم، ئەمەم بە ڕوونی بە شێخێکی ڕەوەندان گوت، ئەو فەرمانڕەوای بەکردەنیی ڕفێنەران و لە گشت شتێکدا پلاندارێژەریان بوو، پێشنیازم بۆ کرد دەتوانم پارەیەکی زۆری بۆ بەدەستبهێنم، ئەگەر لە ژوورێکدا لێمگەڕێت، ئەوی منی دەوێت لە پیاوانی دەستەکەی بیهێنمە

ژووریٚ، ئەوان بیٚ ژنن، چەندین هەیڤ لە سەربازگەکانی بیاباندا دەمێننەوە. بیرۆکەکەی بەدڵ بوو، بەخۆی دەستی پیٚ کرد. لە ڕاستیدا، کارەکە هێند خراپ نەبوو، یاخود من ویستم چێژی لیٚ ببینم، بە ڕاستگۆیی و بابەتییانە مامەڵەم لەگەڵدا کرد، وەک کاری نووسینگە بکەم و پارەی لەسەر وەرگرم، لە هەمان کاتیشدا خۆشیی لیٚ ببینم.

بۆنی بنهەنگڵەکانی دەتگوت بۆنی بنباڵی داڵە، لیٚ تا بلێی لەگەڵمدا نەرمونیان بوو، دەتگوت ئەو زەلامە نییە گەنجە ئەریتیرییەکەی "حەقوس"ی پێش دوو سەعاتان سەربڕی و لاشەکەی بە ستوونێکەوە هەڵواسی، کەمێک گەورەتر بوو لەو ستوونەی لە شوێنێکدا نزیکە لەم بیابانە چۆڵوهۆڵەی پێش بیست سەدە "مەسیح"یان پێوە هەڵواسی. ئەو کوڕەلاوەی شەویٚ هەڵهات و لای سنووری ئیسرائیل گرتیانەوە، هێندەی نەمابوو قوتار بێت، ئەو یەکەمین لەمپەری تەلدڕەکانی بڕی، دوو لەمپەری تری مابوون دوای ئەوە بگاتە ئیسرائیل. سەری بڕی بۆ ئەوەی ئەوانی تر چاوشکێن بکات، نەوەکو یەکێکی تریان هەوڵی ڕاکردن بدات. ڕەنگە ئەویش کاری خۆی ئەنجام دابێت، ئەو کارەی دابینکردنی بژێویی لەسەرە، پیشەییانە ئەنجامی دەدا، بێویژدانانە، دوور لە هەموو هەستێکی مرۆیی.

کابرایەکی کەتە و لەندەهۆر بوو، دەتگوت گامێشە، بەڵام هێند دڕندە نەبوو. وەکو ئەوانی تر کردیان، هیچ یەکێک لە جلەکانی دانەکەند، جگە لە دەرپیٚ کەتانە پانوپۆڕەکەی نەبێت، منیش هەر تاقە کراسەکەم لە بەر کردبوو، بڕواناکەم بۆنی من لە بۆنی بنباڵەکانی ئەو خۆشتر بووبێت، ئاخر چەندین هەیڤ بوو خۆم نەشوشتبوو، واتە لەو ڕۆژەوەی ڕەوەندانی سودانی لە بیابانی بێزراوی سینا بە ڕەوەندانی میسرییان فرۆشتین،

ئاو لەم بیابانەدا لە زێڕ دەگمەنترە. کاتێک گەیشتە لوتکەی چێژ، ئاوێکی زۆری ڕژاند. دەتگوت جامێک ئاوی فیچقاندە ناومەوە، بگرە وام هەست کرد میزی پێدا کردم، هەرچۆنێک بێت کارەکە بێ چێژ نەبوو. وام خەیاڵ دەکرد سێکس لەگەڵ ئەو پیاوەدا دەکەم کە زۆرم خۆش دەویست، هاوارم دەکرد و ناویم دەهێنا، چاوە جوانەکانیم دەبینی تەماشای ڕوخساریان دەکردم و خۆیشی مەست بووبوو. بە نەرمی ئامێزی لێ دابووم و ناسک دەبووەوە. ڕقم لێی نەبوو، بەڵکو تاکو ئێستاش هەر منەتباریم، ئاخر ئەو ژیانی ڕزگار کردم، ژیان لە هەموو شتێک بەهادارترە.

دوای چەند خولەکێک، ڕەوەندێکی تر خۆی بە ژووردا کرد، پاشان یەکی دی، نازانم لە ڕۆژێکدا ژمارەیان چەند بوو، ڕەنگە هەندێکیان دوو جار یان سێ جاران سەردانی کردبم، تاکو وام لێ هات لێکیانم جیا نەدەکردنەوە، سیمایان لام وەک یەکیان لێ هات. وەکو یەک دراو وا بوون، هەمان بۆن، هەمان ڕواڵەت، هەمان زمان، هەمان شێوازی سێکسکردن، ئەو سەرنجە کلۆڵانەیەی لە چاوانی هەریەکەیاندا بەدیدەکرا کاتێک دەرپێ کەتانە گەورەکەی لە پێ دەکرد و دەردەچوو.

بۆ ڕۆژی چوارەم، یارۆی شێخی ڕەوەند هاتە لام و پێی گوتم، ئەوەی کردوومە زۆرە، وەلێ بەشی ئازادکرنەکەم ناکات، بۆیە بۆ داپۆشینی ئەو کەمییە، کە بە هەزار دۆلاری خەملاندبوو، دەبێت گورچیلەیەکی خۆم بفرۆشم. دیدەنگەی گەڕۆک دێن نەشتەرگەری شارەزا و بەتوانایان لەگەڵە. هەروەها گوتی، نەشتەرگەرییەکە زۆر ئاسانە و کاریگەریی بۆ سەر ژیانی ئایندەم نابێت، زۆرێک لە خەڵک (بەپێی زانیاریی ئەو) بە تاقە گورچیلەیەک دەژین، بۆیە نابێت بترسم، دوای

نەشتەرگەرییەکەش بۆ شارم دەگوازێتەوە، ئیدی لەوێ حکوومەتی میسری بایەخم پێ دەدات و ناهێڵێت بمرم. ئەمەش بەڵێنە لەوەوە. ئەو تەنیا لەبەر ئەوەی خۆشی دەوێم ئەمەی کردووە و نایەوێت ئافرەتێکی شۆخوشەنگ و زیرەکی وا دوور نییە دوارۆژێکی گەشاوەی لە ئەورووپادا هەبێت، بکوژرێت. ئەگەر پێشوەخت پارەکەیان بە ڕەوەندە سودانییەکان، ئەوانەی بە چاوچنۆکی وەسفکردن، نەدابایە، ئەوا بێ بەرابەر بەرەڵای دەکردم. "ئەوانە هەردوو گورچیلە و دڵ و چاو و هەندێک خوێن، یان هەمووی دەبەن، ئیدی هەرچییەک لە جەستەی مرۆڤ بەکەڵک بێت و بکرێت بگوازرێتەوە بۆ مرۆڤێکی نەخۆشی تر، چاوەڕوانە و پارەی هەیە کاڵاکە بکڕێت، بەڵام لەگەڵ تۆدا کارەکە جیاوازە، تەنیا گورچیلەیەک و هیچی تر نا".

زۆر گریام، وەلێ کاتێک ژووری نەشتەرگەریی گەڕۆک هات (عارەبانەیەکی بچووک بوو) من لە هۆش خۆم چووم، هەینێ بینیم هاوەڵانم بە لاشەیەکی بێگیانەوە لێی دەردەچن و خوێنیان بەسەر دەستەبەرە ژەنگاوییەکانەوەن، لاشەکانیان فڕێدەدرانە چاڵێکی گەورەوە، لە قووڵایی لمە سووتێنەرەکەدا. هەموویان کاتێک چوونە عەرەبانەی نەشتەرگەرییەکەوە بڕوایان بە قسەی ڕەوەندەکە هێنابوو، کە تەنیا گورچیلەی چەپیان یان ڕاستیان دەبەن و هیچی تر، دواییش بۆ شاریان دەگوازنەوە، لە دەوروبەری شاریان جێ دەهێڵن، ڕێبواران هەواڵیان دەگەیەنن، پۆلیس دێت و بۆ نەخۆشخانەی شەرەمل شێخیان دەبەن، ئیدی لەوێ چارەیان دەکەن.

کاتێک لەپڕ بارهەڵگرەکە وەستا، هەردووکیان بێدەنگ بوون. گوێیان لە هەندێک گفتوگۆ بوو بە زمانێک، لێی

تێنەدەگەیشتن. پاشان "حەپەحەپ"ی سەگە زلەکانیان بەرگوێ کەوت، لە دەوری بارهەڵگرەکە و لەژێریدا هەستیان بە جووڵەی کەسانێک کرد. ئەو هەردوو ناولەپی نابووە سەر دەمی، چون بیەوێت بەر بە قیژەیەکی بڵند لە تەقینەوەی بگرێت، چاوانی توند نووقاندن. پاشان بێدەنگی بۆ ماوەیەک ئەوێی گرتەوە، ئینجا بارهەڵگرەکە جارێکی تر بەجووڵە کەوت.

ژنە پێی گوت: وەرە نزیکمەوە. من دەترسێم. وەرە ئێرە.

کاتێک خۆی بە شیشی لەمپەرەکەوە نووساندبوو، دەلەرزی. ئەم چووە تەنیشتیەوە، ئەویش خۆی بە شیشەکەوە نووساند. ئەم دەستی لە کونەکانی شیشەکەوە بردە ژووری، ئەو دەستی گرت. چاوانی خەریک بوون جارێکی تر سوور هەڵدەگەڕان، هەندێک فرمێسک کەوتنە سەر ڕانی.

گوتی: من دەترسم، ناتوانم بەرگەی هیچ کارەساتێکی تر بگرم. ئەگەر لە وڵاتی خۆم نەیانکوشتمایە، دەگەڕامەوە!

وەک لەپڕ تا دایگرتبێت، ئاوا دەلەرزی. دەستی سارد و ئارەقەی کردبوو. ئەم دەستی بە ڕوخساریدا هێنا، گەرم بوو، فرمێسکەکانی سڕینەوە. نەیدەزانی چیی پێ بڵێت و چۆن دڵی بداتەوە، ئاخر پێشتر هەڵوێستی وای نەبینیبوو.

بەرازەکان وەک نەریتی هەمیشەییان، بە هەموو لایەکدا دەیانقیژاند، بۆنی پیسایيان ئەو ناوەی هەڕکاندبوو. دنیا سارد بوو، دەموچاوی ئەویش گەرم، دەیتوانی هەست بە گەرمیی جەستەی بکات.

وا دیاربوو پەیتا پەیتا دڵنیا دەبووەوە، کاتێک لەسەر چۆکان بوو، هەردوو دەستی لە شیشەکەوە بردە ژووری، ئەم

سوورِا و لەسەر هەمان دۆخ مایەوە، ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە. ئەو دەستی لە ناوقەدی گیر کرد و بۆ خۆی ڕاکێشت، ئەمیش باوشی لێ دا، نیوەی سەرەوەیان لە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی تەواوی لەمپەرەکە بوو.

لەودەمی بە دوو گلێنەی سوورهەڵگەڕاوەوە تەماشای چاوانی دەکرد و بزەخەنەیەکی نیگەران بە لێویەوە بوو، پێی گوت: "ماچم بکە".

ڕوخساریان بە شیشەکەوە نووسابوو و لە کونەکانەوە لێوی ڕەت کرد، تاکو بە لێوانی بگات، تامیان سوێر و گەرم بوو.

## ئابڕووچوون

لەم بەشەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەو ڕستەیەی بەشی دووەممان پێ دەستپێکرد:

لەو دوو سەگە ڕزگاری بوو، کە لە خوالێخۆشبوو خاتوو لودیا شۆڵزی خەسووی بۆی مابوونەوە، ئەودەمی وەکو گووپێکەری سەگان کاری لای دەکرد، دوای مردنی، یەکسەر بە پەناگەی ئاژەڵانی بێخاوەنیماڵیی سپاردن.

لەم بەشەدا گێڕەرەوە گەشتی دەروێشمان بۆ نەمسا بۆ تەواو دەکات، بەڵام دوایی بایەخ دەدات بە پێوەندیی خۆی بە "نورا شۆڵز"ی ژنی، کچی پیرە "لودیا شۆڵز"، کە لای ئەم کاری دەکرد، وەکو لە بڕگەکەی سەرەوەدا هاتووە، ئێستا لە تەنیشتیەوە دانیشتووە، هەندێک مەییان هەڵقوڕاندووە و چاوەڕوانی هاتنی "تۆنی"ی هاوەڵی کچەکەیانن.

دەروێش خەیاڵی دوور بۆ گوندەکەیان ڕۆیشتبوو، هەڵاتوو لەدەست ئابڕووچوونی کیژەکەی، تاکو یەکلایی بکاتەوە و ئەوەی لەسەریەتی بیکات، واتە لەوێ جەنگەکەی بەڕێوەدەبات، لەو مەیدانی جەنگەی ڕێگە و شێوازەکانی لێدە و بڕۆی دەزانێت و دەتوانێت تێیدا بە شێوەیەکی یەکجارەکی و دڵڕەقانە سەرکەوێت. دەروێش هەستی نەدەکرد ڕۆژێک ناکۆک بە خۆی بێت، چونکە بە وردی کارەکانی لە بەرابەر ئەوەی بڕوای

پێیەتی، تاقی نەکردبووەوە. بەم ئاوایە بە پێوەری ناکۆک کۆمەڵگەی لە بەرابەر خۆیدا بینییەوە، کە لەبەر هێزی بەتینی ناکۆکییەکانیدا لەوپەڕی هاوسەنگیدا بوو. کچەی ڕاموسی، پەنجەکانی بۆ ژێر تەنوورەکەی درێژ کرد و گەمەی بە چیمەنی باخچە نهێنییەکەی دەکرد و قامکە بێشەرمەکانی پتر ڕۆیشتن، بەرەو دەریاچە بچووکە گەرمەکەی، هەستی بە هیچ شەرم و فەدییەک نەدەکرد، جگە لە شێتیی چێژ، کە هۆش و پاش هۆشیشی بردبوو. هەستی بە هیچ کارەساتێکی ئاکاریی نەکرد، کاتێک داوای لەو کرد خۆی ڕووت بکاتەوە و پشتی تێبکات، ئینجا لەسەر چۆک سەری بەرەو خوارەوەی بارهەڵگرە تیژرەوەکە دانەوێنێت، کە زەوییەکەی قووت دەدا و مەودا درێژەکانی بەرەو نادیار دەبڕی. لە میانەی کونێکی لەمپەرە ئاسنینەکەوە چووکی درێژ کرد، تەواو وەکو چۆن هەندێک لە بەرازە ئالۆشەکان لە قەفەسی تەنیشت دەیانکرد. هەینێ گەیشتە لوتکەی چێژ و خۆشی، ئینجاش زۆر یان کەم بیری لە پرسەکانی شوورەیی و ئابڕووچوون نەکردەوە، یان ئەوی لە وڵاتی خۆی پێی دەڵێن "پیاوەتی"، وەکو کەمتیاری بریندار، چون شێرێکی برسی لێی نزیک بووبێتەوە، هاواری کرد. پیاو لە وڵاتی خۆیدا کاتێک لە بان ئەو کارە هاوار دەکات، بە ئافرەتی دەچوێنن و ئافرەتان ڕێزی لێ ناگرن، کەچی ئەو حەزی دەکرد ڕێزی لێ بگرن.

لە هەمان دەرگەی نهێنیی بارهەڵگرەکەی پێشتر لە گەوڕی ئاژەڵەکانەوە لە کەناری ئەسینا چوونە ناویەوە، شۆفێرەکە لای کێڵگەیەک لە دەوروبەر ڤیەننا دایگرتن، لە ماڵێکی گەورەی جووتیارێک خۆی لەوێ نەبوو، داوای لێ کردن خۆیان بشۆن و جلەکانیان بگۆڕن، یان ئەو جلانە بشۆن کە بە میزی

بەرازەوە بووبوون، بۆ دوو ڕۆژی تر لەوێ دەمێننەوە (لەو خانووەدا چییان بویستایە تێیدا بوو)، پاشان بۆ ڕۆژی سێیەم سەعات هەشت چارەک کەمی بەرەبەیان، ڕوو لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە بکەن و لە هەشت و دوو خولەک لە شۆستەی ژمارە ٣ سواری ئەو شەمەندەفەرە بن کە بۆ ڤیەننا دەچێت، وێستگەکەش چەند مەترێک لەو شوێنەیانەوە دوور بوو. دەبێت لە کات و شوێنی دیاریکراودا لەوێ بن: "شەمەندەفەر چاوەڕێی کەس ناکات".

ئێستا هەردووکیان لە ئەماندان و هیچ ترسێکیان لەسەر نییە، دەتوانن خۆیان بدەنە دەست پۆلیسەوە و داوای مافی پەنابەرێتیی سیاسی بکەن، بەڵام بە جیاجیا و لە شوێنی جیاوازی شار، ئەگینا لە بیریان دەچێتەوە چی بە بەڕێوەبەرایەتیی کۆچبەران بڵێن، دەبێ ئیشەکەش بە جیددی وەربگرن. هەردووکیان شایانی ئەو مافەن، بەڵام بەدەستهێنانی هەر وا سووک و ئاسان نییە. دەبێت لە کاتی لێکۆڵینەوەدا چیرۆکی بارهەڵگری بەرازان لە بیر بکەن و باسی گەشتی دەریا بکەن بۆ ئیتاڵیا، پاشان لە ڕێگەی بارهەڵگرێکەوە سندووقە میوە، یان چەک، یاخود هەر شتێکی تری هەڵگرتبوو، لە بیر نەکەن. شۆفێرەکە چیرۆکی ڕێگەی دەریای بە شێوەیەکی باش پێ گوتن، تا ڕادەیەک هەردووکیان لەبەریان کرد، بە تەنیشت یەکەوە لەسەر ڕەفێک لە ڕەفەکانی دۆلابی یادگەیان دانا، لەگەڵ ئەو دۆزە خەیاڵییەی لە کاتی گونجاودا دەیخەنە بەردەم بەڕێوەبەرایەتیی کۆچبەران.

(بە قسەی خۆی) هێند پارەی پێ دان، بەشی هەفتەیەکی ڕەبەقی هەریەکێکیان بکات: "ڕەنگە پێویستتان بە پارە نەبێت.

چەند پەلە بکەن لە هەواڵدان بە پۆلیس بۆ خۆتان باشترە. شوێن و خواردن و جلوبەرگتان بە خۆڕایی دەدەنێ".

پاشان پێوەندیی بە دەلاڵەکەوە کرد و ژمارەمۆبایلی پێ دان و وشەی نهێنییان لەگەڵدا گۆڕییەوە، بەمە پارە ڕاگیراوەکە بۆ قاچاخچییەکان لە یۆنان حەواڵە دەکات، واتە پرۆسەکە کۆتایی پێ هات: "سوپاس بۆ خوا بۆ سەلامەتیتان، بەخێربێن بۆ ئەورووپا".

پابەند نەبوون بە ئامۆژگارییەکانی قاچاخچییەکانەوە بۆ ناسینی یەکتر، وردترین زانیارییان لەسەر ژیانی ڕابردوویان بە یەکتر گوت. ئەم باسی خێزانەکەی و دوو برا شیرییە بێکارەکانی بۆ کرد، وێڕای ئەوەی دەرچووی زانکۆن، هەروەها باسی باوکە سودانییەکەی (خوا لێی خۆشبێت) و دایکە میسرییەکەی، سەبارەت بە خەون و ئاواتەکانی، هەروەها ئەو کچەی خۆشی دەویست و لەدوای خۆیەوەی جێهێشت.

ئەویش باسی جەنگ لە وڵاتەکەی و پاکتاوی نەژادیی بۆ کرد، کە بەسەر خێڵەکەیدا هاتبوو، سەبارەت بە ڕەوەندە پیاوکوژەکان، هەروەها سەبارەت بە خۆشەویستەکەی و شتی تریش، بەڵام تاقە شتێک پێی نەگوتبێت، بەڵکو درۆی تێدا کرد، کاتێک لە بارهەڵگرەکەدا بوون، لێی پرسی:

- لە میسر چیت دەکرد؟

باسی ئەوەی بۆ کرد پێنج مانگ لە نەخۆشخانە ماوەتەوە، دوای ئەوەی ڕەوەندەکان گورچیلەیان برد و لە شەقام لە شاری عەریش فڕێیان دا، تووشی هەوکردنێکی توند هات، هێندەی نەمابوو ژیانی لەدەست بدات، لە ئەنجامی ئەو ڕەوشە ناتەندروستەی، گورچیلەیان دەرکرد، وێڕای ئەو دوو سەعاتەی بێ چاودێری لە چۆڵەوانی بەسەری برد. لێ

پزیشکێکی بەتەمەنی میسری وەکو کچی خۆی بایەخی پێ دا و یارمەتیی دا ئەو ناخۆشییە تێپەڕ بکات، گواستیەوە بۆ نەخۆشخانەی "ئەلقەسرل عەینی" لە قاهیرە، لەوێ بە شێوەیەکی نیمچەهەمیشەیی کاری دەکرد، ئیدی بە ڕاسپاردەی ئەو و بە ئاگەداریی خۆی چاودێریی پزیشکیی باشی بۆ کرا. سەبارەت بە نەخۆشخانەکە، پتر نەچووە ناو وردەکاریی زیاترەوە، ڕەنگە نەیویستبێت یادەوەریی ئەو ساتانە دووبارە بکاتەوە، کە تێیاندا لە مەرگەوە نزیک بوو، بەڵکو ئەگەر بڕوای بەو مردوانە هەبوایە دەگەڕێنەوە ژیان، ئەوا خۆی بە یەکێک لەوان دادەنا، داخۆ شتێکی تر هەیە جگە لە هیوا لەدەستدان لە ژیان و دەمنادەمێک چاوەڕوانی دەرچوونی ڕۆحت بیت، چاودێریی ترپەی دڵت بکەیت، پەیتاپەیتا کزبێت، نوقمی بیری قووڵی بێدەنگییەکی ترسناک بیت. سییەکانت ئیفلیج دەبن و هەست بە جیهان دەکەیت تەنگ دەبێتەوە، پاشان تەنگ دەبێتەوە، پاشان تەنگ دەبێتەوە، تاکو هێندەی قەبارەی پەنجەیەکی لێ دێت، قەبارەی تاڵەموویەک، قەبارەی گەردیلەیەکی شەو، دواتر لە هۆش خۆت دەچیت. بە هەموو ئەمانەدا تێپەڕی، بە ئەزموونی مەرگ و کەوتن لە هەڵدێری عەدەم. لە دۆخی مەرگ، یان ژیاندا مایەوە، نازانێت! دۆخێکی پڕ لە نادڵنیایی، تاکو سەرلەبەیانییەکی زوو بێدار بووەوە، ڕووناکی هەموو ژوورەکەی گرتبووەوە، ڕۆحی داگرتبوو، لە هەناویدا هەستی پێ کرد لەگەڵ خوێنیدا ڕێ دەکات، هەموو شتەکان لە سڕبوون بێدار دەبوونەوە. نازانم چەندێک کات تێپەڕیبوو: چەند مانگێک، یان مانگێک، یاخود بەشێکی کەمی چرکەیەک؟

هەینیٚ وەختی جێهێشتنی نەخۆشخانە هات، نەیدەزانی بۆ کویٚ بڕوات، جونەیهێک چییە لە گیرفانیدا نەبوو. ڕەوەندەکان تەنانەت پارە ئاسنەکانیشیان لە گیرفانی دەرهێنابوو، هەروەها چی خشڵێکی هەبوو، ئەویش ئەڵقەیەکی زیو بوو لە شێوەی بازنەی بچووک بە گوێی چەپیەوە بوو، کێشی پێنج گرامێک بوو، نرخەکەشی چارەکەدۆلارێکی ئەمریکیی نەدەکرد. ئەو ئەڵقە هەرزانبابییە لای ئەو زۆری دەگەیاند، هیی دایکی بوو. لە ڕاستیدا، ئەوە هەموو ئەوە بوو دایکی لە ماڵی دنیاییٚ شکی دەبرد، پێی بەخشی تاکو بۆ هەتاهەتا لای خۆی بیپارێزێت. ئەم "هەتاهەتا"یە ئەوە دەگەیەنێت کاتێک دەمرێت لەگەڵ خۆیدا بیباتە گۆڕەوە، تاکو دایکی لە ژیانەکەی دی بیناسێتەوە، ئەودەمی لە بەهەشت، لە ناوەندی جەنجاڵیی نەتەوەکاندا پێک دەگەن.

کەسی نەدەناسی، جگە لەو پزیشکە دەستودڵباشەی ئاگای لێی بوو، وەلیٚ ئینجاش بڕیاری دا پێوەندیی پێوە نەکات، ئەوەندە بەسە دەڕۆستت کردی و لە مەرگی ڕزگار کردی، دەبێت بە تەنیا ڕێگە ببڕێت. زۆری بیر لە هەنگاوی داهاتوو کردەوە، پاشان لە پەرستارەکەی پرسی نزیکترین کڵێسەی لە نەخۆشخانەی ئەلقەسرل عەینییەوەی نیشان بدات، کەچی پەرستارەکە پێی گوت: دکتۆر جەماڵ عەباس دەیەوێت و داوای لیٚ دەکات چاوەڕێی بکات، ئێستا ئەو لە نەخۆشخانەکەدایە و ئامادە دەبێت.

هەرچی ئەوەی دواتر بۆی گێڕایەوە، جگە لە درۆیەلێک کاتی خۆی دایهێنابوون، هیچی تر نەبوون، بۆ نموونە: ئەو قسەیەی کە شووی بە پزیشکە پیرە میسرییەکە کرد و بە ڕەزامەندیی خۆی، پارەی سەفەرەکەی ئەورووپای سەرلەبەر

دایێ. هەروەها بێگومان درۆی هاوشانی ئەم چیرۆکەش، کە هەر خوێنەرێک چەندە خەیاڵی لاواز بێت و چەندیش لە خوێندنەوە ماندوو و شەکەت بێت و وازی خراپ بەدەست ئاریشەی تێکچڕژاوی خێزانییەوە، یان تای شەوانەوە تێکچووبێت، ئینجاش سووتانی قوڕگ و میزبەخۆداکردنیشی بێتە سەر، یان قەبزیی بەردەوام، خوێنەر دەتوانێت پێشبینییان بکات، ئەویش: پارەیەکی زۆری لە دکتۆر "جەماڵ عەباس"ی پیر دزیوە و بە پاسپۆرتی ساختە، لە ڕێگەی دەریاوە بۆ یۆنان ملی ناوە!

ماڵی کابرای جووتیار زۆر گەورە بوو، لە دوو قات، یان پتر پێک هاتبوو. هێند بایەخیان بەوی ناوی نەدا، هەرچەندە هەردووکیان گەلێک بە دەوروبەریدا سووڕانەوە، هەر جارێک و ژووری تازەیان دەدۆزییەوە، پێشتر نەیانبینیبوو. سیمای گشتیی هەموو شتەکان پشتگوێخستن و ئەو تۆزە سپییە بوو بەسەر شتەکانی ناو ژوورەکانەوە بوو، هەروەها بۆنی شێ و بۆگەنکردنی لەسەرخۆی شتەکان.

خۆیان لە جلە پیس و لەوتاوییەکانیان بە میز و گووی بەرازان ڕزگار کرد. نەیانشوشتن، بەڵکو فڕێیاندانە سەبەتە گەورە و فەرامۆشکراوەکەی بەلەکۆنەکەوە. خۆیان بە ئاوی سارد شوشت، چونکە ئاوی گەرمی نەبوو. ژوورێکیان بۆ نووستن ساز و ئامادە کرد، ئاخر ئەستەم بوو بتوانن دوو ژوور، یان دوو تەختەخەو ئامادە بکەن، ڕەنگە ئەو کارە پێویستی بە ڕۆژێکی تەواو ببوایە، ئەوانیش شەکەت و ماندوو، برسی و نیگەران بوون. ڕەنگە سبەی ئەوە بکەن.

ناوی "نادیا ساومێل" بوو لە ڕاوەندا، لە کەمینەی "تۆتسی" بوو، کە لەژێر دەسەڵاتی زۆرینەی شەڕانگێزدا دەیانناڵاند

(بەپێی قسەکانی بە زمان و ئاماژەکانی ڕوخساری) پێیان دەگوتن "هۆتۆ".

ئێستا خانەوادەکەی لە کیگالیی پایتەختی نەتەوەییدا دەژێن. گوندەکەیان بەرەو شار جێهێشت بۆ خۆپاراستن لە دوژمنکاریی بەردەوامی دراوسێ هۆتییەکانیان، ئەوانەی چاویان بڕیبووە خاک و ئاژەڵەکانیان، ئەوانەی سڵیان لە کوشتن نەدەکردەوە، ئەگەر هەموو شتیان بەبێ شەڕ بۆ جێنەهێڵن. ئەوەی قورس نەبوو لەگەڵ خۆیانیاندا برد و لە گەڕەکێکی هەژارنشین لە دەوروبەری شار نیشتەجێ بوون، زەوی و ماڵیان بۆ هۆتۆکان جێهێشتن. زۆربەی تۆتسییەکان وایان کرد. هەستیان دەکرد لەم گوندە دوورانە لە چاوی دەسەڵاتی ناوەند شتێکی خراپیان بەسەردێت، کە لەژێر دەسەڵاتی خێڵ و کۆمەڵە هۆزەکاندا بوون.

ناوەندیش هەر بەدەست هۆتۆکان خۆیانەوە بوو، بەڵام باشتر بوو، چونکە لەوێ هەندێک سانسۆری نێودەوڵەتی هەبوو. لە سەردەمە جیاجیاکاندا ژمارەیەک دوژمنکاریی ڕوویان دا، گەلێک کەس لە کەسوکار و ناسیاوانی لە گوند و کۆمەڵگە دوورەدەستەکانی نیشتەجێبوون، بوونە قوربانی.

تەختەخەوەکەی کابرای جووتیار گەورە و فرەوان بوو، هەرچەندە زۆر سارد و بۆنی شێی تەڕی و کۆنی و فەرامۆشکردنی لێ دەهات. زۆر قسەیان پێکەوە نەکرد، چوونە ژێر چەرچەفە ئەستوورەکەوە، باوەشیان بەیەکدا کرد و نووستن.

نەیزانی سەعات چەندە، بەڵام وا دیاربوو هێشتا گزنگی نەدابوو، ئەو ڕووناکییەی لە دەرەوە خۆی بە ژوورەکەدا دەکرد، هەمان ئەو ڕووناکییە بوو کاتێک خەوتن. هەندێک لە

گلۆپە ڕەنگزەردەکان بە شوێنەکەدا بڵاوبووبوونەوە، یان لەبەر دەرگەی هەندێک ماڵ بوون.

لێفەکەی تەنیشتی گەرم بوو، کاتێک پەنجەکانی کشان و لە شتێک دەگەڕان. لەپڕ ئاگەداربووەوە پەنجەکانی بەر هیچ نەکەوتن. لە پێخەفەکەی ڕابوو و چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا. ئەوی نەبینییەوە، شتەکانی بە ژوورەکەدا پەرتوبڵاو بووبوونەوە، هەروەها تێبینیی ئەوەی کرد تیرۆژێک لە ڕۆشنایی لە لایەکی ماڵە گەورەکەوە دێت، بەتایبەت لای خوارەوە. باشە، دەبێت ڕۆیشتبێت بۆ ئاودەست کە لە خوارێ بوو (دوێنێ پێکەوە پاکیان کردەوە)، بەڵام ئەو پێی باش بوو بەدوای ڕووناکییەکەدا بۆ لای بڕوات.

بەرەو خوار هەنگاوی نا، توانیی دوای چەند هەنگاوێکی کەم، لە دەلاقەی پلیکانەکەوە بەدیی بکات.، لەسەر قەنەفە گەورەکەی هۆڵەکە دانیشتبوو. جلی خەوی لە بەردا بوو (ئەتەگێکی کورتی سپی بوو) لە دوورەوە بریقەی دەداوە. مێزۆکەیەکی بچووکی قاوەیی ڕەنگ لە بەردەمیدا بوو، دوێنێ بە لایدا تێپەڕین. جگەرەی دەکێشا. سڵاوی لێ کرد، وەڵامی دایەوە و ئاماژەی بۆ کرد بێت. کاتێک لێی نزیک بووەوە، هەمان بۆنی بۆ هات، کە پێشتر لە ماڵی قاچاخچییان لە ئەسینا بۆنی کرد. بۆنی بەنگۆ. بە سەرسامییەوە لێی پرسی:

– بەنگۆ؟

لەودەمی زەردەخەنەیەکی هێمنانە بەسەر لێوانیەوە بوو، گوتی:

– بەڵێ، دەتوانیت وا بڵێیت، وەلێ تێکەڵەیەکە لە گیای دەگمەن، "گوشی هیندی"[1] بەشە سەرەکییەکەیتی. لە ئەسینا

---

1. گوشی هیندی: جۆرە گوڵێکە. القنب الهندی.

لەگەڵ خۆم هێنام، سەلاح سەعدی ئەریتیری دەیفرۆشێت. ئەو هەموو شتێک دەفرۆشێت، ماددەی بێهۆشکەر بە ئافرەتان و هاوڕەگەزبازانی نێر و مێ دەفرۆشێت، تۆڕێکی باشی هەیە. دەکێشیت؟

بێ دوودڵی پێی گوت:

- پێشتر بەنگۆم نەکێشاوە، بەڵام ساڵانێکی زۆر جگەرەم دەکێشا، نزیکەی ساڵێکە وازم لێ هێناوە.

بە تەنیشتیەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشت، چون هەموو شتێکی گوتبێت، ئەمیش هەرچی هەبوو، گوتی. بە چاوی ئەو شوێنەی پشکنی. لەهیکرا لێی پرسی:

- کەواتە تۆ لە ماڵی قاچاخچییان لەگەڵماندا بوویت؟

لەودەمی مژێکی توندی لێ دا، گوتی:

- دەتوانیت وا بڵێیت.

- کەواتە ئەوە تۆیت سەلاح سەعد باسی بۆ کردم؟

- چیی گوت؟

لە جگەرەکێشان وەستا و جگەرەکەی لەنێوان پەنجەکانیدا جێهێشت و چاوی تێبڕی، چاوەڕوانی وەڵامی ئەم بوو، کەچی ئەم هەندێک دوودڵ بوو. ڕەنگە لە ئاکامەکانی وەڵامەکەی ترسابێت ئەگەر ڕاستیی پێ بێژێت، هەروەها حەزی نەدەکرد درۆی لەگەڵدا بکات. لە دواییدا پێی گوت:

- کاتێکی تر بۆتی باس دەکەم.

بە دەنگی بەرز خەنییەوە و پێی گوت:

- باشە، من دەزانم ئەو لەسەر دە دۆلار لەگەڵتدا ڕێککەوتووە لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو و تۆ من بەدەست بهێنن، وا نییە؟

جارێکی تر خەنییەوە، لەوەدەمی مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا و دووکەڵەکەی لە دەمیەوە دەرهێنا، بەدەم هەندێک وشەوە درێژەی پێ دا: ئەو خاوەنکارێکی بچووکی زۆر سەرکەوتووە، هەمیشە ٣٠% دەلالانە دەستێنێت، واتە بەشی من حەفت دۆلارە، بە مانایەکی تر: ئەو دەلالانە تەنانەت لەو پێنج دۆلارەش دەسەنێت، کە تۆ لەبری ئەوی دەدەیت.

پاشان جارێکی دی خەنییەوە و دەستی بۆ جگەرە بەنگۆکەی درێژ کرد. لەسەری ڕۆیی: ئەو کەسێکی زەنگینە، لێ درۆزن و تەڵەکەبازە، هەمیشە وا دەنوێنێت لەوپەڕی نەداریدایە.

جگەرەکەی لە دەست سەند و بە دەستیەوە گرتی، بیری لە زۆر شتی جیاواز کردەوە. پێی گوت:

- مژێکی زۆر کورتی لێ بدە، پاشان مژێکی زۆر کورتی تر، ئینجا مژێکی قووڵ، ئەوکات دنیا وەکو ئێستای من دەبینیت: وەکو بووکەڵەیەکی بچکۆڵەی گوێڕایەڵ لە مشتتدا بە ئارەزووی خۆت گەمەی پێ بکەی. من ئێستا خۆم چۆنم دەوێت، ئاوا بە جیهان دەکەم.

بەدەم گومانەوە لەوەدەمی جارێک سەرنجی جگەرەکەی دەدا و جارێکیش لەو، خێرا خێرا سەرنجی لەنێوان هەردووکیاندا دەگواستەوە، گوتی: ناتوانم.

ئەویش بە چاوقایمییەوە گوتی: بەڵێ دەتوانیت.

لەو کاتی جگەرەکەی بۆ درێژ دەکرد، گوتی: ناتوانم، بڕوا بکە!

خۆی لە دەستە بە جگەرە درێژکراوەکە بوارد: من گوتم تۆ دەتوانیت، تۆ پێشتر جگەرەت دەکێشا، جیاوازیی نییە، تەنیا لە ناواخندا نەبێت، کارەکە یەکە. ئێستا قومێکی لێ بدە.

دواڕستەی بە شێوازی فەرمانکردن گوت، چون فەرماندەیەکی سەربازی بێت و فەرمانی یەکلاکەرەوە بۆ دەستپێکردنی شەڕ و پێشڕەوی دەربکات، لەگەڵ کوشتنی زۆر دڵڕەقانەی سەرجەم سەربازانی دوژمن و شێواندنی تەرمەکانیان، ئینجا دوای تاشینی قژی، سەرەکانی بۆ ژووری فەرماندەیی بۆ بێنن: ئێستا!

قومێکی کورتی لێ دا، دووکەڵەکەی لە زاریدا هێشتەوە. لەودەمی ڕوخساری لە ڕوخساری نزیک کردەوە، گوتی:

– قووتی بدە، ئێستا قووتی بدە!

هەینێ دووکەڵەکەی لە دەم و لووتیەوە دەردەهێنا، لێوی بە لێویەوە نووساند و باقیی دووکەڵەکەی هەڵمژی، پاشان ئەودەمی هەناسەکەی بە دەموچاویدا کرد، بە نووکی ددانەکانی گازێکی لە لێوی گرت، بە جووڵەیەکی گورج و سووک جگەرەکەی لەنێو پەنجەکانیدا دەرهێنا، قومێکی توندی لێ دا، لە دەموچاوی دەرویێش نزیکبووەوە، ئاماژەی پێ کرد زاری بکاتەوە، لێوانی بە لێویەوە نووساندن، وەکو هەمیشە گەرم بوون. دووکەڵێکی زۆری لە گەروویەوە دەرکرد، پاڵەپەستۆی خستبووە سەر لێوەکانی، بە هەردوو دەستیشی سەری گرتبوو، نەیدەهێشت بجووڵێت، تاکو ئەم هەستی بە هەناسەتەنگی کرد و چاوانی سوور هەڵگەڕان، هەوڵێکی زۆری دا، تاکو لە دواییدا دوای بەرهەڵستییەکی توند، توانیی سەری لەناو دەستەکانیدا دەربکات، کەوتە کۆخین، تاکو توانیی خۆی لێ دوورخستەوە، پاشان لای ئاسانسەرەکە وەستا، بە شێوەیەکی تۆقێنەر تەماشای ئەوی دەکرد، چون تەماشای شەیتان، یان بوونەوەری جیهانێکی تر بکات تازە خوڵقابێت. ئەو ئاماژەی بۆ کرد بگەڕێتەوە، کەچی ئەم بەرەو گەرماوەکە

ملی نا، دەموچاوی بە ئاوی سارد شوشت، پاشان ڕووەو پلیکانەکە بەرەو ژووری نووستن ملی نا. ئەو بە دەنگێکی گیراوەوە پێی گوت:

– ئەمە پیشەی من بوو لە میسر.

کەمێک وەستا، وەک ئەوەی بیەوێت جارێکی تر وشەکان لە هەوادا ڕاو بکات. کاتێک بزەخەنەیەکی هاتێ و بە نازێکی بەدکارانەوە لێی دەڕوانی، گوتی:

– چی دەڵێیت؟

خەنییەوە و بەردەوام بوو لە تەماشاکردنی، چون بیەوێت ڕاستەوخۆ وەڵامەکە لە ڕوخساریدا بخوێنێتەوە: ئەگەر بەتەمای شووکردن بە پیاوێکی ئەورووپی نەبوومایە، ئەوا سڵم لە شووکردن بە تۆ نەدەکردەوە. وازم لە پیاوانی جیهانی سێیەم هێناوە.

متەقی نەکرد. هەموو شتەکان چون لە خەودا بن، تێپەڕین.

وا بزانم لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا ئەوەمان گوتووە، کە جوانترین ئافرەتە لە ژیانیدا بینیبێتی، یاخود وای مەزەندە کرد. ئەگەر شتی وامان نەگوتبێت، ئەوا ئێستا گوتمان، ڕەنگە ئەوەشمان گوتبێت، کە ئەو پێی گوتبوو، جوانییەکەی سەرمایەیەتی، ئەوە سامان و پرۆژەیەتی لە ئەورووپا. داخۆ ئەوەی پێ گوتووە، کەوتووەتە داوی خۆشەویستیی کابرایەکی گونجاوەوە؟

ئا ئەوەتانێ نادیا ئێستاکێ دەڵێی خودایەکی بچووکە بە کەیفی دڵی خۆی، خۆی خوڵقاندووە، ئەوەتا بە ڕوونی و خۆشنوودییەکەوە دەجووڵێتەوە، وەک ئەوەی جیهان بووکەڵەیەکی ملکەچ بێت، بە ئارەزووی دڵی گەمەی پێ بکات.

پێدەچێ ئەوە بە هۆی بەنگۆوە بێت، یاخود ڕاستییەکەی کەس نازانێت، ڕاستتر ئەم نازانێت!

ئەو بە دەنگی بڵند گوتی: پێم گوتی بۆ ساتێک وەرە.

لە شوێنی خۆی چرکەی نەکرد. گەوجانە بێ هیچ مانایەک تەماشای دەکرد. هەڵستا. جگەرەکەی لەسەر تەپڵەکەجگەرەکە دانا و بەرەو لای چوو. ئەو وەکو بت لە هەمان شوێندا وەستابوو. دەستەکانی لە گەردنی ئالاندن، بە گوێیدا چرپاند: نامەوێت بتکوژم. تەنیا ویستم پێش نووستن ماچم بکەیت و هیچی تر نا، بەلام قەینا. کاتێکی خۆش.

پاشان بەری دا. بەرەو ژووری نووستنەکە بەدوایدا ڕۆیشت. هەینێ بەیانی بەخدێی خۆی زوو لە خەو ڕابوو، لە لای ڕاستی سەری هەستی بە ژانەسەر دەکرد، ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ بەنگۆکە، کە نادیا بەزۆر دای پێی. هەرچی ئەو بوو بە کراسێکی نەرمی سپییەوە بە نیمچەڕووتییەکەوە پشتی تێکردبوو و چووبووە خەوێکی قووڵەوە. لەگەڵ ڕووناکیی بەرەبەیاندا جەستەی ناسک و بریقەداری دەدرەوشایەوە. هەناسەی بە ڕێکی بەرز و نزم دەبووەوە، لەوپەڕی ئاسوودەییدا بوو، لەگەڵ پاکییەک، لە پاکیی زارۆکان دەچوو. لەودەمی بە تووڕەییەوە تەماشای ئەوی دەکرد، بە خۆی گوت: "ئای چ گورگێکی سۆزانییە!".

بە هێمنی لە جێگەکەی دەرچوو، نەوەکو بێداری بکاتەوە. لەودەمی لە تەختەخەوەکە دادەبەزی، ئەو ئەمدیو و ئەودیوی کرد، هەندێک وشەی نائاشکرای دەربڕی. بەرەو گەرماوەکە ڕۆیشت، پەنجەی بە توندی لەسەر شوێنی ژانەسەرەکەی بوو. خۆی شوشت و بیری لە شەوە تۆقێنەرەکەی دوێنێ دەکردەوە و سەرزەنشتی خۆی کرد، چونکە بە ئاسانی خۆی دایە

دەستیەوە، بەڵام دەنگێکیش لە ناخیدا پێی دەگوت لەو دەترسا، لە شتێک دەترسا. بەرەو هۆڵەکە لای شانۆی ڕووداوەکانی شەوی ڕابردوو ڕۆیشت. شوێنەکە گەلێک تۆزاوی بوو، شوێنەواری هیچ شتێک دیار نەبوو، تەنانەت پاشماوەی بۆنی نووساو بە هەواکەشەوە، بگرە شوێنەوارێک نەبوو ئاماژە بەوە بکات مرۆڤێک لەو شوێنە دانیشتبێت. مێز و قەنەفەکە تۆزاوی بوون، وەکو دوێنێ جێی هێشتن، بەو هیوایەی ئەمڕۆ پاکیان بکاتەوە. جگە لە شوێنەواری دوێنێ، هیچ نییە. "ئایا لە هۆڵێکی تر دانیشتبوو؟ ئەم ماڵە پڕە لە نهێنی؟ دوور نییە".

لەو ناوە لەو هۆڵە دەگەڕا. بە پلیکانەکەدا هاتە خوارێ: تەنیا بێدەنگی و تاریکی بوو.

کاتێک هۆڵە گەورەکەی بەرەو گەرماوەکە بڕی، بە سڵاوێک ئاماژەی بۆ کرد، دواتریش بزەخەنەیەکی ئەفسووناوی، پاشان کەمێک وەرسووڕا تاوەکو گوێ لە جیڕەی کرانەوە و داخرانی دەرگەی گەرماوەکە بگرێت. کەلوپەل و زەویی هۆڵەکەی باش لە تۆز پاککردبوونەوە. شوێنەکە خاوێن دیاربوو. لەو خواردنەی شۆفێری بارهەڵگرەکە دای پێی، خواردنێکی خێرای چێکرد. دەستی بە خوێندنەوەی کتێبی دەرمانسازی کرد، تاکو هێمنی و ئاسوودەییەکەی بۆ بگەڕێتەوە و بیر لە شتی تری بێسوود نەکاتەوە و کات بەسەر ببات، بۆ ئەوەی نادیای گومانبار لە خەو بێداربێتەوە و لەوی دوێنێ ڕووی دا، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات. لە ڕاستیدا دوو کتێبی هەبوو: ئەم سەرچاوە گەورەیە و قورئانێکی قەبارە بچووک. ئەو حەزی نەدەکرد لە کاتێکدا لەم دۆخە گومانلێکراوەدایە قورئان بخوێنێتەوە: ئاخر گیانی پیسە و دەستنوێژی نییە، لەودەمی دەستی بەم کۆچەی کردووە، توخنی نوێژکردن نەبووەتەوە.

ئێستا ئافرەتێکی لەگەڵدایە و لەگەڵ بەرازەکانیش بار کرابوو، هێشتا مەستە بەو بەنگەی، کە لەسەر لێوی خاتوونێکی بەناز و بێباک چەشتی!

نادیا پەرداخێکی گەورەی پڕ لە ئاوی هێنا، لە بەردەم خۆی داینا، لە جانتایەکی بچووک پاکەتێک جگەرەی دەرهێنا، دانەیەکی لێ دەرکرد و پاکەتەکەی لەسەر مێزۆکە قاوەیی ڕەنگەکە دانا، ئاماژەی بۆ کرد، بەو مانایەی دەتوانێت کەنگێ بیەوێت بکێشێت. بە نیشانەی ئەوەی حەزی لێ نییە، سەری لەقاند. لەودەمی کتێبەکەی لە نزیک خۆیەوە لەسەر قەنەفەکە لەو مەودایەی نێوانیان دانا، بە ژنەی گوت:

– گوتت لە میسر چیت دەکرد؟

بە هێمنی پێی گوت: بۆچی تۆ ئەوەندە گرنگی بەم بابەتە دەدەیت؟

ماوەیەک بێدەنگ بوو. کتێبەکەی بە هەردوو دەستی گرت، وا سەرنجی دا چون بیەوێت شتێک بخوێنێتەوە، یان لەنێوان دێڕەکاندا لە وەڵام بگەڕێت، بێ وردبوونەوە پێی گوت:

– تەنیا پرسیارە.

هەنگینێ بەدەم بزەخەنەوە لێی نزیک دەبووەوە و وا دیاربوو ددانە سپییەکانی لەنێوان دووکەڵەجگەرەکەدا وەک هەورێکی ئاوس بە ڕەشەبای تۆزوخۆڵ خۆیان دەنواند، بۆنی دووکەڵێکی تیژ دایگرتبوو، ئەو بۆنەی جگەرە هەرزانەکان جیادەکاتەوە، گوتی:

– من پێشتر ئەمەم پێ گوتووی، ئاوا بە زوویی بیرت چوو؟

وای بە باش زانی ئیتر نەچێتە ناو ئەم بابەتەوە. بەوەندە وازی هێنا، خۆی بەوە قایل کرد ئەوەی دوێنێ تەنیا خەون

بوو، خەونێکی قورس و هیچی تر، یاخود ئێستا خەون دەبینێت و ئەوەی دوێنێ ڕاستی و واقیع بوو. شتەکانی بە لاوە تەواو تێکەڵ بووبوون، هەستی کرد شڵەژاوە، هەر بەڕاستی شڵەژابوو، یان وای هەست دەکرد نادیا بە شێوەیەک سەرنجی دەدا، وەک ئەوەی ئەم شڵەژابێت، ئەگینا ئەم بزەخەنە تیزەجاڕییە چییە، کە بەبێ هیچ هۆیەک بە لێوانیەوەیە؟ هیچ شتێک مایەی زەردەخەنە نییە. باشە قەینا، ئەمە وەک خۆی لێدەگەڕێت، بەڵکو کاتێکی تر پەروەردگار بەڕاستیی بگەیەنێت.

# بێگانە

وا دیارە جارێکی تریش دەگەڕێینەوە سەر ڕستەیەک لە بەشەکانی پێشوودا هێناومانەتەوە، ئەمەش لەبەر گرنگییەکەی، هەروەها دەرگەی گێڕانەوە بۆ گێڕەرەوە و خوێنەر دەکاتەوە، ئەویش:

"لەو دوو سەگە ڕزگاری بوو، کە لە خوالێخۆشبوو خاتوو لودیا شۆڵزی خەسووی بۆی مابوونەوە، ئەودەمی وەکو گووپێکەری سەگان کاری لای دەکرد، دوای مردنی یەکسەر بە پەناگەی ئاژەڵانی بێخاوەنی ماڵیی سپاردن".

ئا لێرەدا بە شێوەیەکی تیژتێپەڕ سەرنج دەدەینە هەندێک لە سیماکانی ژیانی خاتوو لودیا شۆڵز، ئەوی هاینرش، یاخود دکتۆر دەروێش وەکو گووفڕێدەری سەگان کاری لا دەکرد. هەڵبەت خوێنەر لە بیری ناچێت ناونیشانی ئەم ڕۆمانە "گووپێکەری سەگان"ە، بەو پێیەی لە ژیننامەی دکتۆر دەروێش دەچێت، وەلێ گێڕەرەوە سوور بوو لەسەر ناونیشانێکی نەگونجاو، ئەویش "میوەی شەو" بوو.

کاتێک دەروێش بەخاتوو شۆڵز گەیشت، لەو وەختەدا خەریک بوو خۆی بۆ مردن ئامادەدەکرد، هەرچەندە ئەو بە مانای بابەتیی زەمەن هێند پیر نەبوو، تا ڕادەیەک خەڵک لێرە زوو نامرن، تەمەنی مامناوەندی بۆ ئافرەت ٩٠ ساڵ و بۆ پیاوان ٨٥ ساڵە. ئەوە بەرهەمی چاودێریی تەندروستیی

پێشکەوتووە لە ئەورووپا، نەک هەڵاوێردەیی خودایی بێت، دوور نییە ببێتە مایەی ئیرەیی و تووڕەبوونی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا، کە لە هەڕەتی لاویدا دەمرن، وەکو گێڕەرەوە لە سەرەتادا بۆی چووبوو، وای زانی پەروەردگار هێند بایەخ بە چارەنووسی هەندێک گەل نادات، لە کاتێکدا میللەتانی دی تەواو لەژێر سایەیدان و تەمەنی درێژ کردوون.

گێڕەرەوەی هەمووشتزان هیچی لێ ون نابێت (بە قسەی خۆی) ئەویشی شاراوە بوو لای بە خراپی دادەنا.

خاتوو لودیا شۆڵز دۆخێکی نەسرۆ بوو، دەستەی موزیکی بەڕێکردنی تەرمەکەی مارشی بەراییان موزیکی کەسێکی پەنجا ساڵی بوو دەیانژەند، ئەودەمی لە کاتی هەڵگژانی بە تاشەبەردێکی بڵنددا کەوت، ئەوەبوو سمتی شکا، لەوکاتەی لە یادی جەژنەزای پەنجامینیدا دیارییەکی تایبەتی پێشکەش بە خۆی دەکرد بە سەرکەوتن بە "ئەنشتاین"دا (تاشەبەردێکی سەختە دەکەوێتە نزیک دەریای بەردانی ڕۆژئاوای شاری سالڤلدنەوە لە هەرێمی سالزبۆرگ) هەرچەندە کەرەستەی تەواوی سەرکەوتنی پێ بوو و ڕاهێنانی تەواوی لە یانەیەک کردبوو ددانی پێدا نرابوو، هەروەها لە شوێنی دروست و تایبەت بەسەرچیاکەوتنی ئارەزوومەندان بوو. دوای ئەوەی کەوت لەژێر چاودێریی نایاب و لە کاتی شیاودا بوو، لەو کاتەدا تیمی فریاکەوتن لەسەرڕێ بوون. کەس پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد خاتوو شۆڵز دوای بیست ساڵ لە ڕووداوەکە تووشی نەقوستانیی هەمیشەیی دەبێت و لە حەفتا ساڵیدا ناو جێگە دەکەوێت و ناویشی پێش هەفتەیەک لە جەژنەزای حەفتاویەکی لە دەفتەری مردواندا تۆمار دەکرێت، تەمەنی بە شێوەیەکی میتافیزیکیی ڕووت بازی دایە ١٠٣ ساڵی، چونکە بە هەشت

ساڵ تەمەنی مردووی ئاسایی ئافرەتی ئەورووپی تێپەڕاندبوو. ئەمەش یەکلا بووبووەوە، ئەوانی لە دەوروبەری بوون هەستیان پێ کردبوو، کە مرۆڤگەلێکی کەم بوون، وێڕای هەردوو سەگە ئاگەدارەکەی، بێگومان ئەگەر کچەکەی لێ دەربکەین، کە بە یەکجاری پێوەندیی خۆی لەگەڵ دایکیدا بڕیبوو، لەبەر هۆیەلێک پێوەندییان بە هەرسێکیانەوەیە. مەبەست لە سێیەمیش، باوکی شاراوەیە لە دارستانەکانی ئەفریقا، یان ئەمریکای خواروو.

لە ڕاستیدا، لە توانای هیچ یەک لەو دوو ئافرەتەدا نەبوو پێگەی لەسەر گۆی زەوی دەستنیشان بکات.  با لێرەدا وا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، کەسێکە ڕۆژگارێکە مردووە.

دزێوترین شت ئەوەبوو ئەو هەستی بەوە دەکرد، بگرە یەکەمین کەس بوو هەستی پێ کرد، بەو گریمانەیەی ئێمە ناتوانین ئەوە دیاری بکەین داخۆ سەگەکانی پێش ئەو هەستیان بەمە کردووە، یان نا. سەگ هەستەیلێکی هەن وای لێ دەکەن دەرک بە گۆڕان و ڕوودانی کارەساتە گەورەکان بکات.

ئەو نەیدەزانی ئەو ڕۆژەی ئەو بازدانە ترسناکە بازی دا، تەمەنی ڕێک ۳۳ ساڵ بوو، لێ دەتوانێت مانگ و ساڵەکە دیاری بکات، دوور نییە هەفتە و سەعاتەکەشی، دەتوانین بڵێین کاتێک ئەو ڕۆژێکیان لە هەشتی بەیانی بێدار بووەوە (ئەمەش تا ڕادەیەک بەپێی گێڕانەوەکەی، یان گێڕانەوەی نزیکتر لە گێڕانەوەکەی) سروشتی بوو، بەڵام لە نۆ و نیو، دوای ئەوەی نانی بەیانیی خوارد، هەستی کرد شتێکی تێدا گۆڕا، شتێکی فسیۆلۆژی، دڵنیا بوو لەو ساتەدا گەورە دەبێت، بە خێراییەکی شێتانە گەورە دەبێت. هەستکردنیش بە گەورەبوون کردارێکی

ڕووخێنەری زەبەلاحە، پێچەوانەی مانای وشەی فەرهەنگیی کار دەکات و بەپێی قسەی فەیلەسووفان لە مێشکەوە دەردەچێت، لە دڵیشەوە بەپێی قسەی شاعیران و ئەوانی تر لە ئەویندار ان و درۆزنان، لێ ئەوی جێگیرە لەمەدا مانایەکی زەمانیی هەیە بە شێوەیەکی ناکۆک بە جووڵەی بەندۆڵی کاتژمێر و سووڕی ژیان دەخوولێتەوە، چونکە پێوەندیی نێوان تەمەن و مردن پێوەندییەکی پێچەوانەییە:

چەندێک تەمەن درێژ بێت، مەرگ نزیک دەبێتەوە، پێچەوانەکەشی ڕاست نییە، ئەگەر تەمەن کورت بێت، ژیانیش کورت دەبێت. ئەمەش بەڵگەنەویستە وەکو کەوتنە ناو گێژەنێکی توندی دەریایەکی شێتەوە. هەموو ئەمانەی بە شێوەیەک لە بیرن، ئیرەیی پێ دەبرێت، بەو پێیەی پیرەژنێکە لە سەد و سێ ساڵیدا، بەڵام ئەو هەر بە کردەنی بە هۆی ڕۆژگار و گەمەکانیەوە لە بەرایی حەفتاکانیدا بوو.

پیاوئاسا ڕاهاتبوو لە منداڵییەوە کاری دەکرد، نەیدەتوانی هەموو کاتی خۆی لە یانەی سودانی لە ڤیەننا بە کاغەزێنەوە بەسەر ببات، نێرگەلەی دەکێشا، سکاڵای لەدەست ستەمی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکان لە میسر و سودان دەکرد، لەگەڵ نامۆییەکەی تێیاندا، چون لە "بازاڕی وشتران" بێت لە ئوم دەرمان تۆپەڵێک تمباکی[1] خستبووە زاریەوە و دەیمژی.

لەو کاتی لە ئۆردووگای پەناهەندەیی سەرەتایی لە تالهام لە دەوروبەری سالزبۆرگ دەرچوو، بیری لە ئیش کردەوە، هەرچەندە بۆ ئەو بەپێی یاسای پەناهەندان قەدەغە بوو، کەچی

---

[1]. تمباک: تۆباکۆ، تووتن. هەویرێکە دەیخەنە ژێر زمانەوە، یان نێوان ددان و لێوەوە و دەیمژن، لە میسر دەیجوون. لە ئەورووپا پێی دەڵێن snoff بۆنی دەکەن. (وەرگێڕ)

زمان ئاستەنگی هەرە گەورە بوو، چونکە زۆریان کاریان دەکرد، ئەوی بە "کاری ڕەش" ناسرابوو، خاوەنکارانیش هەر ئەمەیان پێ باشتر بوو، بە هۆی ئەو پارە کەمەی بە کرێکارانیان دەدا، هەروەها نەبوونی هیچ بەرپرسیارێتییەکیش لەدوای خزمەت، ئەمەش زۆر جار کرێکاری ناکارامە و دەستیی بوون، لەوانەی پشت بە توانای ماسوولکەکانیان دەبەستن.

کۆششی زۆری دەکرد بۆ فێربوونی زمان، وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ چوونە ناو کۆمەڵگە و دۆزینەوەی هەلی کار، بەڵام ئەم لەمەدا زۆر سست بوو، دەبوو لە فێربووندا پێڕەوی ئاسانترین و خێراترین شێواز بکات، ئەو ڕستەیەی هەمیشە لەنێوان کۆچبەراندا دووبارە دەبووەوە:

"زمان لە نوێنان و کتێبیش بۆ کەران".

تا ڕادەیەک هەموو سودانییەکانی نەمسای ناسی، ئەوانی بە نزیکتر دەبینی لە ویژدانی نەتەوەییەوە، وەک لە میسرییەکان، ئەو لە سودان لەدایک بووە، لە دایکێکی میسری و باوکێکی سودانی، لە شاری حەلفای دێرین، کە زۆر دوور نەبوو لە شاری ئەسوانی میسرییەوە، بەڵام خانەوادەکەی گواستیانەوە بۆ یەکێک لە گوندەکانی ئەسوان، کاتێک ئەم لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو، دوای ئەوەی باوکی مرد، ئەوەبوو لە زەوییەکی کشتوکاڵی کاری دەکرد دایکی لە باوکییەوە بۆی مابووەوە، بۆیە تێکەڵەیەکی ماقووڵ بوو لە دوو کولتوور، هەرچەندە ئەو زۆر کات دووڕەگێکی شپرزە بوو، بەتایبەت ئەوکاتی دەهاتە سەر پرسی ناسنامە، کە هەر لە چوونە قوتابخانەی وەکو سودانییەک سەری دەرکەوت، چونکە یاسای ڕەگەزنامەی میسری ددان بەو منداڵانەدا نانێت، کە لە باوکێکی

میسری نین، دەیانخاتە پاڵ ڕەگەزنامەی باوکانیان. دایک مافی ئەوەی نییە بە ڕەگەزنامە میسرییەکەی منداڵەکەی بە میسری ناونووس بکات. دایکی بەمەی نەدەزانی، ئەمیش بەوەی نەدەزانی، ئاگایان لەوە نەبوو گرفتێک لەگۆڕێدایە، هەتا بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پێی گوت:

- ناکرێت قوتابییەکی بیانی وەربگرین، تەنیا بە بڕیاری هاتوان نەبێت، دەبێت یەکەم جار بڕۆیت بۆ بینای ئەلتەحریر لە قاهیرە، پێش ئەوەش بۆ باڵیۆزخانەی سودانی بچیت.

ئەوە یەکەم جار نەبوو هەستی بە جیاوازی کرد، چونکە دوو برا شیرییەکەی (دایکی شووی بە ئامۆزا میسرییەکەی کردبووەوە) لە ڕەنگی پێست و شێوەی قسەکردنیشیاندا جیاواز بوون لەو، لێ هەستی نەدەکرد جیاکاریی نەرێنی دژ بەو لەگۆڕێدایە، یاخود ئەرێنی لە بەرژەوەندییدایە، ڕەنگی پێستی لە خوارووی میسری بە بنەچە نوبی و فرعەونیی کۆن زۆر ئاسایی بوو، زڕبابیشی وەک کوڕی خۆی زۆری خۆش دەویست، لێ هەردەم وەفادار بوو بۆ بنەچە سودانییەکەی و تووڕە نەبوو کاتێک بەڕێوەبەری قوتابخانە پێی گوت:

- تۆ سودانییت.

ئەو وشەیەی لەو تەمەنەدا پەست و تووڕەی کرد، بە شێوەیەکی ڕوون ماناکەی نەدەزانی و بە جنێوی دانا، هەروەها دوای ئەوەی پاش ساڵانێکی زۆر ماناکەی زانی، نیگەرانی کرد، ئەویش وشەی "بیانی!" بوو. ئەو وشەیە بەردەوام بە هەمان ئەو ڕیتمەی لە زاری بەڕێوەبەرەوە دەرچوو، لە گوێیدا دەزرنگایەوە، تاکو ئێستاش جووڵەی لێو و گوزارشتی چاوانی لە بیرە، هەروەها چۆن دایکی بە بیستنی

ڕاچڵەکی و چۆن بە ڕووی بەڕێوەبەریدا شیڕاند، لەبەر ئەوەی کوڕەکەی بە بێگانە تاوانبار دەکات:

– سودانی بەڵێ هیچ ناڵێین، بەڵام بێگانە نا!

سەرەڕای ئەوەی دایکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام دەرکی بە لایەنی دوورخستنەوەی وشەی "بێگانە" دەکرد، لە گوێیدا دەنگی پەخشکارانی ڕادیۆی "دەنگی عەرەب لە قاهیرە" دەهات و دەچوو، باسی داگیرکاریی بێگانەی دەکرد بۆ سەر خاکی میسر: دوژمنی زایۆنی و ئەمریکا، جەنگی سوێس، نسکۆ، یان جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧، کە چەند مانگێکی کەمی بەسەردا تێپەڕیبوو، جەمال عەبدولناسر، دەستدرێژیی سێقۆڵی بۆ سەر میسر ٥٦، لەشکری ناپلیۆن پۆناپەرت، سەری وەک ڕۆژنامەیەکی زەردی لێ هات جەنجاڵ بوو بە هەواڵی ترسێنەر. پیلی کوڕەکەی گرت و لە قوتابخانەکە دەرچوو، بە هەڵەداوان بەرەو ماڵی کوێخا ڕۆیشت. بەو بەیانییە ڕێکەوتی کوێخای کرد، وەختابوو لە ماڵ دەردەچوو، باسی چیرۆکی بەڕێوەبەری بۆ کرد لەگەڵ کوڕەکەیدا، کە چۆن بە بێگانەی وەسف کردووە، دەخوازێت بچێت بۆ بینای ڕۆژنامەی ئەلتەحریر لە قاهیرە بۆ دەرهێنانی ڕێگەپێدان بە خوێندنی کوڕەکەی. کوێخا بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

– بێگانە! بێگانە مانای چییە دایکەکەم؟

بە تووڕەییەوە گوتی: واتە کوڕەکەم ئیسرائیلییە جەنابی کوێخا، بریتانی، فڕەنسی.

پاشان بە نمایشێکی شانۆگەری دەستی بە هەوادا کوتی و قیژاندی:

– خەڵکی کەفر فریام بکەون، دەروێشی کوڕم ئیتاڵی دەرچوو، سەروەرم پێغەمبەری خوا، کوڕەکەم ئیتاڵی دەرچوو.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خۆی بۆ ڕوونکردنەوە ئامادە کردبوو، پێڕەوی ناوخۆیی وەرگرتن لە قوتابخانەکانی تایبەت بە منداڵانی میسریی ئامادە کردبوو، برگەیەکی تێدا نەبوو بۆ وەرگرتنی بیانییان، لێ کوێخا نەیدەویست تێبگات، چونکە دەروێشی بە بێگانە دانەدەنا، ئەو کوڕی "زێنەب دەروێش"ی میسری بوو، کە بۆ خانەوادەیەکی دێرین دەگەڕایەوە و باپیرانی زەویی کشتوکاڵیی زۆریان هەبوو، بەرلەوەی حکوومەت لێیان بستێنێت و ئەم کەمەیان بۆ بهێڵێتەوە. دەروێشی باوکی (ئەو پیاوەی کوڕە گەورەکەی بە ناوی خۆیەوە نا) لە گشت عێنل شەمس ناسرابوو، یەکێک بوو لەو کەمانەی لە جەنگی ٤٨دا وەکو خۆبەخش لە سوپای میسریدا شەڕی کرد، کوێخا کۆتایی بە بەرگریلێکردنەکەی هێنا و گوتی:

– جەنابی بەڕێوەبەر، ئێمە لە کەفر بێگانەمان نییە، ئیتاڵیمان نییە، ئینگلیزمان نییە، جوولەکەمان نییە، مەبەستت چییە بەگم؟

بۆ ئەوەی بەڕێوەبەر خۆی لە شەڕی داهاتوو بپارێزێت، وەک ئەوەی کوێخای تووڕەوتۆسن بە "بیژووە فڕەنسی"ی وەسف بکات، ئەمەش لەبەر چاوە کەسک و پێستە زۆر سپییەکەی، چونکە وا باو بوو ئەو ئەمەی لە باپیرە فڕەنسییەکەیەوە بۆ مابووەوە، کە لەگەڵ لەشکری ناپلیۆن پۆناپەرتدا هاتبوو (ئەمەش جوێنێک بوو کێ دەمەقاڵەی لەگەڵدا ببوایە و بیویستبایە بیشکێنێتەوە ئەو زللەیەی پێدا دەکێشا).

دایە دەست خواوە، ڕازی بوو دەروێش لە قوتابخانەکەی وەربگرێت و لە پۆل بخوێنێت، ئەو لە سودان تاکو پێنجی بنەڕەتیی خوێندبوو، بە نزیککردنەوەی ماقووڵ لە تەمەنی ١١ساڵی لە لایەن بەڕێوەبەرەوە، چونکە دەروێش هیچ بڕوانامەیەکی لەدایکبوونی نەبوو، بەڕێوەبەریش نەیویست بە

مکوڕبوونی لەسەر داواکردنی بڕوانامەی ڕاستینەی لەدایکبوونی دەرویێشی منداڵ، کێشەی تری بۆ دروست بکات. تەنیا بە بڕوانامەی خەملاندنی تەمەن وازی هێنا، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ شێوەی ئەو منداڵەی ئێستا و قۆناغی خوێندنیدا نەدەگونجا، ئەمەش بە جیاوازیی پێنج ساڵ، مێژووی ١٩٥٠/١/١ی بەسەرەوە بوو.

ئیدی کێشەی ناسنامە و پرسیارەکانی دەرویێشیان تەنگەتاو کردبوو، تاکو گەیشتە قۆناغی دانیشتن بۆ بڕوانامەی ئامادەیی، کە بەپێی ئەوە دەچووە زانکۆوە، ئا لێرەدا بە ئامۆژگاریی هەموانی کرد، لەو شوێنەی هیچ بەرپرسێک نەبوو لە زمانی کوێخا، یان دەسەلاتی بترسێت، دەبێت بگەڕێتەوە سودان و بۆ بڕوانامە لە قوتابخانەکانی دەستەی فێرکردنی میسری دابنیشێت، کە پێیان دەگوت "قوتابخانەکانی جەمال عەبدولناسر" لەوێ دەتوانێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆکانی میسر لەو کۆلێژەی هاوتای نمرەکانیەتی، داوا پێشکەش بکات، بێ ئەوەی خەرجییەکی وای لێ بستێنن، لەوێ وەکو خوێندکارە سودانییەکانی تر، ئەوانی لە سودانەوە هاتبوون مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەپێی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ئاوی نیل لەنێوان هەردوو وڵاتدا، کە بەپێی ئەوە (السد العالی)[1] دروست کرا، ئەمەش دەرفەتی دیاریکراو بە خوێندکارانی سودانی لە زانکۆکانی میسر دەدات. لە واقیعدا ژمارەی ئەو خوێندکارانەی سوود لەم بەخششە وەردەگرن زۆرترن لە هەموو ئەو خوێندکارانەی لە زانکۆکانی سوداندا وەردەگیرێن، بەمە دەیتوانی دەرفەتێکی گەورەی هەبێت بۆ خوێندن لە زانکۆ لە

---

1. السد العالی: بەنداوێکی گەورەیە لە میسر.

میسر، یان لە سودان، بەڵام دایکی پێی باشتر بوو لە میسر بخوێنێت بۆ ئەوەی: "لەژێر چاو و گوێ و دەستی خۆمدا بێت".

کاتێک پەناهەندەیەکی سودانیی لە ناوەندی یەکەمی پەناهەندەندا بینی، زۆری خۆشیی پێدا هاتەوە، چون هەموو خانەوادەکەی بینیبێتەوە، هەستی بەوپەڕی ئاسوودەیی کرد. گەنجێکی سی ساڵانی خوارووی سودان بوو، ناوی "گومار کانگ" بوو. پیاوێکی کەمدوو، خۆش مەعشەر، بە عەرەبی و زمانی جووبا و ئینگلیزییش قسانی دەکرد. بەو پێیەی هەردووکیان سودانین، هێندەی پێ نەچوو یەکتریان ناسی، فەرمانگەی ئۆردووگاکەش ڕۆڵی گەورەی لەمەدا گێڕا، چونکە ئەوان هەمیشە کاریان بۆ ئەوە دەکرد شوێنی نیشتەجێبوون لە ژوورەکاندا لەسەر بنەمای ئایینی، کیشوەر یان وڵات بن، کاتێک ڕێکخەرەکە زانیی سودانییە، خستییە ئەو ژوورەی گومار و دوو زەلامی نێجیریی تێدا بوون، کەچی هەردووکیان وەکو دوو سودانی لە خوارووی سودان داوایان بۆ پەنابەری پێشکەش کردبوو، چونکە نێجیریا لەو وڵاتانە نییە ململانێی سیاسی و ئیتنیی گەورەی تێدابێت، هاووڵاتییان تێیدا ژیانیان کەوتبێتە مەترسییەوە.

ئەو دوو نێجیرییە زۆربەی کات خەریکی خوێندنەوەی کتێب بوون لەسەر خێڵەکانی باشووری سودان و سروشتی ململانێ لەنێوان گەلەکانیدا، زمانی جووباش لە گومارەوە فێر دەبوون و پرسیاری شوێنی گوندەکان و ناوی شێخەکانیان دەکرد، هەروەها گشت ئەو شتانەی پێشبینییان دەکرد پشکنەرەکە لێیان بپرسێت. دواتر گومار پێی گوت: نێجیرییەکان مافی پەناهەندەیی لە هەر کەس زووتر وەردەگرن دۆزی کردەنی و ڕاستەقینەی هەبێت. ئەوانە ئەکتەری کارامەن،

بابەتەکەش بە لای ئەوانەوە مردن و ژیانە، خەواجەش بڕوا بە درۆ دەکەن و گومانیش لە ڕاستی، بگرە بڕوام وایە ئەوان درۆیان پێ باشترە لە ڕاستی، ئەمە لێرە لە ئۆردووگاکانی پەناهەندان شتێکی ناسراوە: درۆ بکە بڕوات پێدەکەن، ڕاستی بێژە بەدرۆت دەخەنەوە.

بۆیە مۆچیاریی کرد درۆ بکات و بۆ خۆی چیرۆکێکی خەمگینی وا دابهێنێت یەکەمین جار خۆی بڕوای پێ بکات، وەک چۆن ئەو دوو نێجیرییە باوەڕیان بە خۆیان کرد لە بەرزاییەکانی ڕووباری نیلن و تازە لە سەربازگەکانی گرتیگەی حکوومی لە شوێنێکی نزیک شاری جووبا هەڵاتوون و بە تەواوی ئەو پێنج ساڵەیان بیرچووەتەوە، کە لە ئەڵمانیا و سویسرا و شوێنانی تر لە وڵاتە ئەورووپییەکان بەسەریان برد بۆ گەڕان بەدوای کار و مانەوەدا، هەرچی دەرویش بوو زۆری هەمبەر پەناهەندە و یاساکانی نەدەزانی، لەنێوان خۆی و خۆیشیدا نەیدەویست درۆ بکات، دەیخواست ئەو ڕاستییە بڵێت کە بۆ ئێرەی هێنا: ئەو تەنیا لە ژیانێکی باشتر و ئیشێکی سەقامگیر دەگەڕێت. هەرچەندە دەترسا پشکنەران مێژووی پێوەندییەکانی بە گرووپە ئیسلامییەکانەوە لە زانکۆی ئەسیوت بزانن، هەروەها ئەوانەی بۆ ساڵێکی ڕەبەق هاوڕێیەتیی کردن ئەودەمی لە پۆلی یەکەمی زانکۆدا بوو، تاکو گیرا و هەڕەشەی خەساندن و ڕاگواستنی بەزۆریان لێ کرد بۆ سودان، ئیدی هەر زوو بیروباوەڕی گۆڕا و دەرکی بە ماڵوێرانیی لایەنگریی ئیسلامییە توندڕۆکان کرد.

لۆژیکی پیاوانی ئاسایش بەهێز و ڕوون و قایلکەر بوو، بەتایبەت بۆ کەسێک لە سەرەتای ژیانیدا بێت، گەلەک جاران بەوە تۆمەتبار دەکرا لە میسری وڵاتی دایکی بێگانەیە، لە وڵاتی

سودانی باوکیشی به "حەلەبی"ی گاز دەکەن، ئەمەش زۆر لە "بیانی"یەکەوە دوور نەبوو، چەندین دوورخستنەوە و وەلانانی دەروونی و کۆمەڵایەتیی گەورە لەخۆ دەگرێت.

هەردوو نێچیریی ئاگەدار بە یاساکانی پەناهەندەیی ڕاوێژی یاساییان بە خۆڕایی و لە ڕێی خوادا پێشکەشی کرد، چونکە ئەو لە گەلانی باشووری سودان ناکات، ئەمەش بەپێی قژە نەرمەکەی و پێستە زەردە ئاماڵسوورەکەی (ئەوەش نزیکترە لە پێستی زۆربەی میسرییەکانەوە) سەرەڕای سیمای جەستەی عەرەبییانەی، ئەمەش جیاکردنەوەی ئاسان دەکاتەوە، تەنانەت لای ئەو پشکنەرەی زانیاریی زۆری نییە لەسەر گەلانی ئەفریقا و وایان دەبینێت هەموان لەیەک دەچن، بۆیە ئامۆژگارییان کرد وا نیشان بدات قوربانیی قۆرخکردنی "ئازادییە تاکەکەسییەکانە".

- ئازادییە تاکەکەسییەکان چییە؟

لەودەمی ماناکەیان بۆ ڕوون دەکردەوە، بە شێوەیەکی هەستیری پێدەکەنین، کەچی ئەو زۆر لەوە سەری سووڕ مابوو. زەردەخەنەیەکی گێلانە زایە سەر لێوانی، نەیدەزانی چی بڵێت. کارەکە بە خراپترین تەرز هاتە پێش چاوی بتوانێت بیری لێ بکاتەوە، هەردوو نێچیرییەکە شێلگیر و ڕوون بوون. هەرچی گومار کانگ بوو بە تەواوی پشتگیریی بیرۆکەکەی نەکرد، وای نابینی نامۆ بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە وای دەبینی کارێکی ئاسان و بنبڕە، ئاکامەکەشی لە جیهانێکدا چەپڵە بۆ درۆ گەورەکان دەکوترێت، زوو دەردەکەوێت، بەڵام ڕەنگە لە دواڕۆژدا ئاکامی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزی هەبێت.

دەرویش بیرۆکەکەی بەدڵ نەبوو و بە جۆرە سەرشۆڕییەکی دانا، بانگەشەی شتێک بکات وا نەبێت،

بەتایبەت بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆی وای دەبینی پرسی شەرەفە، واتە شتێکە پێوەند بە کەرامەتی تاکەکەسییەوە. لە لایەکی ترەوە، چۆن بانگەشەی ئەوە بکات کە هاوڕەگەزبازە و لە ئەنجامی ئەمەدا لە وڵاتەکەی خۆی بەپێی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی دژی دەوەستنەوە، ئەویش دەخوازێت ڕۆژێک ژن بهێنێت و نەوەی لێ بکەوێتەوە، چۆن پاساو بهێنێتەوە؟ لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە موسڵمانە.

یەکێک لە نێجیرییەکان بۆی باس کرد: "کەس پرسیاری ئەوەت لێ ناکات. ئێرە وڵاتی ئازادییەکانە. تۆ کاتێک لە وڵاتی خۆت بوویت هۆمۆسێکسواڵ بوویت، پاشان بوویتە ژندۆست[١]، دەتەوێت هاوسەرگیری بکەیت و نەوە بخەیتەوە. ئەوە دۆزێکە پێوەندیی تەنیا بەخۆتەوە هەیە، هیچ کەسێک مافی پرسیاری نییە، یان ئەوەی بۆچی گۆڕایت و چۆن و کەی؟ ئەمەش مانای ئازادییە لە جیهانی ئازاددا برا، ئەی ئازاد!".

- بەڵام چۆن ئەگەر یارۆی پشکنەر ڕووبەڕووم بووەوە بەوەی لە وڵاتەکەمدا هەندێک لەوانەی لە پێگەی بڕیاری سیاسیدان هاوڕەگەزبازن و ڕێزی هەموانیشیان بەدەستهێناوە، خەڵک لێرە هەموو شت لەسەر وڵاتەکەمان دەزانن، بە چی بەرسڤی بدەمەوە؟

گومار خەنییەوە و گوتی:

- پێی بێژە: لە هۆمۆیەکەوە بۆ هۆمۆیەکی دی جیاوازە، ئەوی پشتی هەبێت لەدواوە شەق ناخوات. هەروەها پێی بێژە: هەر هۆمۆی دەسەڵاتدارە سزای هۆمۆی بێ دەسەڵات دەدات.

---

[1]. ژندۆست: غیری heterosexual ئەوانەی حەز بە ڕەگەزی جیاواز دەکەن. (و)

گومار و هەردوو نێجیرییەکە لە ئۆردووگاوە چوونە خانووی بەکۆمەڵی دی، تاکو لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام گومار پێی گوت لە مانەوەی بەکۆمەڵ دانەنیشێت و داوا لە فەرمانگە بکات لێیگەڕێن لە یانەی سودانی لە ڤیەننا بژێت، هەتا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێت، لەوێ دەیبینێتەوە، چونکە یانەکە فرەوانە و سودانیی لێن و دەتوانێت ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی باش پیادە بکات، لەوێش سودانییەکان یارمەتیی زۆری دەدەن بۆ ناساندنی ژیان و دۆزینەوەی کار لە ئایندەدا و پێوەندیکردن بە خانەوادەکەیەوە، ڕەنگە بۆ کاتی چاوپێکەوتنەکە زۆری مابێت، چەند مانگێک یان چەند ڕۆژێک. کەس نازانێت کەنگێیە. ناونیشانی یانە سودانییەکە و ژمارە تەلەفۆنی چالاکێکی لە ڕەوەندی سودانیی لە ڤیەننا دا پێی.

لەو ڕۆژەی هەرسێکیان ئەوێیان جێهێشت، لە ئۆردوگاکەدا هەستی بە وەڕسی و سستیی ڕیتمی ژیان کرد، هەروەها هەستی بە بۆشاییەکی بەرفرەوان کرد، کتێبی دەرمانسازییەکە بەهانای پڕکردنەوەی نەگەیشت.

ئەو سێ کەسە تازەیەی شوێنی نێجیرییەکە و گوماریان گرتەوە، ئەفریقی بوون، بەڵام وەکو زمانی داگیرکەر بە فرەنسی دەدوان، زۆر جاریش بە زمانێکی ناوخۆیی بە پەلە دەدوان، نەیتوانی جگە لە وشەیەک زیاتر، بەو بەیانییە زووە لەسەر زاریان بوو جیابکاتەوە، ئەویش "ئوسی" بوو، لە دڵی خۆیدا پێشنیازی کرد ڕەنگە "بەیانیت باش" بگەیەنێت، یان دەربڕینێک بێت بۆ ئاشتی، لێ وا دیاربوو خەڵکی وڵاتێک بوون لە کەناری ڕۆژئاوای ئەفریقا، دوور نییە سەنیگاڵ، گانا، ساحل ئەلعاج یان گامبیا بێت.

زمانی ئینگلیزییان نەدەزانی، چونکە ویستی بە ئینگلیزی چەند ڕستەیەکی کورتیان لەگەڵدا بگۆڕێتەوە، لای ئەوانەوە وەڵام نەبوو، لە ئەنجامدا ڕێگەیەک بۆ ڕاگۆڕینەوە، یان سەرهاتەکان نەبوو. پێدەچوو زۆر شەکەت و ماندوو بن. ئەویش ئەمەی بۆ ئەو گەشتە سەختەیان گەڕاندەوە، کە گرتبوویانە بەر. لە دڵی خۆیدا گوتی: "هەبێ و نەبێ ئەمانە لە ڕێگەی دەریاوە هاتوون".

ڕۆژەکەی بە خەوتن بەڕێ دەکرد، بە دەنگی مایکرۆفۆنەکان بێدار دەبووەوە، کە بانگی قاوەڵتییان دەکردن، پاشان بۆ ژەمی شێوان.

هەمیشە خواردنەکە ساردسڕ و وەڕسکەر بوو، بە قورسی نەبوایە نەیدەتوانی قووتی بدات. هەستی بەمە نەکرد تاکو لەگەڵ هەردوو نێجیرییەکە و گوماردا بوو، ئەوان بەکەیف بوون و لەسەر هەموو شتێک نوکتەیەکیان دەگوت، گاڵتەیان بە هەموو شتێک دەکرد، تەنانەت بە خۆشیان، بە تامی پێوەستبوون بە ژیانەوە خواردنەکەیان دەخوارد، واتە بە ئامانجێکەوە دەیانخوارد تاکو لە ئێستادا نەمرن. ئەمەش پاڵنەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی وای لێ بکات گۆشتی ساردەوەبووی بێتام بخوات و ئاومیوەی زەردهەڵگەڕاوی پڕ لە شەکر بخواتەوە، کە قوڕگی دەگرت، بەو بۆنەوەی نزیکبوو لە بۆنی دەرمانی کۆکەڕەشە، کاتێک منداڵ بوو زۆری لێ دەخواردەوە.

هەینێ ڕۆیشتن، بە ڕۆحیان ڕۆیشتن. دەتوانین بڵێین هەست بە تەنیایی و نامۆیی و تاسەی دۆستان دەکات، نادیای بە بیردا هاتەوە. بە توندی بە بیریدا هاتەوە و ئاواتی خواست

بزانێت ئێستا لە کوێیە، لە چ جێگەیەکدایە، چارەنووس لەگەڵیدا چۆن بوو؟

لە وێستگەی ویستبانهۆف لە ڕۆژئاوای ڤیەننا لە یەکتر جیابوونەوە، دوای ئەوەی نانی بەیانییان لە یەکێک لە ڕیستۆرانتەکانی وێستگەدا خوارد، هێشتانەکینێ لەو حەپەسانەیان دەرنەچووبوون، ویستبانهۆف گەورەترین وێستگەی شەمەندەفەر بوو لە ژیانیاندا بینیبێتیان، لە یادگەی هەر یەکێکیاندا "وێستگەی ڕەمسیس" لە قاهیرە گەورەترین وێستگەی شەمەندەفەر بوو لەو گەشتەیان بە وڵاتاندا دیتبێتیان. بە شەرمەوە یەکتریان ماچ کرد، وایان دەزانی هەموو ئەوانی ناو وێستگەکە چاویان لەوان بڕیوە، پاشان بێ ناونیشانگۆڕینەوە، جیابوونەوە. ئاخر هیچ ناونیشانێکیان نەبوو، هەروەها مۆبایلیشیان نەبوو، هیچ یەکێکیان نەیدەزانی بەکوێ دەگات، وەلێ هەستیان دەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان لە شوێنێک بە یەکتر دەگەن.

نادیا لە هەمان وێستگەدا خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد، ئەویش چاودێریی نادیای دەکرد، لە کاتێکدا نادیا لەگەڵ زەلامێکدا دەدوا، جلێکی فەرمیی لە بەردا بوو، لە پشتەوە و لەسەر سینگی نووسرابوو "ئاسایش"، پاشان دوای کەوت و کەوتنە ڕێ.

نادیا نیگایەکی ماڵئاوایی خێرای سووتێنەری بۆ هەمیشەی لێ کرد. لەنێوان لێشاوی هاموشۆکەراندا هەردووکیان لە چاوی ئەم ون بوون.

هەرچی ئەم بوو دەستی لە جانتا بچووکەکەی دا، چون وەزیری ڕۆشنبیری هەر شاعیرێکی ببینیایە دەستی بۆ دەمانچەکەی دەبرد. دوانیگای لە وێستگەکە بڕی، پاشان

ڕووەو دەروازە گەورەکە بەرەو دەرێ هەنگاوی نا. لە هیچ نەدەترسا، دەیزانی ڤیەننا ئەمینترین شاری جیهانە. لە ڕوخساری خەڵکەکە ڕادەما، بەڵکو سودانی یان میسرییەک بناسێت، بەڵام لێرە دەموچاوەکان لە یەکتر دەچن، گشت ڕەشەکان لە گشت ڕەشەکان دەچن، هەموو سپییەکانیش لە هەموو سپییەکان دەچن، بە ئافرەت و منداڵ و پیاوەوە، شەقامەکان لە یەکتر دەچن، پۆلیسەکانیش لە پۆلیسەکان، ئەو ئۆتۆمبیلانەی بە هێواشی دەڕۆن و لە کاتی نیشانەی هاتۆچۆدا بە ئەدەبەوە دەوەستن، لەو ئۆتۆمبیلانە دەکەن، کە لەسەرخۆ دەڕۆن و لە ترافیک لایتەکاندا بە ئەدەبەوە بۆ ڕێبوارە نیگەرانەکان دەوەستن.

ئاسمان تا بڵێی ساماڵە.

ئا لێرەدا قسەکەی نادیای بیر هاتەوە کاتێک بەو بەرەبەیانە زووە لە ماڵە جووتیارەکە بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر دەرچوون، نادیا لە ئاسمان ڕاما، بزەیەکی هاتێ و پێی گوت:

- وای لەم ئاسمانە ساماڵە، بە ڕادەیەک، دەکرێت فریشتەکان ببینرێن!

نادیا موسڵمان بوو، بگرە زۆر بە بڕواش بوو، بەرگەی هەموو ئەو سەرکەوتنانەی دەگرت کە خوا پێی بەخشیبوون، وەک چۆن بەرپرسیارێتیی سەرنەکەوتنە گەورەکانیشی هەڵدەگرت، بەڵام هەمیشە لە هەموو شتێکدا هەستی بە دەوروبەری دەکرد، هەر ئەویش پێی دەگوت:

- من لە خوا ناترسم، چونکە خۆشم دەوێت، ژیانم بەم ئاوایە قبووڵە، خواشم بەم ئاوایە دەوێت، بەرپرسیار نیم لە شتێک ئەنجامی دەدەم، ئەو بەرپرسیارە.

بە ناوەڕاستی شاردا هەتا دوای نیوەشەو پیاسەی کرد، تا شەقامەکان نیمچەخاڵی بوون لە ڕێبوارە سرکەکان، هەروەها بەرەڵایانی وەک گەشتیاری چینی و ژاپۆنی، ئەوانەی بە کۆمەڵ بە ئارامی ڕێیان دەکرد، کامێرایان بە دەستەوە، چاوە بچووکە وردەکانیان بە هەرچی بکەوتایە، وێنەیان دەگرت. ئەو کامێرایانەی هەموو شتەکانیان دەبینی و لە خۆیاندا هیچیان نەدەبینی. ئۆتۆمبیل و پاسە گەورەکان نووستن. هەمیشە نادیای لە بیر بوو، لێ ئەوی پتر ماندووی دەکرد و ئاواتەخوازبوو لەوی گوتی جیددی نەبێت، گوتی:

- ڕەنگە سکم لێت هەبێت، ئەم ڕۆژانە کاتی پیتاندنە لای من. بە هەرحاڵ، ئەوە شتێک نییە نیگەرانیی گەورەم بۆ دروست بکات. چێژم لە هەر ساتێک بینی پێکەوە بەسەرمان برد. ئەمەش تەنیا گومانە و هیچی تر.

داخۆ لەوی گوتی مەبەستێکی هەبوو؟ ئەم هەمیشە وای هەست دەکرد بەپێی پێویست لێی ناگات. ئەی ئەو نەبوو پێشتر پێی گوت:

- تەنیا ئەوانەی ئافرەت ناناسن، بانگەشەی ناسینیان دەکەن!

پاشان ئەمیش خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

## خاتو لودیا شۆلْز

تۆنی گەنجێکی قۆز بوو، بەڵام زۆریش نا. ئەمە تێبینییەک بوو نورای ژنی هاینرش جەختی لەسەر کردەوە. قژی وا بەردەدایەوە شێوەی لە هیپزەکانی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەچوو. کراس و پانتۆڵێکی پاکی سپیی لە بەردا بوو، پێستە ئاماڵسوورەکەی لە کراسەکەیەوە دیاربوو. دوو چاوی کەسک و ڕوخسارێکی نیمچەخڕی هەبوو. چەناگەیەکی سپیهەڵگەڕاو، ڕدێنی بە وردی و بایەخەوە کورت کرابووەوە. شێوەی ماقووڵ بوو، ئەمەش وای لێ کردبوو وا دیار بێت ڕەوشتچاک و بەڕێز و زۆر نێرانە بێت، ئەگەر ئەڵقەزێڕە بچووکەکەی بە گوێی چەپیەوەیە لێ دەرکەین. نەرمونیان بوو، بەڵام هاینرش وای نەدەبینی، لەچاوی ئەوەوە تەنیا دڕندەیەکی سێکسیی شێتوشوور بوو و هیچی تر.

بە شێوەیەکی دۆستانەی مرۆیی بیری نەدەکردەوە، هەرچەندە زەردەخەنەی لەگەڵدا گۆڕییەوە و لە ئامادەیی ئەودا هەندێک نوکتەی قورسی گێڕایەوە. لە ڕاستیدا هەندێک نوکتەی دووبارە بوون، کە ساڵانێکە ماڵەوەیان و هەموو هاوەڵانی لە کار دەیزانن. نەگۆڕابوون و هیچ شتێکی بۆ زیاد نەکردبوون، تەنیا ئەوەندەیە یەکیان لێ هەڵدەبژێرێت و ئەوانی تر پشتگوێ دەخات. بەڵام تۆنی لە مێشکی ئەمدا وەکو دڕندەیەکی مرۆیی مایەوە. دوور نییە کوڕە هەستی بەمە کردبێت، هەڵبەت ئەویش

جەنگەکەی بە شێوازی تایبەتی خۆی بەڕێوە دەبرد، لە ئەوینی دوولایەنەدا لەگەڵ میمیی ڕەشئەسمەری جادووگەردا بەگوڕ بوو.

هەرچی نورا شۆڵز بوو دەکۆشا کەشەکە خۆش بکات، ئەگەرچی بە ڕستە و جووڵەش بێت (زۆر جار) وا دیار بوو پارچەپارچە و پێکەوەگرێدراو نەبوون، ئەویش پشتی بەوە بەستبوو ناوی نابوو "دڵباشیی باوک" و ئەوی خێری تێدابوو لە ئاست کچەکەی، ئەو خێرەی هەمیشە دەروێش دەستەپاچە بوو لەوەی گوزارشتی لێ بکات بەو ڕێگەیەی نورا و کچەکەی دەیانزانی و کۆمەڵگە دەیخواست.

دەروێش بەرلەوەی بڕیار بدات هەست بە هەندێک سەرئێشە دەکات و دەیەوێت بۆ ژوورەکەی بڕوات، ڕاکشا و باوێشکی دا. نورا ئاهێکی پێدا هاتەوە، هەندێک شڵەژا، نیگایەکی دەروێشی کرد، ئەودەمی دەروێش بە پێخاوسی بەرەو ژووری نووستن ڕۆیشت، لەدوای خۆیەوە سۆڵە ئیسفەنجە سووکەکەی جێهێشت، لەگەڵ پەرداخێک خاڵی لە مەی و کتێبێک لەسەر تیمارکردن بە گیاوگوڵ، بەر لە نزیکەی دوو مانگ لە دوا سەردانیدا بۆ قاهیرە کڕیی.

دوای ئەوەی هەرسێکیان پێکی شەرابی سووریان بە بۆنەی ئەو ڕۆژە خۆشەوە هەڵدا، میمی بە بەهانەی ئەوەی کورتەفیلمێک لەسەر لاپتۆپی ژوورەکەی دەبینن، هەردووکیان ڕۆیشتن.

ئەم سەری نایە سەر سەرینەکە، هەوڵی دا بنوێت.

## کچ و باوك

کچەکەی، خۆی نابووە پشت دایکیەوە، کە بە ڕاچڵەکینەوە بێدار بووەوە، هەندێک لە دراوسێکان بە هۆی بیستنی دەنگەدەنگەوە، خڕبوونەوە، دەروێشیش مکوڕ بوو لەسەر سەربڕینی کیژەکەی هەر ئێستا و لێرەدا، برازاکەی و هەندێک لە پیاوانی دراوسێ گرتبوویان، لێ کاتێک دایکە پیرەکەی هات، گرفتەکەی بە پێشنیازێکی ڕوون چارەسەر کرد، کچە ڕەتیکردەوە لە دەرەوەی ماڵ بووبێت، گوتی ئەودەمی باوکی هاتووەتە ژوورەکەی، ئەو لە ئاودەست بووە، بۆیە نەیبینیوە.

هەرچی دەروێش بوو جەختی دەکردەوە لە کۆڵانی پیاوەکوژراوەکە لەگەڵ زەلامێکدا بووە و هەندێک لە ڕێبواران بینیویانە و دڵنیان ئەو بووە. دایکە پیرەکەی بە گوێیدا چرپاند لەگەڵ زەلامەکاندا بگەڕێتەوە دیوەخانەکە، ئەو بەخۆی چارەسەری دەکات، هەروەها چارەسەری گونجاوی بە گوێیدا چرپاند، بەدەم گەڕانەوەوە لەگەڵ خۆیدا قسانی دەکرد (یان بۆ ئەوانی تر؟)، شتەکانی لێک جیانەدەکردنەوە.

مامانەکە و دایکە پیرە و دایکی کچەکەی، کە لە خەیاڵیدا وێنەی نورا شۆڵزی لە ژوورەکە وێنا کرد، کچەکەشی لەسەر لێفەی ڕاخراوی سەر زەوییەکە بەدەم لەرزینەوە نووستبوو، لەگەڵ فرمێسکڕشتندا سوێندی بۆ هەموان دەخوارد، بێگوناهە، کەچی ئەوان سووربوون لەسەر بینینی، تاکو دڵنیا بن لەوەی ئەوی مامانەکە پێش ١٥ ساڵ بۆی دووریوەتەوە وەکو خۆیەتی.

گوتی، بە هیچ شێوەیەک و بە هیچ هۆیەکەوە ڕازی نییە لێگەڕێت بیبینن.

پێیان گوت: کەواتە دەروێشی باوکت دەتکوژێت، وەک مەڕ سەرتدەبڕێت. ئەگەر ئەمشەو نەبێت، ئەوا سبەی. ئەو قایل نابێت تاکو دڵنیا نەبێت لەوەی بێگوناهیت، ناشکرێت بێگوناهیت بسەلمێنرێت بەم شێوەیە نەبێت.

بەڵام وەکو دەڵێن: "زۆربە بەسەر ئازایەتیدا سەرکەوت" بە توندی گرتیان و ڕانەکانیان لێک کردنەوە، دوای ئەوەی دەرپێی بچووکەکەیان داکەند و چاویان تێبڕی، مامانەکە کۆشا پەنجە بچکۆڵەی تێبخات، ئەمەش پێوەری میللیی پاکیزەییە. لە بەختباشیی کچەکەی مامانەکە، نەیتوانی پەنجە نینۆکدرێژە پیسەکەی بباتە ژوورەوە.

گوتی: قەڵەمێکم دەوێت، قەڵەم جاف لەمماڵەدا هەیە؟

هەڵهەڵە درزی خستە بێدەنگیی شەوەوە، ئەوانی لە گوند مابوونەوە و هێشتا نووستبوون، بێداری کردنەوە. کەڵەبابێکی وا تۆقاند دەستی بە قووقاندن کرد، دوو گوێدرێژیش بەزەڕین کەوتن، بە دەیان پێ لە تاریکییەکەدا مەلەیان بەرەو ماڵە بچووکەکە دەکرد، کە شایەدحاڵی بەڵایەکی لە جۆری تایبەت بوو. کچەکەی ئازاد کرا، لێیگەڕان لە فرمێسکی خەمباریدا نوقوم بێت. ژنەکان هاتن بۆ لای و پێیان ڕاگەیاند کچەکەی پاکیزەیە و پێشتر نە مرۆڤ و نە جنۆکە دەستیان بەری کەوتووە:

- خوا شایەدە.

ئەو کچەشی لە کۆڵانی پیاوەکوژراوەکەدا بینراوە، ڕەنگە جنۆکە بووبێت لە شێوەی کچەکەی، چونکە کابرا بێگانە بوو لە گوند، ئەوان سیمایان لێک نەکردووەتەوە، ڕاستییەکەی جنۆکە

بووە. هەروەها ئەو کۆلانە ئەوانگەلی تێدایە، کۆلانێکی نەفرەتلێکراوە، ئەوی لە گوند بێت بەمە دەزانێت:

– پیرۆزە دکتۆر دەروێش، کیژەکەت پاکیزەیە.

لە هەمان شەودا مەلایان هێنا و مارەی لە کوڕەخاڵەکەی بڕی، ئەوی زیاد لە جارێک و لە چەندین بۆنەدا سەرسامیی خۆی بۆ دەربڕیبوو، بە ئاشکرا حەزی لە خواستنی بوو، هەرچەندە سی ساڵ لەو گەورەتر بوو، کەچی ئەم لە ڕابردوودا ڕەتیکردەوە، چونکە حەزی لێ بوو خوێندنەکەی تەواو بکات. ئێستا بووە خاوەنی دووەمین ژن، بێ ئەوەی پێی بڵێت. مەبەست لەوەیە ئەمجاریان بایەخی بە هیچ کەسێک نەدا ڕای وەرگرێت، کاتێک کەلاکی بۆگەنی سەگێک لە شوێنێک بێت، ئەوا گوندییەکان گرنگی بەوە دەدەن لێی قوتار بن، پتر لەوەی بایەخ بە زانینی ناسنامەی ئەوی سەگەکەی کوشتووە بدەن، یاخود ناسنامەی سەگەکە خۆی. ئیدی بەمە دۆسیێی کچە داخرا.

کەوتە سەر لای چەپی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. بیرۆکەکان چەشنی دۆزەخێکی بەرفرەوان لە شکستیی لە سەریدا گڕیان گرتبوو. هەموو ژیانی لە شریتێکی سینەمایی خەیاڵکرددا نمایش کرد. نەگەیشتە ئاکامێک ژیانی وەکو زنجیرەیەکی بەردەوام لە شکست و ملکەچی وێنا بکات، بەڵکو ترسنۆکی و بەزین، چونکە خەیاڵی بەرەو ئەنجامگەلێکی دەبرد لە زۆربەیاندا ئەرێنیی بوو، ئەو دەخوازێت تاکو بن گوێی نوقمی خەمان بێت، دەیەوێت هەست بە ئازاری ویژدان بکات لە قبووڵکردنی ئەمری واقیعدا: کچەکەی ئیشی حەرام بکات و کابرایەکی بێگانە بە بەرچاویەوە لە ژووری تەنیشت ژوورەکەی سواری بێت و بەخۆیشی دەستخۆشیی لێ بکات، ئینجاش دەبێت بزەخەنەی بێتێ! ئەوە نییە لە ئایینی ئیسلامدا

پێی دەڵێن "دەیوس"؟ لە شەقامەکانی وڵاتی باوکانی بە "سەگکوژ" ناسراوە و "سەگباب"یش لە نیشتمانی دایکانی؟!

گوێی لە دەنگی پێی ژنەکەی بوو لە ژوورەکە دەهات و دەچوو، پاشان بۆ لای هات، زەردەخەنەیەک بە ڕوویەوە بوو:

- تۆنیت پێ چۆنە؟

ئەم پشتی تێکرد و ڕووی لێ شاردەوە، تاکو فرمێسکەکانی نەبینێت، کە بەسەر لێوە هەڵمساوەکانیەوە لە تووڕەیی و خەمدا بە تەنیشت چاوە سوورەکانیەوە، وەکو دوو پشکۆی ڕاستەوخۆ لە دۆزەخەوە گڕتێبەربوو، دەڕژانە خوارێ.

بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا هەستی بە هەڵەی دەرکردنی کچەکەی کرد لە وانەی ئایینی ئیسلامی، ڕەنگە ئەو بەهایانەی وەرگرتبن کە ڕێی خەڵوەتی بەیەکگەیشتنی لەگەڵ پیاوێکدا لێ دەگرن، تەنانەت ئەگەر کۆمەڵگە و دایکی گرفتێک لەوەدا نەبیننەوە. زۆرێک لە بەها ئیسلامییەکان بۆ ئەم شیاون. بەڵێ، ڕەنگە پراکتیزەکردنیان لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا ئەستەم بن، بەڵام لای ئەم پەسەندن، گەلەک جاریش دژیان دەوەستایەوە.

ئەمە مانای ئەوە نییە بە کفری دەزانێت، بەڵام هەر دۆخە و بڕیاری خۆی هەیە، مرۆڤی دانا خۆی سەر بۆ زریان دادەنوێنێت، تاکو فڕێی بداتە سەر زەوی. بەڵێ، ئەوی بە یەک دەست وەریدەگرێت، لە بەرابەردا بە هەزار دەستی تر دەیداتەوە. خەریک بوو هەستی بە تاوان و ئازاری ویژدان دەکرد، بەڵام ئەو هەستبەتاوانکردنە وەکو بەردێک لە لوتکەی شاخەوە بەردرابێتەوە، خێرا پاشەکشەی کرد، کاتێک ئەو هۆکارەی بیر دێتەوە وای لێ کرد نەیهێشت کچەکەی بۆ وانەی ئایینی ئیسلامی بڕوات و بایکۆتی وانەکانی مامۆستا ئاسیاییەکەی کرد، لە دڵی خۆیدا گوتی: "دوور نییە ئێستا بە مردوو بژمێردرێین، دووریش نییە ئێستا ئەو لە شوێنێکدا لە زیندانێکی نووتەکدا بێت".

# ژیننامەی ئافرەتەکە

لە بڕگەیەکی ئەم ڕۆمانەدا گێڕەرەوە باسی ئەوینی نورا شۆڵزی کردووە بۆ دەرویش، یان خۆشەویستیی دەرویش بۆ ئەو، یاخود خۆشەویستییان بۆ یەکتر. لە ڕاستیدا ئەمە ورد نەبوو، یان با بڵێین واقعی نەبوو ئەگەر بەدواداچوون بۆ ژیننامەی کابرا و ژنە بکەین، لەگەڵ ئەوەی چۆن پێک گەیشتن و هاوسەرگیرییان کرد. هەڵبەت ئەوە چیرۆکێکی ناوازە، یان شەرەفمەندانە نییە، هەروەها دڵگیریش نییە، وەلێ تا ڕادەیەک گرنگە، گێڕەرەوەش مکورە لەسەر گێڕانەوەی:

دەرویش یان هاینرش وەکو گووفرێدەری سەگەکانی دایکە شۆڵز کاری دەکرد (ئەمەش هەموان دەیزانن)، کاتێک دۆخی تەندروستیی دایکە شۆڵز ڕوو لە خراپی و لە سەرەمەرگدا بوو، بە دیاریکراوی ئەو ڕۆژەی دکتۆر (ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی) پێی گوت، با باسی ئەوە بکەین بەو شێوەیە پێی گوت، کە ئەمانەتی پیشەیی و زانستیی بەسەریدا دەسەپێنێت: چێژ لەو چەند مانگە کەمە وەربگرە کە ماوتە. بە دووری مەزانە پەرجوو ڕوو بدات، بەڵام مەرج نییە هەمیشە ڕوو بدات. ئەمەش مانای ئەوە نییە زۆر ڕوو نادات. ئێمە پێوەری گشتیمان هەیە، بەڵام خودا وردەکاری و زانیاریی تەواو و پەرجووشی هەن.

ڕەنگە ئەگەر بڕوای بە خوا هەبوایە ئەوا پەروەردگار یەکێک لە پەرجووە دڵگیرەکانی پێ نیشان بدایە و ماوەیەکی زیاتر بژیایە، بە هەمان شێوە هاوسەرگیریی هاینرش و نورای کچی زۆر دوادەکەوت، بەڵام داوای لە دکتۆر کرد پتر بۆی ڕوون بکاتەوە بۆچی لەسەریەتی بمرێت و بەوە قایلی بکات، هەڵبەت دکتۆر ئەوەی کرد. هەرچی پەروەردگارە، ئەوا ئەم بۆ پتر لە سی ساڵ دەچێت پشتی لە ئایین کردووەتەوە، لەو ڕۆژەوەی داوایەکی بۆ شارەوانی پێشکەش کرد لە کڵێسا بکشێتەوە. مادامەکی (لەوانەیە لەبەر خراپهەڵسەنگاندن یان لەبەر نەزانی) جیاوازی ناکات لەنێوان کڵێسا و پەروەردگاردا.

بە دیاریکراوی لەو ڕۆژەدا، دوای ئەوەی دکتۆر جێی هێشت، بە هاینرشی گوت، کە لەودەمەدا ناوی دەروێش بوو:

– کچێکم هەیە ناوی نورایە.

دەروێش پێی گوت:

– بەڵێ، دەزانم، جارجار خەڵکوخوا قسەی لەبارەوە دەکەن.

بێ ئەوەی سەرسامیی پێوە دیار بێت، پێی گوت:

– ئەوەم بە دوور نەزانی! کچێکی بەئەمەک نییە، منیش دایکێکی خراپ بووم، بایەخم بەو تێبینییە زۆر گرنگانەی نەدەدا، کە جارجار پێمی دەگوت، تاکو ماڵوێرانییەکە ڕووی دا، ئەوەبوو باوکی خۆی کوشت. لە ڕاستیدا کەس نازانێت چی لە خۆی کرد. ئەو دە ساڵ لە من گەورەتر بوو، لادانی بە شێوەی نەسرۆ پێوە دیار نەبوو، بڕوام وایە وێڕای ناکۆکی و ئەو شێتییەی هەندێک جار پێوەی دیاری دەدا، وەلێ زاڵ بوو بەسەر ئاوەزیدا و سەنگین بوو، بگرە دەتوانم بڵێم: باوەڕدار بوو، یان بە لای کەمەوە: بڕوای بە ١٠ ڕاسپاردەکەی مووسا هەبوو، بەڵام نەیدەتوانی لە گرێی بەشداربوونی لە جەنگدا بە

تەنیشت هیتلەرەوە ڕزگار بێت، هەرچەندە هەرگیز حەزی نەدەکرد باسی ئەمە بکات، کاتێکیش دەئاخاوت (ئەمەش دەگمەن بوو) دەیگوت شتەکەی بەسەردا سەپێنرابوو، ئەودەم گەنجێکی هەرزەکار بوو و ڕاستییەکانیان لێ گۆڕیبوو، لە هەمووشی گرنگتر: بژارەی نەبوو، یان دەبوو بکوژرایە، یانیش بکوژێت. ئەم دوو بژارەیەش تاقە بژارە بوو بۆ هەر کەسێک خۆی لە مەیدانی جەنگێکدا ببینێتەوە بە هەزارانی لەوانە تێدابوون چەکیان هەڵگرتبوو و ئامادەی کوشتن، یان مردن بوون.

به هەرحاڵ، جەنگ کاریگەریی زۆری لەسەری هەبوو، ئەگینا چۆن بوێریی ئەو کارە ناشیرینە دوور لە ڕەوشتە دەکات؟ نازانم توانیم بیرۆکەکەت لەسەر ئەوەی باوکی چۆن بووە، پێ بگەیەنم یان نا. ئەو فریشتە و شەیتانیشە لە کەسی خۆیدا. جەنگ کردی بە دەعەجان (مسخ). ئەوی گرنگە ئەوەیە لەو شوێنە نەماوە خەڵک دەیناسێت، بڕوا ناکەم هەر ناونیشانیشی هەبێت. بەپێی مۆچیاری و ڕای چاودێری کۆمەڵایەتی کۆرپەکە لەباربرا. ئەمەش هەر بژارەیەکی سەنگین و ڕەوشتبەرزانە بوو. دواجار لە نەخۆشخانە بینیم، ئیتر نەمبینییەوە. بەڵام ئاگەداری هەواڵەکانیم. ئەو ئێستا لە سالزبۆرگ دەژێت، یان تا ئەم چەند مانگەی دواییش لەوێ دەژیا، لە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری سالزاخ لای شارە دێرینەکە، لای کۆپرییەکە نیگارەکانی بە گەشتیاران دەفرۆشت و لەگەڵ برادەرەکانیدا لە خانوویەکی نیمچەجێهێڵراو دەژیا، کە نووسینگەی کۆمەڵایەتیی شاری سالزبۆرگ لەژێر تاشەبەردێکی گەورەی جیریی بەڕێوەی دەبرد.

ناوی نورایه و تاکو ئێستاش ناوی خانەوادەکەی "شۆڵز" پاراستووە، بەڵام بە نورا شتادکندی گاز دەکەن، لە نێوەندی پۆلیس و هاوەڵانیدا بە نورا شتادکند ناسراوە. لای پارێزەر لە وەسیەتنامەکەمدا هەندێک پارەم بۆ جێهێشت، ڕەنگە وەرینەگرێت، بەڵام زۆری پێویست دەبێت. دەڵێن ئەوی دەستی دەکەوێت، زوو خەرجی دەکات. پێدەچێ بەنگکێش بێت، ئاخر لەنێوان ئاوارەکاندا، یان ئەوانەی هەمان شێوازی ژیان دەگرنەبەر، بڵاوە، مەبەستم ژیانی لەدەستچووە، کە بووەتە تەرزی زۆرێک لە نەوەی دوای جەنگ.

کاتێک دەڕۆم، دەبێت پێوەندیی پێوە بکەی. ئەو هەندێک توندوتیژە، بەڵام دڵی باشە. ژیان زۆری ماندوو کردووە. کوڕم دەرویش ئەو دڵی باشە. ئەمەش هەموو ئەوەیە لێی ماوەتەوە، وا بزانم ئەگەر دڵیش باش بێت، ئەوا وێرانییەکە گەورە نابێت. کاتێک کۆچ دەکەم، تکام وایە پێوەندیی پێوە بکەی، بەڵام نەک پێش ئەوەی بڕۆم.

دەرویش پرسیارێکی سادەی لێ کرد، یان وای هەست کرد سادەیە: بۆچی نەتهێشت لەگەڵتدا نیشتەجێ بێت؟

ئەو بە ئاسانی بەرسڤی داوە: خۆی ئەو دۆخەی بۆ خۆی هەڵبژارد، ئەو لەسەر ئەوەی بەسەریدا هاتووە زۆرم گلەیی و گازندە لێ دەکات، بەڵام باوکی پیاوێک بوو گیرۆدەی بەنگ و مەی و یادی ئەو جەنگە بوو لە نەستیدا بوو، ئەمەش زیانێکی زۆری بە ئاوەزی گەیاند، کردبوویە بوونەوەرێک نزیکتر بوو لە ئاژەڵەوە وەک لە مرۆڤ، ئیشەکەی لەو شارە لەدەست دا، پاشان ون بوو. وا دەزانم لە شوێنێک لە شوێنەکاندا پەشیمانی کوشتی. خودان ویژدانێکی بێدار بوو، ئەگینا جەنگ کاری تێنەدەکرد.

حەزی زانین یاریی بە ئاوەزی دەروێش کرد. دەیویست کچە ببینێت، دەیخواست بیناسێت ئەگەر لە دووریشەوە بێت، دەیویست بزانێت چۆن دەژێت. ئەو وردەکارییانەی ئێستا دایکی دای پێی، ڕەنگە کەس پێیان نەزانێت، یاخود هەموان دەیزانن ئەم نەبێت. وەکو نەقوستانێک باسیان دەکرد. هەرچی دایکی بوو وەکو قوربانییەک قسانی لەبارەوە دەکرد، بەتایبەت قوربانیی دەستی خۆی، ئینجا باوکی. ڕەنگە ئەگەر ئەم بیبینێت لە ڕاستییەکەی تێدەگات (ئەگەر لە بناغەدا ڕاستییەک هەبێت). دەخوازێت بیبینێت. بە لای ئەوەوە کارەکە گرنگ و پێویست بوو. ڕەنگە نەزانێت بۆ، لە شوێنێکی پەنهانی دالانەکانی ناهۆشیاریدا حەزێکی سەرشێت بۆ بینین و قسەکردن لەگەڵیدا دروست بوو، وەلێ تەنیا بۆ چەند سەعاتێک دەتوانێت شار بەجێ هێڵێت، ئەمەش بەپێی ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی بە لودیا و سەگەکانیەوە هەیبوو، جگە لە چاودێریکردنی دوو سەگی تری کابرایەکی نەخۆشی دەوڵەمەند، کە ژنەکەی زۆری سەفەر دەکرد. ئەو سەرپەرشتیی ئەو کارە بازرگانییانە دەکات کە پێوەندن بە هەردووکیانەوە. هەروەها ئەو ناتوانێت مۆڵەتی کۆتایی هەفتە وەربگرێت (ئەو مۆڵەتەی بەپێی یاسا بۆ هەموانە) ئەگەر کەسێک شوێنی نەگرێتەوە، ئیدی ئەوە ئەرکی کارکردن نەبوو بە پیشەکەی دەبەستەوە، بەڵکو ئەرکی مرۆیی بوو، ئەو وێڕای چاودێریکردنی سەگەکان، یارمەتیی لودیا و وۆلفگانگیشی لە زۆر شتدا دەدا، وەکو بازاڕی و گەلێک جاریش دەیبردن و بە دەوری باخچەکە، یان دەریاچەکەدا پیاسەی پێ دەکردن، لە کاتێکدا هەردووکیان لەسەر کورسیی عەرەبانە بوون. هەرچەندە زۆرێک لە نەخۆشەکان خانەی پیرانیان پێ چاکتر بوو، کەچی هەندێکیشیان دەیانویست لەو

ماڵەدا بژین کە خۆیان دەیانخواست، ئەو ماڵانەی دیوارەکانیان گەلێک یادەوەریی ورووژێنەریان بۆ جێ هێشتوون، تەنانەت ئەگەر هەندێکیشیان خەمبار بن، یادەوەریی خەمگینیش هەینیٚ ڕۆژگاری بەسەردا تێدەپەڕێت، سیما ئازاربەخشەکەی ون دەکات، دوور نییە ببێتە قسەی خۆش، لە خراپترین دۆخیشدا دەبێتە بەشێک لە ڕابردوویەک، زۆری لێوە فێر بوویت، مادامەکی نەیکوشتووی (وەکو مەهاتما گاندی دەبێژێت) ئەوا بەهێزتری کردوویت. ئاکامی ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی نێوان ماڵ، کە ژیانە لەگەڵ کەسەکە، هەندێک هەن مەگەر بۆ گۆڕ، ئەگینا ماڵ جێ ناهێڵن. ئەوان لەو جۆرە بوون. ڕۆژێکیان پێی گوت: ئەو کۆژانەی بە هۆی قیستدانەوەی ئەم ئەپارتمانەوە چەشتم، تاکو ببێتە هیی من بەسە، تەنیا ئەوەندە بەسە بۆ هەمیشە پێوەی پێوەست بم. واز لەو زامە قووڵانە بهێنە!

لودیا ئافرەتێکی نەقوستانە، بەڵام زۆر بەهێزە، زۆربەی کاتەکانی بە خوێندنەوە بەسەردەبات، هەروەها بەو کورسییە عەرەبانەیەشەوە، ئینجاش لە چێشتلێناندا دەستڕەنگینە. ڕۆژانە بۆ ئەم و ئەویش چێشتی لیٚ دەنا و زۆر کات لەو جۆرە خواردنە تازانەی پێشتر کەس نەیکردبوون، داهێنانی دەکرد. لەو ڕۆژانەی خەم و ترس لە مەرگ جێیان دەهێشت، شانازیی پێوە دەکرد، دەکۆشا ئەو چارەنووسەی لەو ڕۆژەی لە لوتکەی شاخەکەوە لە جەژنەزای پەنجا ساڵییدا کەوتەخواریٚ لە بیر بکات. مردن کەڵکەڵەی یەکەمی بوو، بەو مانایەی ژیان بگەیەنێت، واتە پێوەستبوونی بە ژیانەوە وای لیٚ دەکرد پتر لە مردن بترسێت. مردن بە لای ئەوەوە عەدەمی دەگەیاند، لەوە بترازێت هیچی تر نییە. پێوەندیی نێوان ئەو و دەروێش بە مانایەک لە ماناکان پێوەندییەکی خێزانی بوو، ئەو هەستەی لا

ڕواندبوو کوڕیەتی، پتر لەوەی گووفرێدەری هەردوو سەگەکەی بێت، بۆیە ئەویش هەمیشە وای هەست دەکرد لە ماڵی خۆیەتی و بابەتی مۆڵەتیش شتێکی پێویست نەبوو.

شتەکەی تریش ئەوەیە، چاوەڕوانی بڕیاری پێداچوونەوەی نووسینگەی پەنابەرییە، کە دوور نییە ڕەت بکرێتەوە، ئەوەش بڕیارێکی چاوەڕوانکراوە، بەڵام پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، تاکو ناکۆتا. ئەو چووە ئەورووپا، ئیدی لەسەریەتی لێی دەرنەچێت هەتاکو لە گیرفانی چاکەتەکەیدا پاسپۆرت و ڕەگەزنامەی وڵاتێکی ڕێزداری ئەورووپیی دەبێت، ژیان یەک ژیانە، دەخوازێت وەک کەسێکی ڕێزلێگیراو و بەڕێز بژێت، وەک مرۆڤێک خەمی بژێویی نەبێت. ئەم مافەش لە وڵاتێکدا دزی توندڕۆی ئایینی فەرمانڕەوایی بکات، ناکرێت بەدی بێت. ئەو بە تەواوی بە لایەوە جێی بایەخ نەبوو، ئەو مەرجانە لە وڵاتەکەیدا بێنە دی، چەندین جاریش ئەمەی بە هاوەڵەکانی گوتووە: ئەورووپا لە بەرابەر داگیرکردنی وڵاتانماندا بە گران لەسەری دەکەوێت و نرخی لۆکەی جەزیرە و کەتیرەی کوردەڤان و پەتاتەی جەبەل مورەیان لێ دەستێنینەوە، تەنانەت شمشێرەکەی مەهدییش کە جەنابی "عەبدولڕەحمان ئەلمەهدی" بە شاژنی بریتانیای بەخشی.

هەڵبەت دەروێش بێئاگا بوو لەوەی حکوومەتی بریتانیا شمشێرەکەی حکوومەتی سودانی گەڕاندووەتەوە، چونکە شاژن دیاریی تاکەکەسی قبوڵ ناکات.

ئەوی مایەی سەیربوو، ئەو کابرایەی بە دەستی خۆی شمشێرەکەی دروست کردبوو و پێشتر بە ئیمام ئەلمەهدیی بەخشی بوو، هەر بەخۆی کڕییەوە. ئینجا گوتی: ئەو یۆرۆیانە

ئاشتی و چاودێریی تەندروستی و کۆمەڵایەتیی دەگەڕێننەوە، هەروەها لە ڕێگەی کارکردن و ماندووبوونەوە، ئەو توانایەی تێدایە.

هەڵبەت پەشیمان نەبوو لەوەی درۆی لەگەڵ لێکۆڵیارەکە نەکردووە بەوەی گوتوویەتی لە وڵاتەکەی خۆیدا هۆمۆیەکی بێبەش بووە لە مافەکانی، پێی نەگوت کەسێکی سیاسیی ڕاونراوە و ئەوەشی پێ نەگوت، کە حوکمی لەسێدارەی بەسەردا دراوە و ئەگەر بگەڕێتەوە ئەوا بە شێوەیەکی دڕندانە دەیکوژن. ڕاستیی ڕووتی پێ گوت:

– من دەمەوێت لە وڵاتێکدا بژیم خۆشگوزەرانیی تێدا بێت و کارێکی باش بدۆزمەوە، لەگەڵ ئایندەیەکی بەختەوەر بۆ ڕۆڵەکانم کاتێک دەبمە خاوەن منداڵ. من لە ئیشێکی پڕ سوود و سەقامگیر دەگەڕێم، چیی تر نا.

هەڵە کوشندەکە لێرەدا بوو، لێکۆڵیاران حەز بە درۆی گەورە دەکەن، بێ بەڵگە بڕوای پێ دەکەن ئەگەر داهێنراو بێت، بۆیە بە پەسەندیان نەزانی و ڕەتکردنەوەیان Negative دا پێی.

لودیا ڕازی بوو ڕۆژێکی تەواو بەدڵی ئەو لە کوێ بێت بەسەربەرێت، ئەگەر یەکێکی بینییەوە لە ڕۆژێکدا دوو جار پیاسە بە سەگەکانی بکات، بەو مەرجەی لە ماڵدا بمێنێتەوە و دوورنەکەوێتەوە.

ئەمەش ڕێککەوتنێکی نەنووسراو بوو لەودەمی لە ئەپارتمانەکەی دەمایەوە لە "٥ بانهۆف ئستراسا، نهۆمی ژێرەوە". ئەوەبوو لە بەرابەر کرێی ڕۆژێکی تەواودا چاودێریکردنی سەگەکانی بە دۆستێکی کۆچبەر سپارد.

نورا کێوی نەبوو (بێگومان ئەمە کەشاکی بەرایی بوو). قژە ئامالسوورەکەی هەندێک پەلکی ئالتوونی تێدابوو، هێند پڕ بوو، لایەکی زۆری پشتی داپۆشیبوو، هەروەها ڕوخساریشی ئەودەمی بەسەر کاغەزەکەدا دادەچەمییەوە و بە وردی وێنەی خانووەکانی بەرابەر ڕووبارەکەی دەکێشا بە لای قەڵا گەورەکەی سەر لوتکەی شاخەمانگ.[1]

نورا بە شێوەیەکی بەرچاو قەڵەو بوو. زۆر قەڵەویش نا، بەڵام دەکرێت پێی بڵێیت قەڵەو و بەس. هەندێک گەشتیاری ژاپۆنی و کۆری بە کامێراکانیانەوە، کە بەشێکی ڕەسەن بوون لە کەسایەتییان، چون پێوەی لەدایک بووبن، بە دەورییەوە بوون. کچێک لە تەمەنی ئەودا، واتە لە ناوەڕاستی بیستەکاندا بوو لەولاوەی دانیشتبوو، قژی ڕەش و بە هەمان شێوە ڕێکخرابوو، پێستی تاریک، لاواز و باڵابەرز، دەتگوت کیژە ڕۆماییە.

لەسەر مێزەکەی بەردەمی تابلۆ تەواوکراوەکانی کۆشک و ڕێگەوبان و ئوتێلە کۆنەکانی شارە دێرینەکەی دانابوون، هەندێکیشیان تابلۆی ڕووبارەکە بوون. بەخۆی تابلۆکانی بەوانە دەفرۆشت حەزیان لە کڕینیان بوو. بێگومان دەکرا وێنەیەک بۆ یادگاری بە خۆڕایی لەگەڵ کچە تابلۆکێشەکە بگریت، وەکو لەسەر ئەو تابلۆ بچووکەی سەر مێزەکە بە ئینگلیزی نووسرابوو، هەینێ کڕیار پێی خۆش دەبێت، کچە بانگ دەکات: نورا، بە یارمەتیت وێنەیەک.

ئا لێرەوە دەرویش زانیی کامیان نورایە، هەرچەندە هەستی پێ کردبوو. باشە، سیمایەلێکی زۆری دایکی لە خۆ گرتبوو.

---

[1]. Monchsberg

نەک هەر قژی، بەڵکو چاوە گەورە خەمبارەکانیشی، هەروەها ئەو دەمە گەورەیەی لە دەمی "سۆفیا لۆرین"ی ئیتاڵی دەچوو.

تابلۆکان گران نەبوون، نرخی تابلۆیەک تەنیا سەت شلن بوو. بێگومان دەروێش بەهای تابلۆکان نازانێت. شارەزایی لە هونەری شێوەکاری نەبوو، وەلێ بینیی زۆر جوانن و وردەکاریی زۆریشیان تێدان، سەرسام بوو بەو خێرایی و توانایەی نورا لە کێشانیاندا دەینواند. لە پلانیدا نەبوو شتێکی کتوپڕی بۆ دروست بکات. هەموو ئەوەی دەیویست ئەوەبوو لە نزیکەوە بە بێدەنگی بیناسێت. "کێویی نەبوو". وێڕای ئەوەی نەیبینی قسان بکات بەو بڕیارە گەیشت. بە درێژایی کات متەقی نەدەکرد، جگە لە وشەی منەتباری و ڕووپامایی بە زمانی ئینگلیزی، دەم نا دەمێک بەسەر کڕیاراندا دابەشی دەکرد، چونکە زۆربەی زۆری کڕیاران بیانی بوون.

تابلۆیەکی کڕی، داوای کرد دوای ئەوەی هەموو ئیشەکانی تەواو دەکات، وێنەیەکی لەگەڵدا بگرێت. بزەیەکی بۆ کرد و بە ئەڵمانی پێی گوت:- Genau.[1]

ئەو هیچ نیشانەیەکی ئاوارەیی پێوە دیارنەبوو، وەکو چۆن لە میسر، یان سودان بوو هەر وا بوو، تەنانەت ئەوانەشی لە ئەسینا بینییانی. زۆر سروشتی بوو، جلێکی جینزی شینی لە بەردا بوو، لەگەڵ بلوزێکی کورتی قۆڵسپی، شاڵێکیشی لە ملی پێچابوو، بڕوای وا بوو کەشەکە پێویستی بە لەوە پتر نییە بەنیسبەت ئاوارە و نائاوارەیشەوە، هەتاوی خەرمانان بەدەرەوە بوو، پلەی گەرمیی لە سەرووی بیستەوە بوو، هەڵمی ئاوەکە کەشەکەی لەسەر کەنارەکە گەرمتر دەکرد. ئەو

---

[1]. بە مانای: ئۆکەی.

قەڵەو و پێستێکی پەمەیی هەبوو. وا دیاربوو تەندروستیی باشە و لە هیچی کەم نییە، هەرچەندە زۆر جار قەڵەوی نیشانەی ناجێگیریی دەروونییە. تێبینیی ئەوەی کرد تا ڕادەیەک ئەنگوستەکانی گەورەن، لێ لەژێر ڕەنگە ڕۆنییەکاندا دەتگوت پەنجەی منداڵێکی لاسار و چەتوونن.

گەشتیارە ئاسیاییەکان بە بێدەنگی تێدەپەڕین، بە چی بگەیشتنایە وێنەیان دەگرت، ئیدی چەند مەزن و دڵگیر و بەبەها بوایە، وەکو خشڵ و شتە ئەنتیکەکانی شەقامی گێترایدگاسا، یان دێرین بوایە وەکو قەڵای شاخەمانگ، یان بچووک بوایە و تێبینیی بوونی نەکرایە، وەکو کرمۆکەیەک ڕێگە ببڕێت، یان چۆلەکەیەک وردکەنان بچنێتەوە، قەلەڕەشێک لە کەنار نیشتبێتەوە، دوو مراوییش بەدەم شەپۆلەوە مەلە بکەن، تیتلەکناچەیەک هەندێک ماسیی هەڵگرتبێتەوە، هەنگێکی چکۆڵە شیلەی گولیلکی تیولبی بمژێت، ئافرەتێک بە بێدەنگی وێنە بکێشێت، پیلێکی لەناکاوی خەمبار لە نزیک لاقی پیرەپیاوێکەوە خۆی بە تاشەبەردێکی لووسی لێوارەکەدا بکێشێت، بورجی کڵێسایەک لە دوورەوە لە میانەی درەختەکانەوە زەنگە زەردەکانی ڕابوەشێنێت.

ئاماژەیان بە شتەیلێک دەکرد بە ئەدەبەوە یەکتریان ئاگەدار دەکردەوە، بە دەنگێک نزیکتر لە چرپە، یان بە سروودی نهێنیی ئەفسووناوی، ڕەنگە پێویستیی بۆ ڕابواردن و خۆشیخستنە دڵی یەکدییەوە، بیسەپێنێت، یان حەزی قایلکردنی خۆیان بە کەڵکوەرگرتنی باشتر لەوەی لەم گەشتە ناوازەیەدا خەرج کراوە، دەشێت گەشتی تەمەن بێت بۆ شاری موزیک، کە زۆیان لەبارەوە بیستبوو، دووریش نییە چەندین جار بەرلەوەی لێرە ئامادە بن فیلمی "دەنگی موزیک"یان بینیبێت،

بۆیە پێویستە گشت شتەکان تێیدا وروووژێنەر بن بۆ لاپرەسەنی و کامەرانی، هەروەها پاساوێک بن بۆ خەرجکردنی پارە، یان شارە ئارامە جوانەکە نوێژەکانی بسەپێنێت، ئەویش جۆرێکە لە نوێژی وردەکارییە تایبەتەکان لەپێناو پیرۆزیی خۆیدا، چونکە شاری سالزبۆرگ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شارێکی ئایینی بووە، بۆ چەندین چاخ ئاوا بەردەوام بوو، لە چاخی ڕۆمانییەکان ڕاستەوخۆ لەژێر دەستی کاردینالّی کلّێسادا بووە، پاشان بە دەسخۆشیی مۆتزارتی موزیکژەن بە هەناسەی سەمفۆنییە نەمرەکانی بووە خودان ڕۆحێکی ئەرستۆکراتی لە جەستەیەکی ئایینیدا، بە کراسێک لە تەلارسازیی ڕۆمانی و باڕۆکی، جلێک لە چیای بلّندی قسلّیی لە بەردا بوو، هەر بەڕاستی "بووکی ئەلپ" بوو.

گەشتیارێک بەوپەڕی ئەدەبەوە لێی پرسی با وێنەیەکی لەگەلّ ئەودا بۆ بگرێت، بە عەرەبی وەلّامی دایەوە قەیچێکا ئاساییە. کابرای گەشتیار سەیری هاتێ، تەماشایەکی کرد و گوتی:

- کەواتە تۆ سودانییت.

- بەلّێ، تۆش خەلّکی کەنداویت، وا نییە؟

لەودەمی دەستی تەوقەی بۆ درێژ کرد، گوتی:

- بەلّێ، سعودیم.

بەدەم زەردەخەنەوە لەودەمی سەرنجێکی خێرای لەو بڕی، گوتی:

- وەلێ سعودییەکان مۆدێرنن.

هەردووکیان خەنینەوە، هەروەها هاوژینە سعودییەکەشی پێکەنی، کە پانتۆلێکی جینزی زۆر کەشخەی لەگەلّ بلووزێکی پەمەیی گەشدا لە بەر بوو. پێلّاوە وەرزشییە سپییەکەیشی تا

بلێی کەشخە بوو، مارکە بازرگانییەکەی بەرچاو و دیار بوو. چاویلکەیەکی خۆریی لە چاودا بوو، لەو جۆرەی بەشی زۆری سەرەوەی دەموچاو دادەپۆشێت و جوانیی لووت دەردەکەوێت ئەگەر ڕێک بێت و جوانی دەکات گەر وا نەبێت. ئەوە لەو جۆرە چاویلکە گرانبەهایانەیە، کە لە شەقامی گێترایدگاسا لە شارە دێرینەکە دەفرۆشرا.

ئەوە یەکەمین جاری بوو ئافرەتێکی سعودی ببینێت لەچکی لەسەر نەبێت. پیاو ڕاست بڵێت تا بڵێی نازدار بوو، بێگومان بوو (ئاخر هەندێک گومان گوناهە) ئاتاجی ئەوە نییە خۆی لەودیوی لەچکی ڕەشەوە بشارێتەوە، هیچ جیاوازییەکیش نییە لەنێوان ئەو و هەر ئافرەتێکی عەرەبی تر، یان غەیرە عەرەب.

وێنەی زۆری گرتن، هەر جارەی بە شێوەیەک، تێبینیی ئەوەی کرد وێڕای ئەوەی وەکو هاوژینی، یاخود وەکو هاوبەشی ناساندی، کەچی ئەو هێند لێی نزیک نەدەبووەوە. هەمیشە مەودایەکی لەنێوان خۆیاندا دادەنا، مەودایەک دەرویێش وای هەست کرد لە قووڵاییەکی دوورەوە دێت، پۆلیسی نهێنی ڕێکی دەخات، مۆدێرنێتە نەیتوانی دڵە بەردەکەی ژاراوی بکات. کاتێک کامێراکەی بۆ کابرا گێڕایەوە، کابرای سعودی لێی پرسی:

– تۆ بە گەشت هاتوویت، یان سەردان؟

– بە شێوەیەکی کاتی لێرەم؟

بە سەرسووڕمانەوە لێی پرسی:

– لێرە؟! لەم وڵاتە ئەفسووناوییە! چی دەکەیت؟

بەڕاستی پرسیارەکە لەناکاو بوو، وەکو ئەو پرسیارە کتوپڕانەی پێشتر سەڵاح سەعدی ئەریتیری لە ئەسینای یۆنان

به بناگوێیدا چرپاندن. دوای کەمێک لە دوودڵی و بیرکردنەوە، گوتی:

- سەرپەرشتیارم.

- سەرپەرشتیاری چی؟

کەمێک تێفکری، سەرنجێکی خێرای لە ژنەی هاوەڵی پیاوە سعودییەکە دا، تێبینیی ئەوەی کرد وریایە و چاوی لێیەتی، زەردەخەنەیەکی ناسکی خستە نێوان لێوە بەڕۆج سواخدراوەکانییەوە، وا چاوەڕوانی وەڵامی دەکرد چون خۆی پرسیارەکەی کردبێت، پاشان گوتی:

- سەرپەرشتیاری ئاژەڵان.

خێرا لێی پرسی: ئایا تۆ بەیتاڵیت؟

لەوکاتی لە چاوانی کابرای دەڕوانی، وەکو چۆن ئەویش وای دەکرد، گوتی:

- نا، من دەرمانسازم. پزیشکی دەرمانسازی.

- بەخوا نایابە، من زۆرێک لە سودانییەکان دەناسم، لە کۆمپانیاکەی باوکم لە ڕیاز کار دەکەن. باوکم بریکاری کۆمپانیای فۆردی ئەمریکییە. من زۆرم خۆش دەوێن، زۆر ئەمین و باشن، "بەڵام زۆر تەمبەڵن" بە ئارەزووی خۆیان کار دەکەن و هەر کاتێکیش بیانەوێت جێی دەهێڵن.

وا دیاربوو وشەی "تەمبەڵ"ی بەدڵ نەبوو، پێی گوت:

- تەمبەڵن، یان مەزاجین؟

ژنەکەی بەرسڤی داوە:

- لە ڕاستیدا هەردووکیان پێکەوە، کەسی سودانی بەوەی بەدەستی دەهێنێت، ڕازییە، بیر لە پتر ناکاتەوە، بەگشتی بە پێچەوانەی مرۆڤەکانی ترەوە کە هەمیشە چاوبرسین و چاویان لە زیاترە. زۆرێک لە خەڵکەکەش ئەمە بە تەمبەڵی

دادەنێن، بەڵام من بە لای خۆمەوە بە "قەناعەت"ی لێکدەدەمەوە، ئیدی خوا دەزانێت.

هەموان خەنینەوە، تەنانەت ئەو خاتوونەی ڕۆماش، کە هیچ لە قسەکانیان نەگەیشت، وەلێ کارەکە بە لای ئەوەوە گرنگ و مایەی سەیر بوو. لەوەش سەیرتر بە لایەوە ئەو زمانە بوو کەسانێک بە پاراوی قسانیان پێ دەکرد، لە دەرەوە تەواو جیاواز بوون. بەڵێ هەموویان ڕەش بوون، بەڵام یەکیان ڕەشێک بوو ڕەنگی لە ئەفریقی دەچوو، دوانەکەی تریش ئاسیایی، کەچی تێبینیی ئەو هۆگری و دۆستایەتییەی نێوانیانی کرد، هەروەها چۆن گفتوگۆیەکی ئاسایی درێژە پێ دەدەن، کەچی زۆری درێژە کێشا و بە قاقای پێکەنین کۆتایی هات، هەروەها بە ماچ و زەردەخەنە، ماڵئاوایی گەرم و گۆڕینەوەی ناونیشان و ژمارە تەلەفۆن.

بێگومان شتێکی گرنگی دیکەی دەخستە سەر سەراسیمەییەکەی، ئەگەر بیزانیایە یارۆی سعودی لە دەروێشی پرسیوە، داخۆ ئاتاجی پارە نییە، کەچی دەروێش ئەو بیرۆکەیەی ڕەت کردەوە، "لە خوا بەزیاد بێ"، ئەو پێویستی بە هیچ یارمەتییەکی لەو بابەتە نییە، چونکە کار دەکات و پارەی گشت شتێکی هەیە.

کاتێک سعودییەکان ڕۆیشتن، لێی پرسی:

– ئایا ئێوە هیندیین؟ وا بزانم گوێم لێ بوو بە ئۆردو قسانتان دەکرد، ئەو زمانەی هەندێک لە برادەرانی هیندی لە شار پێی دەئاخێون.

بەڕاستی خاتوون ڕاستی دەکرد، ئەگەر گێڕەرەوە تا ڕادەیەکی زۆر گفتوگۆکەی بە زمانی ڕەوانی عەرەبی و دەستکارییەکی ماقووڵ نەنووسیبایە. ئەوەش بیرۆکەی من

نەبوو وەکو نووسەری ڕۆمانەکە، چونکە من وای دەبینم گفتوگۆ بەشێکە لە بنیادنانی کەسایەتی، پێشم باشترە گفتوگۆکە بە زمانی پاڵەوانەکان بنووسم، واتە کارەکتەرانی ڕۆمانەکە، لێ لە هەندێک کاتدا پێم چاکترە گوریسەکە لە بەلەمەکەدا بۆ گێڕەرەوە جێ هێڵم.

هەندێک جار بە ویستی خۆم، زۆر جاریش لەژێر کاریگەریی ئەو یان پێداگیرییەکەی، وەکو لەم جارەدا ڕووی دا. ئەوی مایەی سەیروسەمەرەیە ئەم گێڕەرەوەیە حەز بە گفتوگۆ ناکات، واتە ئەگەر گفتوگۆکە بەو شێوەیەی ڕووی دا بنووسرایە، ئەوا خوێنەرانی بەخشندە لە پرسیاری ئافرەتەکە سەریان سووڕ نەدەما، چونکە هەردوو سعودییەکە بە شێوەقسەکردنی ڕوونی بەنگالی لەگەڵ دەروێشدا دەدوان، دەروێش بە سعودی قسە ناکات و هەردوو سعودییەکەش بە سودانی، یان میسری قسان ناکەن، بۆیە بەو زمانە عەرەبییە لەگەڵیدا قسانیان کرد، کە لەگەڵ خزمەتکارە بەنگالییەکانی ماڵەوەیان لە سعودیە قسەی پێ دەکەن، ئەو تێکەڵەیەکی لە عەرەبیی ڕەوان و بازاڕیی میسری و سودانی بەکارهێنا، لەگەڵ ئەو کەمەی لە عەرەبیی پاراوی سعودی دەیزانی، ئیدی سڵی لە بەکارهێنانی نەکردەوە.

پێی گوت: نا، بە زمانی عەرەبی قسانمان کرد.

- ئەهااا!

پاشان لێی پرسی: تۆ خەڵکی کوێیت؟

- سودان و میسر. من سودانییەکی میسریم، دایکم میسری و بابیشم سودانییە.

- ئەهااا!

پاشان ئەمەشی خستە سەر: تۆ لە ئەفریقیی خوارووی بیابان دەچیت.

بەدەم بزەخەنەوە گوتی:

- بەڵێ، من ئەفریقیم، زمانی عەرەبییش زمانی ئاسیا و ئەفریقایە.

بەدەم خەنینەوەوە چون داوای لێبوردن بکات، گوتی:

- بمبوورە، من زۆر لەبارەی زمانەکانەوە نازانم، من نیمچەنەخوێندەوارم.

ئەوە زۆر گرنگ نەبوو گفتوگۆکەی نێوانیان مایەوە، ئەوی گرنگ بوو ئەوەبوو لە میانەی ئەو گفتوگۆ کورتەوە زانیی لە شارێکی بچووکی پارێزگەی سالزبۆرگ دادەنیشێت، هەمان ئەو شارەی خانەوادەی نورا ئشتادکیندی هاوەڵی خەڵکی ئەوێن، بۆیە وای بە باش زانی، یاخۆ بە ئەدەبەوە پێشنیازی کرد ئەگەر بیانەوێت بە یەکتریان بناسێنێت.

- نورا کەسێکی باشە، بەڵام دەبێت پرسیاری وردەکارییەکانی لێ نەکات، چونکە ئەو حەزی بەمە نییە. ڕەنگە هەموو شتێک بگێڕێتەوە، هەڵبەت ئەودەمی بەخۆی حەز بکات. ئەوەندە بەسە پێی بڵێی خەڵکی سالفلدنی.

بە چرپە باسی ئەوەی بۆ کرد، پێی گوت: لە تایبەتمەندییەکانی هەندێک دەگات.

لە کۆتایی ڕۆژەکەدا، پێش چەند ساتێک لە تەواوبوونی سەردانی کاتدرائییەی سالزبۆرگ و گۆڕی پەتروسی پاکەپیاو، لەو شوێنەی شەپۆلی گەشتیارانی لێ ڕادەوەستن بۆ پەڕینەوە لە پردە بچووکەکە بەرەو شارە دێرینەکە، وێنەیەکی بە کامێرا چکۆڵەکەی لەگەڵیدا گرت. کەمەکیش باسی سالفلدنیان کرد.

باسی دایکی بۆ نەکرد، بەڵام پێی گوت ئەو لەوێ لەدایک بووە و یادەوەریی ئازاربەخشی هەن.

پرسیی: لەوێ بە چییەوە خەریکە؟

پێی گوت: سەرپەرشتیارم.

بە سەرسامییەوە گوتی: سەرپەرشتیار لەسەر چی؟

بە دەنگێکی نزم گوتی: لەسەر هەندێک ئاژەڵ.

لەودەمی چاوی لە چاوانی بڕیبوو، پێی گوت: تێناگەم! مەبەستت چییە؟

هەینێ خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد، پێی گوت:

– من وەکو گووفڕێدەری سەگان کار دەکەم.

کچەکەی تر قیژاندی:

– گووفڕێدەری سەگان؟ مەبەستت چییە لە "گووفڕێدەری سەگان"؟ خۆ سەگ بەخۆی گوو دەکات ئەگەر لە سالفلدن بن یان لە ڤیەننا.

هەرسێکیان پێکەنین. ئەم شتێکی نەگوت. خواحافیزیی لێ کردن و بەڵێنی دا جارێکی تر بگەڕێتەوە، تاکو مانای "گووفڕێدەری سەگان"یان بۆ ڕوون بکاتەوە.

لەودەمی مەیدانەکەی ناوەڕاست شارە دێرینەکەی دەبڕی، تێبینیی دەستپێکردنی ئاهەنگی بەزموسەفای گەڕۆکی کرد، ڕیتمی بەهێزی ئەفریقی وای لێ کرد لە نزیکەوە تەماشای بکات. بینەری زۆر لەوێ نەبوون. تیپێکی ئەفریقی ئەندامەکانی جلی سەیریان لە بەر کردبوو، لە جلی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا دەچوو، سترانبێژەکە کوڕەلاوێکی باڵاکورتی قژ هۆنراو و شانەکراو بوو، لە شێوەی قژی پۆپ مارلی، سەماکەرێکی شارەزای لێ بوو، وا سەمای دەکرد دەتگوت جەنگاوەرێکی دڕە و زۆران لەگەڵ جنۆکەدا دەگرێت، یاخود ڕاوچییەکی

دەسترەنگینە شەڕ لەگەڵ شێردا دەکات. توانا و وزەیەکی گەورەی هەبوو، بەڵام هەر لە یەکەم نیگاوە نادیای ناسی. لەو کاتەوەی لە ویستبانهۆفی ڕۆژاوای ڤیەننا لە یەکتر جیابوونەوە، دوو ساڵ تێپەڕیبوو، نەیدەزانی بەم ئاوایە سەما دەزانێت، ئەوکاتی جێی هێشت جوانتر بوو. ئێستا ئەو لە پەرییەکی ئەفسووناویی ئەفریقی دەچێت. وێڕای ئەوەی ڕۆژ بە خێرایی دەڕۆیشت، کەچی ئەو چاوەڕێی کرد تاکو ڕۆڵی لە ئاهەنگەکەدا تەواو بوو، دوای ئەوە تیپێکی چینی سەرکەوت، بیست موزیکژەنی کوڕ و کچی تێدابوو، ئامێری تەپڵیی لە دارکاژ دروستکراویان دەژەند. وەکو پارچەی دراو لە یەکتر دەچوون. هەرچەندە ئەو حەزی دەکرد گوێیان بۆ ڕادێرێت، هیچ نەبێت بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا موزیکژەنی چینی دەبینێت و ئەم جۆرە ڕیتمە سەیرانە دەبیستێت، لێ شەیدای زانینی وردەکارییەکانی ژیانی نادیا بوو، هەروەها چۆن و کەی بارگەی لێرە خست.

لەدوای شانۆ گەڕۆکەکەوە، بینیی خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادەدەکەن. کاتێک نادیا ئەمی بینی، ناسییەوە، وەکو دوو دۆستی دێرین و نزیک بەیەکتر گەیشتن. بە زمانی ئەڵمانی دەدوان، بە پیاوێکی حەفتا ساڵەی ڕیشچەرمووی تەنکی دەموچاو خڕ و دوو چاوی کێوی، وەک چاوانی کەمتیاری برسی، ناساند.

پێی گوت ئەوە ڕۆبەرت هانسی هاوەڵێتی، بەڕێوەبەری تیپەکەیە. بەڕێز هانسیش خێرهاتنی کرد و گوتی، لە ڕێگەی ئەو چیرۆکانەی نادیا لەبارەیەوە گێڕاونەتیەوە دەیناسێت، هەروەها کۆچکردنی بۆ نەمسا بە بەبارهەڵگری بەرازان.

– نەمدەزانی تۆ سەماکەریت.

– ئەمە لەچاو هانسەوە دەبینم، ئەودەمی یەکترمان بینی، ئەو بەڕێوەبەری تیپێکی نمایشکردنی کولتووریی نەمسایی بوو، لێ لەبەر بارێکی خراپ تیپەکە مایەپووچ بوو، ئیدی تیپێکی ئەفریقیی دامەزراند، بیرۆکەکەی پێ گوتم و منیش قبوڵم کرد، ئەوەبوو لەسەر خەرجیی تایبەتی خۆی خستمیە قوتابخانەی سەماکردنەوە لە ڤیەننا، ئیدی وەکو دەیبینی بوومە سەماکەر. ئێستا ئێمە ڕۆژانە کار لە زۆرێک لە هۆڵەکانی دیسکۆ لە ڤیەننا و سالزبۆرگ و شارەیلی تری نەمسا دەکەین. پیشەیەکی ماندووکەرە، هەڵبەت لێرە ژیانکردن هەر وا ئاسان نییە، کارەکە پێویستی بە ڕەنجی گەورەیە. هانسیش لە ئەنجامی ئەو پارانەی لە بانکەکانی ڕاکێشتوون قەرزێکی زۆری بەسەرەوەن. ئەی تۆ خەریکی چییت؟

بزەیەکی کرد و گوتی: گووپێکەر.

بە سەرسووڕمانەوە گوتی: گووپێکەر؟!

ئەوەشی خستە سەر: مەبەستت چییە لە گووپێکەر؟

بەدەم تریقەی پێکەنینەوە پێی گوت: گووپێکەری سەگەلی ئافرەتێکی نەخۆش، سەگەکان دەبەم تاکو میزیان پێ بکەم، بە دەوری ئەو شوێنەدا دەیانگێڕم و دواتر دەیانگەڕێنمەوە و خواردنیان دەدەمێ، تاکو گوویەکی باش لە هەناویاندا دروستبێت، پاشان جارێکی تر دەیانبەمەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە شوێنێکی شاردا بەتاڵ بکەن، ئیتر ئاوا. تۆ پێش تۆزێک گوتت ژیان لێرە سەیران نییە، وا نییە؟

گەلێک خەنینەوە. بەر لەوەی بۆ لای تیپەکەی لە یەکێک لە ئوتێلەکانی شاردا بگەڕێتەوە، ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانی یەکدییان گۆڕییەوە، نادیا پێی گوت:

- هەست دەکەم تێکشکاوم، یان تۆ بڵێ من لەکارکەوتووم، تا ئەوپەڕی تەواو بووم. دەمەوێت هەندێک بحەسێمەوە، بەڵام بڕوا ناکەم بەم زوانە ڕوو بدات، یاخود بەگومانم ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕوو بدات، بە هەرحاڵ ئەمە لە مردن باشترە.

جارێکی دی یەکتریان نەبینییەوە، وەلێ ماوە نا ماوە پێوەندییان بە یەکدییەوە دەکرد، کاتێک ڕووداوێکی گرنگ لە ژیانی یەکێکیاندا ڕووی بدایا.

کاتێک نورا میمیی بوو تەلەفۆنی بۆ کرد، ئەویش ئەوکات پێوەندیی پێوە کرد، کە بڕیاری دابوو واز لە هانس بهێنێت، چونکە هانس حەزی نەدەکرد لەو تەمەنەدا منداڵ بهێنێت، بەو بەهانەیەی نازانێت چی لە منداڵ بکات و نازانێت داخۆ تا چەند ساڵی تر بۆیان دەمێنێت.

ئەویش حەزی بە منداڵێکە و دەترسێت سی ساڵی تێپەڕ بکات و ئیدی منداڵی نەبێت، پاشان ببێتە خەونی ئەستەم، وەلێ هێشتانەکینێ پێکەوە کار دەکەن، تەنیا لە پێوەندیی کاردان و بەس.

هەروەها گوتی، لە پیاوێک دەگەڕێت حەزی بە منداڵ بێت، سەرچاوەی بژێویی تریشی هەبێت جگە لە هونەر، لە کۆچبەرانیش نەبێت و پیاوێکی نەداریش نەبێت، ئەم بەخۆی نازدارە و شایانی پیاوێکی زەنگینە، باشتر گەر قۆزیش بێت، لەوەش چاکتر شتی باشی تری هەبێت. لە چەند خولەکێکی کەمدا هەواڵەکان دەگۆڕنەوە، پاشان بۆ چەند ساڵێک لە یەکتر دووردەکەونەوە، لێ ئەوە دوا پێوەندی بوو لەنێوانیاندا، دە ساڵ پێش ئێستا.

ڕەنگە خوێنەری هێژا وای بۆ بچێت ڕۆمانەکە لەم ساتەوە بە یەکێک لەم سێ تەوەرانەدا تێدەپەڕێت: یان گێڕەرەوە

چیرۆکی هاوسەرگیریی دایکە لەگەڵ دەرویێشدا تەواو دەکات، بەمەش وێنەی گێڕانەوەی نورا شۆڵز پێکدێت، تاکو ڕەوشە هونەرییەکە وەکو هاوسەر و پاشان دایک ئاسایی دەبێتەوە. یاخود ڕۆمانەکە بە هێڵێکی تردا دەڕوات، ئەوەش دەکرێت لە لایەن خوێنەرەوە پێشبینی بکرێت.

مەبەست لێرەدا ئەو ڕووداوانەن کە لەم ساتەدا لە ماڵەکەیدا ڕوو دەدەن، واتە لە ژووری کچەکەی، چونکە زۆرێک بە لایانەوە گرنگە شارەزای ڕەوتی پێوەندییە شێواوەکەی نێوان خۆی و کیژەکەی ببن لە لایەکەوە، هەروەها لەنێوان خۆی و تۆنی لە لایەکی ترەوە.

هەرچی تەوەری سێیەمە دەتوانین ناوی بنێین ناکۆکییە قووڵەکان لە ژیانی دەرویێشدا لە میانەی ژیننامە گێڕدراوەکەیەوە لە وێنەی "فلاش باک"دا، بەڵام (ئەفسووس) ئەوە ڕووی دا کە لێکدانەوەی بۆ خوێنەرانی هێژا زەحمەتە.

لە ڕاستیدا من شەرم دەکەم باسی بکەم. گێڕەرەوە حەزی لێ بوو بایەخ بە ڕووداوێکی بێبەها بدات لەودەمی دەرویێش بە شەمەندەفەری چوار و هەشت خولەکی پاشنیوەڕۆ لە ڕێگەی گەڕانەوەدا بوو بۆ سالفلدن، ڕووی دا.

من لە لای خۆمەوە ڕەتم کردەوە بیخەمە ناو ڕۆمانەکەوە، چونکە ئەمە دەمانباتەوە سەر تەوەرێکی پلانبۆدانەڕێژراو و ڕێکنەکەوتوو لەسەری، هەروەها ئەمە گرفت بۆ دەقە ئەدەبییەکە دروست دەکات. ئەوەی هەندێک لە ڕەخنەگرانی پیشەوەری کلاسیک پێی دەڵێن: "دەرچوونی تۆقێنەر و بێپاساوی هونەری لە هێڵی گشتی بۆ ساغکردنەوەی گێڕانەوەکە".

له سودان زۆرێک لەوانەی کار لەسەر ڕەخنە دەکەن خۆیان دێننە پێشەوە، بەتایبەت لەو ڕەوشەدا هەندێک ئامۆژگاری پێشکەش بە نووسەر دەکەن. من نامەوێت بچمە ناو هیچ شەڕەقسەیەکی ئەدەبییەوە، بەو شێوەیە (بەداخەوە) گێڕەرەوەم لەدەست دا.

بە تەواوی لەدەستم دا، هیچ نەبێت ئێستاکێ لەدەستم دا، چونکە نەگەیشتینە دیدێکی هاوبەش، یاخود چارەسەری مامناوەندی. ئەم ڕووداوە پێشتر لە ڕۆمانێکمدا بە ناوی "مەیی زۆرماوە" (وەکو لە بیرم مابێت) بەسەرمدا هاتبوو، ئەگەر یادگەم بەهەڵەیدا نەبردبم، کاتێک گێڕەرەوە ئارەزووی گۆڕینی ڕۆمانەکەی هەبوو بۆ سەرەڕۆیی پۆلیسی، هەڵبەت من بەدڵم نەبوو، لەودەمەدا جڵەوی گێڕانەوەم بە ناوی خۆمەوە لە بەشێکدا سەرلەبەر بەدەستەوە گرت. کارەکە بۆ من شەرمێون و ماندووکەر بوو، بەوەی ببمە دانەر و وتیاریش. بەڵام هەرچۆنێک بوو بە سەلامەتی تێپەڕی و شتەکانم ڕاستکردنەوە، دواتریش سەرەداوی گێڕانەوەم دایە دەست گێڕەرەوە، وەکو چۆن لە یارییەکانی تۆپی پێدا ڕوو دەدات هەینێ دوو یاریزان شوێنەکانیان دەگۆڕنەوە، یەکەم دێتە گۆڕەپانەوە و ئەوی تر دەردەچێت و بزەیەک لەنێوانیاندا دروست دەبێت لەگەڵ کێشانی ناولەپیان بە یەکتردا، یاخود وەکو هەر پرسێکی پێدان و وەرگرتنی ئاشتییانە.

ئەمجاریان پەنا بۆ دەروێش خۆی دەبەم، تاکو خۆی هەندێک لە تێکستەکە بگێڕێتەوە، دەروێشیش کابرایەکی شێواو و نائومێدە و جڵەوکردنی ئاسانە، لێ من لە لایەن ئەوەوە هێند دڵنیا نیم، ئاخر کۆچبەران (گشت کۆچبەران) پێویستیان بە پێگەیاندنی دەروونییە پێش ئەوەی بڕوا بە کردارەکانیان

بکرێتز کۆچکردن لاساییکردنەوەی کاری مێرووڵەی سپییە لە پڕکردنەوەی تەختەی تەڕدا، بە شەو دڵی کۆچبەر دەخوات و بە ڕۆژیش دەیتفێنێتەوە، بەڵام وەکو شاعیری عێراقی سەعدی یوسف دەبێژێت: "چ تاجگەلێک لەدەست دەدەین؟".

"بڕوام نەدەکرد بەو خێراییە وەڵامی دایکی بداتەوە". دەروێش لەم خاڵەوە بەو ڕستە گونجاوە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە کرد، هەرچەندە بە "نا" دەست پێ دەکات، کە لێرەدا وەکو ئامرازی نەرێنی ڕۆڵ دەبینێت، دەچێتە سەر فرمانی ڕابردوو بە یەکجا سەرەونخوونی دەکات، هەروەها وا لە خوێنەری سەقامگیر دەکات بشڵەژێت، چونکە ڕاستەوخۆ دەیخاتە ناوجەرگەی ڕووداوەکەوە و وردەکاریی گەلێک شوێن و کات کورت دەکاتەوە، لەو ڕۆژەوەی لودیا ماڵئاوایی کرد، واتە ئەو ڕۆژەی لەو بڕیارە پاشگەز بووەوە، کە نەیدەویست کچەکەی ببینێت و لەسەر دەروێشە دوای ڕۆیشتنی پێی بڵێت. کەچی لەپڕ داوای لە دەروێش کرد بڕوات لە سالزبۆرگ لە کچەکەی بگەڕێت، چونکە دەیەوێت بەر لەوەی بمرێت، بیبینێت.

کەواتە دەروێش دەستی بە گێڕانەوە کرد، دوای ئەوەی باسی ڕاستیی ئەوەی لەگەڵ نورادا کرد لای دایکی لە ماڵەوە چاودێریی سەگەکان دەکات و یارمەتیی ئەو لە ژیانکردن دەدات، هەروەها ئەوەی دایکی لە دوا ساتەکانی ژیاندایە و ئەو دەیەوێت بیبینێت، بەمە وردەکارییەکانی ڕوودانی ئەو لەناکاوە و کاردانەوەی لەسەری کورتکردەوە، هەروەها چۆن و کەی ڕۆیشتە سەر دوا وردەکارییەکانی ئەو گێڕانەوەیەی ڕۆماننووسی نەمسایی "تۆماس بێنرهات" تیزەجاڕیی پێ دەکات و بە پڕکردنەوەی گێڕانەوەی دادەنێت، کە ڕووسەکان دایانهێناوە و پێویستیش نییە.

"بڕوام نەدەکرد بەم خێراییە بەدەم داواکاریی دایکییەوە بێت. سواری پاسە تیژڕەوەکە بووین، هەرچەند بە لای منەوە جێگەی مەترسی بوو، چونکە پاسەکە بە ڕێگەیەکی کورتکراودا تێدەپەڕی، کە بەشێک لە وڵاتی ئەڵمانیای دەبڕی، منیش مافی مانەوەی ئەوێم نەبوو، دووریش نییە پۆلیس لە هەر قۆناغێکی گەشتەکەدا بێت پاسەکە بوەستێنێت و پرسیاری کاغەز و پسووڵەمان لێ بکات، ئیدی ئەوکات بە لای کەمەوە سێ مانگێک دەخرێمە گرتیگەوە، لەوێشەوە بە هۆی پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە بۆ ڤیەننام ڕەوانە دەکەنەوە، چونکە من سەرپێچیی یاسای کۆچم کردووە و بە شێوەیەکی خراپ بەکارم هێناوە، بەڵام کارەکە شایانی سەرچڵی بوو، دایکە لودیا زۆری پێشکەش کردم: وەکو کوڕی خۆی خۆشی ویستم، منیش وەکو دایکی ڕاستینەی خۆم خۆشم ویست، هەرگیز هەستم نەدەکرد لای ئەو ئیش دەکەم یان من کەسێکی ترم، پەناهەندەیەکە و بەدوای جێپێی خۆی لە هەر شوێنێکدا بێت، دەگەڕێت.

دەتوانم بڵێم خەریک بوو هەستم بە ئینتیما دەکرد بۆ شوێن و خەڵکەکە، زیادەگۆییە گەر بڵێم وام هەست دەکرد یەکێکە لە ئەندامانی خێزانەکەم، ئەگەر لە جێگەی دایکم نەبێت. نورای کچی نیگەران بوو، بە درێژایی ڕێگە ئارەقەی دەکرد، جگە لە چەند وشەیەکی کەم، قسەمان نەکرد، بەڵام وشەکانم دەبینی لە سەریدا خۆیان بەیەکدا دەکێشا.

بە شێوەیەک خەمبار بوو ئەوی بیبینیایە دەیزانی. چەند جارێک لێی پرسیم:

- دەبێت بە زیندوویی بیبینم؟

لەبەر ئەوەی وەڵامی دروستم لا نەبوو، تەنیا لەوە دڵنیام دەکردەوە، کاتێک جێم هێشت مابوو، بڕوام وا بوو ئەمجاریش مەرگ پەی پێ نابات، چونکە ئەو ماوەیەی تێپەڕاند، کە پزیشک دوو مانگی ڕەبەقی بۆ دانابوو. بۆ ئەوەی خۆشی بخەمە دڵیەوە و کەمێک لە بیری قووڵی خەمبارییی دەربهێنم، کە لەو ساتەدا نوقمی بووبوو، پێم گوت:

– دایکت وەک پیرەڕێوی وایە، بەو ئاسانییە ناکەوێتە تەڵەی ڕاوکەرەوە.

خۆزگە ئەو قسەیەم نەکردبایە، لەپڕمەی گریانی دا، گریانێک لە شیوەن دەچوو، لە قیژەی شێتانە بەسەر تەرمێکی مەزنەوە. بەکوڵ دەگریا. وای لە سەرجەم سەرنشینانی پاسەکە کرد ئاگەداربینەوە و بپرسن داخۆ کێشەیەک لەگۆڕێدایە:

– ئایا پاسەکە بۆ نەخۆشخانە دەڕوات؟ داخۆ شۆفێرەکە داوای ئەمبولانس دەکات؟ ئایا ئەو ژنە دەناسیت؟ هەردووکتان بۆ کوێ دەڕۆن؟

خودا وەڵامێکی ماقووڵی پێ بەخشیم، وای لێ کردن بە ئەدەبەوە سنووری خۆیان بزانن، ئەگینا پۆلیسی ئەڵمانی دەیگرتم، جا ئەوانیش بە کەمترین بەکارهێنانی تەواوی دەسەڵاتی یاساییان، کە پێیان دراوە، قایل نابن.

– ئەم هاوەڵەم هەندێک خەمبارە، دایکی نەساغە.

کاتێک گەیشتینەماڵەوە، لە دۆخی ڕووخانی تەواودا بوو، وەکو بووکەڵەیەک لە پارچە پەڕۆی کۆنی لەئاوهەڵکێشراو دروست کرابێت، دەڕۆیشت و خۆی دەدا بە سەر شانمدا، چون ئێسک لە گیانیدا نەبێت. ئەگەر ئەپارتمانەکە لە نهۆمی خوارەوە نەبوایە، بڕوا ناکەم بیتوانیبایە سەرکەوێت.

سەگەکان بە وەڕینێکی شرین و پڕ لە خۆشییەوە بەرەوپیرم هاتن، خۆیان بە جلەکانمەوە دەگرت و ناولەپیان دەلێستمەوە.

دایکی لە دۆخێکی باشدا بوو، لەسەر عەرەبانە کورسییەکە دانیشتبوو، لە ئێمەی دەڕوانی و بە چاوە گەورە پڕ لە فرمێسکەکانیەوە باوەڕی نەدەکرد. زاری هەڵنەهێنا، تەنیا ئامێزی بۆ کیژەکەی کردەوە. ئا لێرەدا من جێم هێشتن، هەردوو سەگەکەم بردن و دەرچووم.

ساتە مرۆییە مەزنە قووڵەکان تەنیا سەیرکەران تێکی دەدەن، نەمویست ئەو تێکدەرە من بم".

وا بزانم دەرویش توانیی بە شێوەیەکی باش دیمەنی پێشوومان بۆ بگوازێتەوە، هەرچەندە وەکو نەریتی قارەمانان زۆر باسی خۆی نەکرد، ئەوانەی دەرفەتی قسەکردن لەسەر خۆیان بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک دەبەخشن، من ناوی دەنێم "ڕاناوی چەنەباز". ئەوە یەکێک لە نەریتەکانی دەرویشە: "کورتکردنەوە و وریایی"، لەگەڵ چەپاندنی هەستە ڕاستینەکانی، یاخۆ قسەنەکردن لەبارەیانەوە و ئاشکرانەکردنی ئەو خۆشەویستییە، یاخود ڕقەی لە خۆی گرتووە.

دایکە دوای دوو ڕۆژ لە ئامادەبوونی کچە، لە نەخۆشخانە مرد، هەموو شتێک بە وردی ئامادە و ڕێک خرابوو. لێرەدا مەبەست لە مەراسیمی تەرمەکەیە، سووتاندن دوا ڕاسپاردەی بوو. خوالێخۆشبوو بەخۆی ئامادەی کردبوو، چونکە لە مەرگ دەترسا، بۆیە ئامادە بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی.

هەموو شتەکانی بە شێوەیەکی پوخت ڕێکخستبوون. ڕاسپاردەی ئەوە بوو دوای مردنی لاشەکەی بسووتێنرێت، لەگەڵ بەخشینی هەر بەشێک لە جەستەی بەکەڵک بێت،

هەڵبەت کەسانێک هەبوون ئاتاجی بوون، پاشان ئەوی لە خۆڵەمێشەکەی بمێنێتەوە لە شاخەکانی ئەلپ بدرێتە دەم باوە، لەو شوێنەی لێی کەوت، یاخود لەژێر تاشەبەردێکدا بنێژرێت، لەو جێگەیەی ڤایرۆسی مەرگ لێی دا، کە بۆ ساڵانێکی زۆر لەناو ئێسقانەکانیدا مابووەوە. هەمیشە پێی دەگوتم: "هەر کەسە و ڤایرۆسی مەرگی خۆی هەیە، مرۆڤ لە شوێنێک و لە کاتێکی ژیانیدا هەڵیدەگرێت، هەندێک جاریش لە سکی دایکیدا لەگەڵیدا لەدایک دەبێت". ئەمەش بیرۆکەیەکی نزیکترە لە چارەنووسەوە، ئەوەی پێی دەڵێین "لە چارە نووسراو".

نورا شۆڵز لەو ساتەوەی دایکی بینی پەشۆکابوو، زۆر بە قووڵی خەم دایگرت. نەمبینی لە یەکتر ببوورن. بە کەمی قسانیان پێکەوە کرد، لێ چاویان زۆری گوت. بە دەستی خۆی نانی بە دایکی دا. دەرمانەکانی پێی دا. شەونخوونیی بە دیاریەوە کرد. تاکو مرد بە دیاریەوە بوو.

جارێکیان پێی گوتم: دەبوو لێی ببوورم، وەلێ چاوەڕوان بووم ئەو دەست پێ بکات، کەچی نەیکرد، من لە چاوەکانیدا هەستم پێ کرد، هەروەها لەودیو هەموو ئەو وشە کەمانەی لەو چەند سەعاتەی پێکەوە بووین، گۆڕیمانەوە. من حەڤدە ساڵان بووم جێم هێشت، لێ هەستم نەکرد ڕۆژانێکی زۆر تێپەڕیون. وەک ئەوەی هەر لە یەکتر دوورنەکەوتبینەوە و لە بناغەدا هیچ ڕووی نەدابێت. نازانم بۆ؟ یادگەی مرۆڤ قابیل بە لەبیرکردنی ڕووداوی خراپ و پاراستنی ساتە جوانەکانە، ئەگەرچی دەگمەنیش بن.

ئەو زۆر واقعی بوو، بە شێوەیەکیش ڕاستگۆ بوو، پێشتر نەمبینیبوو، توانیمان لە هەندێک ساتی کەمدا ڕێککەوین، ئەویش (مخابن) ڕێککەوتنێکی ناسۆزداری، بگرە ڕێککەوتنێک

بەرژەوەندیی هاوبەش بەڕێوەی ببات، مەبەستم بەرژەوەندیی دنیایی ڕووتە.

دایکی لە وەسیەتنامەکەیدا ئەپارتمانەکەی بە شتەکانی ناویەوە بۆ جێ هێشتم، لەگەڵ هەردوو سەگەکە، هەروەها عارەبانە بەکارنەهێنراوەکەی و گەلێک پارەش. بۆ کچەکەشی بڕێک پارەی دیاریکراو. نازانم بۆچی وای کرد، ڕەنگە وای هەست کردبێت کچەکەی هەموو شتێک لەسەر مەی و تلیاک و سیستمی ژیانی نابەرپرسیار خەرج دەکات، یاخود لەبەر هۆیەلێک من نایانزانم.

نورا دوای ئەوەی پارێزەرەکەی دایکی گشت شتێکی بۆ ڕوون کردینەوە، پێی گوتم:

- دایکم بێ مەبەست شتێک ناکات. لێگەڕێ با جارێ پارێزەرەکە بڕوات.

وەکو دوو بازرگانی گەڕۆکی چاوبرسی، بەرابەر یەکتر دانیشتین. باسی ئەوەی بۆ کردم کە ڕەوشی یاسایی من لە نەمسا (بەپێی ئەوەی پێشتر بە وردی لە منەوە زانیی) وا دەخوازێت بۆ میسر، یان سودانم بنێرنەوە، ئەگەر سەد جاریش تێهەڵچمەوە! هەروەها تێهەڵچوونەوەش سنووری خۆی هەیە، چونکە من خرابوومە خانەی کۆچی ئابوورییەوە، بەو مانایەی من بەدوای پارێزگاریدا ناگەڕێم، بەڵکو هاتووم بەدوای ئیشدا بگەڕێم، ئەمەش هۆیەکی تەواو نییە تاکو پەناهەندەیی سیاسی، یان مانەوەی هەمیشەییم لێرەدا بدەنێ، ئەگینا دەرگە دەخرێتە سەر گازی پشت بۆ هەریەکێک بێت و بڕوات، کێ لە ئێمە حەز بە ڕەوشی ژیانکردنی باش و دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی و بیمەی تەندروستی و گشت تایبەتمەندییەکانی دەستکەوتەکانی ژیاری ئەورووپی ناکات؟

(دوا ڕستەی وا گوت، وەک ئەوەی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیی ئوستراليا دوای بیست ساڵ لەو مێژووە دەریبڕیبێت) تاقە ڕێگەش بۆ بەدەستهێنانی مانەوە لێرە، خواستنی ئافرەتێکی نەمساوییە. "ئەو نەمساوییەش منم!" (کاتێک وای گوت گوزارشتی سیمای زۆر شێلگیرانە بوو) چونکە من حەز بە ماڵ و خێزان و ئۆتۆمبیل دەکەم و وازم لە ژیانی ئاوارەیی هێناوە، وا بزانم بیرۆکەی پووکاوی دایکم بوو لە دابەشکردنی ئەوی هەیبوو بەو شێوە ئابڕووبەرە. ئەو دەیویست هاوسەرگیری بکەین، چونکە ئەگەر ئەپارتمان و ئۆتۆمبیل و پارەی بۆ من جێ هێشتبایە، دەیزانی ئیدی من ڕەنگە بژارەی وام هەبوایە بەدڵی ئەو نەبێت، دڵی دایک دەلیلێتی. ئەو دەیویست ئەگەر بۆ یەک جاریش بێت وەک ئەو چۆن دەخوازێت، ئاوا بم، منیش لەبارەی خۆمەوە دەمەوێت ئەو حەزە بۆ ڕۆحی بەدی بهێنم، داخۆ تۆ بەمە ڕازی دەبیت، حەزی ئافرەتێک بەدی بهێنین هەردووکمانی خۆشدەویست؟ ڕەنگە لە ئایندەدا یەکدیمان خۆشبوێت، ئاخر پێکەوە گوزەرانکردنیش هەر دەمانباتەوە سەر خۆشەویستی".

ئەوی کتوپڕ ڕووی دا بە لای منەوە مایەی شۆک بوو. من هەرگیز بیرم لە ژنهێنان نەکردبووەوە. نە لەبەر مانەوە و نە لەپێناو خێزان یان پێوەندییەکانی ناو جێگەیش. ئەوە زۆر مژووڵی نەکردبووم، واتە بنچینەیی نەبوو، هەروەها من لە میسر دەزگیرانم هەبوو، ئەویش چاوەڕوانە بگەڕێمەوە، یان لەگەڵ خۆمدا بیبەم. کارەکە لای من زۆر ئاڵۆز بوو، بێدەنگیم لێ کرد، کەچی دوامکەوت تاکو بڕیاری خۆم بدەم، چونکە ئەو ئەڵتەرناتیڤی تری هەبوو و ئیدی بەبەریەوە نەمابوو، هیچ نەبێت بە لای ئەوەوە لە لایەنی دەروونییەوە، ئەو گەلێک بیری

لەم بابەتە کردبووەوە. بەڵێ، داوای لێبوردنی کرد، چونکە دەرفەتی تەواوی بیرکردنەوەی نەدامێ، بەڵام ئەوە ڕێگە ناگرێت لەوەی وەڵامێکی دەمودەست بدۆزێتەوە، بە ڕاشکاوی پێی گوتم (ئەوەی پێی گوتم زۆری کورت دەکەمەوە، یان لە ڕاستیدا کورتەی ئەوە دەنووسم کە لێی تێگەیشتم): "ڕقم لە ژیانی ئاوارەییە. ڕقم لەوەیە هەمیشە لایەنی لاواز بم، دەستی خواری درێژکەر، لایەنی دەسکورت. ڕقم لە پڕکردنەوەی فۆرمی درێژە بۆ داواکردنی یارمەتی لە حکوومەت و ڕێکخراوە مرۆییەکان. ڕقم لە ڕۆیشتنە بۆ دەرگەکانی پشتەوەی سوپەرمارکێتەکان بۆ وەرگرتنی خواردنی ماوەبەسەرچوو، کە ڕۆژانە فڕێیدەدەنە زبڵخانەوە. ڕقم لە خواردن و خواردنەوەی مەیی هەرزانبەها و قاوەی تێکچووە. هەروەها ڕقم لە پیاوانی بەرەڵای سەرشەقامەکان دەبێتەوە، ژیان یاخود تەواو کەماڵ بێت، یان هەر نەبێت باشترە. من تلیاکی مەترسیدار بەکار ناهێنم. جارجار هەندێک بەنگ دەکێشم، ئاخر پارەم بۆ شتێکی تر نییە، ئەو تابلۆ هەرزانانەی دەیانفرۆشم، تەنیا هەندێک خواردن بۆ خۆم و کچە هاوەڵەکەم و هەندێک برادەری تری جێنشین لەگەڵماندا لە ماڵە چۆڵەکە دابین دەکەن، ئەوەی پێی دەڵێن "ماڵی جاکۆبی شەیتان".

ئێمە وەکو کۆمۆنەیەکی بچووکی کۆمۆنیستی تێیدا دەژیاین، بەڵام من ڕقم لێی بوو، ڕقم لێیان بوو، هەرچی شتێک پێوەندیی بەوانەوە هەبووبێت، ڕقم لێیان بوو، دەمەوێت وەکو مرۆڤێک بژیم. ئایا لەگەڵ تۆدا ئەمە دەکرێت؟ ئایا دەمخوازیت؟".

بە شێوەیەک دەدوا تەنیا بژارەیەکی بۆ هێشتمەوە، بێ ئەوەی هیچ بیر بکەمەوە، گوتم:

- دەتخوازم.

ئەوی دوای ئەوە ڕووی دا، زۆر نامۆ نەبوو. با بڵێین ئاسایی نەبوو. بۆ ڕۆژی دوایی بۆ نووسینگەی خۆجێیی ڕۆیشتین و هاوسەرگیریمان ڕاگەیاند.

دوای ماوەی یاسایی ڕاگەیاندن کەس نەبوو لە هاووڵاتییان ناڕازی بێت، بێ ئاهەنگکردن، هاوسەرگیریمان کرد. هاوسەرگیرییەکی فەرمی بوو. بۆ ماوەی سێ مانگ پێکەوە لە ئەپارتمانەکە ماینەوە، کەسمان توخنی ئەوی تر نەکەوتین، وەکو دوو بێگانە ئەپارتمانێکیان پێکەوە گرتبێت، ژیاین. پێدەچوو تووشی هێدمە هاتبین، یان بە ماڵوێرانیی ئەو هەڵەیەمان نەزانیبێت هەردووکمان تێیکەوتبووین. لەسەر گەلێک بابەت لەگەڵ یەکتر قسانمان دەکرد و لەگەڵ سەگەکاندا پیاسەمان دەکرد، نوکتە و یادەوەریمان دەگێڕانەوە.

چەند جارێک سەردانی شاری سالزبۆرگمان کرد. بۆ سینەما و شانۆ و گشت پیشانگەکانی هونەری شێوەکاری لە سالزبۆرگ ڕۆیشتین. هەرچەندە بەختی لە بەدەستهێنانی خوێندنی ئەکادیمی یار نەبوو، بەڵام لە گەلێک بواردا زانیاریی زۆری هەبوو، کاتێک کتێبەکانیمان لەو خانووە چۆڵەوە بۆ شار گواستنەوە، بڕوام نەدەکرد کەسێک هەبێت لەم دنیایەدا ئاوارە بێت و ئەم هەموو کتێبەی هەبێت. ژوورەکەی بریتی بوو لە کۆگای کتێب، تەواو پێچەوانەی من، من نووسەرانی ناودار و مەزنی وەکو: کافکا، گوێنتەر گراس، ئەمبەرتۆ ئیکۆ، ئۆرهان پاموک و ئەوانی ترم تەنیا لای ئەو بەرگوێ کەوتن، بگرە تابلۆکانی ڤان کۆخم هەر نەبینیبوون، موزیکی کلاسیکیم لای ئەو بیست.

زێدەگۆیی ناکەم گەر بڵێم ئەوە ئەو بوو "هەزار و یەک شەوە" و کتێبی "پەیامبەر"ی جوبران خەلیل جوبرانی بە ئەڵمانی بۆ خوێندمەوە، من دەمزانی کتێبێکی کولتووری هەیە ناوی "هەزار و یەک شەوە"یە و هەندێک لە چیرۆکەکانیمان لە قۆناغی بنەڕەتی و دواناوەندیدا خوێند، لێ بە تەواوی نەمخوێندبووەوە، بە دەنگی ئەو نەبێت. ئیدی نازانم ماڵوێرانیی زیانکردنەکەم لە ژیاندا چەندە، ئەگەر چامەی "وێرانەخاک"ی تی ئێس ئیلیەت ئەزبەر نەکەم، هەندێک جار وام دەزانی ئەوە قەدەرە لەپێناو تی ئێس ئیلیەتدا بە نورای گەیاندم. تەواو لە جیهانێکی تردا بووم. لە ژیانمدا جگە لە کتێبی دەرمانسازی و هەندێک ئایەتی قورئانی پیرۆز، هیچم نەخوێندبووەوە. هەندێک جاریش لاپەڕەی سیاسیی ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکان، هەروەها کتێبێکی ئەنیس مەنسور بە ناوی "ئەوانەی لە ئاسمانەوە دابەزین" و کتێبێکی مستەفا مەحموودیش بە ناوی "گفتوگۆ لەگەڵ دۆستە ئاتەئیستەکەم".

تاکو ئێستا ئەم دوو کتێبەم لە یادن و هەست بە شەرمەزاریی خۆم دەکەم، چونکە نەمدەزانی کتێبەکەی مستەفا مەحموود کتێبێکی بەنرخە. تووشی ڤایرۆسی خوێندنەوەی کردم، چاوم لەسەر جیهانێک کردەوە، لێوەی دوور بووم.

ڕەنگە کەمیی ڕۆشنبیرییەکەم هۆکاری یەکەم بووبێت وای لێ کردبم لە ڕۆژانی یەکەمی زانکۆمدا لە ئەسیوتی میسر بە گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکانەوە پێوەند بم. ئەو گرووپە توندڕۆیانەی هەر خۆیان دواتر ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسریان تیرۆر کرد، من ئەو کەرەستانەم نەبوو وام لێ بکەن جیاوازی بکەم لەنێوان ئایدیۆلۆژیای بەبۆمبنێژراوی خودان هۆشیاریی ساختە و ئایدیۆلۆژیا ڕەسەنەکان، واتە هەموو

ئەوەی ئەو پیاوە ڕیشنەی دوای نوێژی سپێدە بردمیە ڕیزەکانی گرووپەکەوە پێی گوتم، لەگەڵ ڕۆحی ئایینی ئیسلام و ناوەڕۆکەکەی بە ڕاست و لۆژیکی تەواوم دەزانی و ئەگەر پێڕەوم نەکردبایە، ئەوا لە بێباوەڕان دەبووم. ئەگەر پیاوانی ئاسایش پێمان نەگەیشتنایە ئەوا بە یەکجار خۆم ون دەکرد و خۆم نەدەدۆزییەوە، ئەمەش بە هۆی گاڵتەجاڕیی قەدەرەوە!

(ئەمەش هەر پەرچەکرداری توندی دەروێش ڕوون دەکاتەوە لە ئاست ئەو مامۆستایەی لە قوتابخانە لە وانەی تایبەتی ئایینی ئیسلامیدا ئایەتی "قل یا أیها الکافرون"[1]ی بۆ کچەکەی شیکردەوە، ئیدی دەروێش دوای ئەوە نەیهێشت بچێتە وانەی هیچ ئایینێکەوە. ئەمە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەگێڕینەوە).

لە نووسینگەیەکی حکوومی هاوسەرگیریمان کرد. ئەوەی فەرمانبەرەکە پێی گوتین، لەدوایەوە وتمانەوە. سەیری پێداهات ئەو ماچە بەناوبانگەی یەکترمان نەکرد، کە ژیانی هاوسەری لێرە، لە ئەورووپا بەوە دەست پێ دەکات. هەرچی لە وڵاتی خۆمانە، ئەوا ڕەنگە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە، ئەمە ئەگەر زەماوەندەکە بە کارەساتێکی خراپ کۆتایی نەیەت. لە واقعدا کاری هاوبەشی ژیرانەمان دەکرد لەنێوان کچە ئاوارەیەکی شۆخوشەنگی خودان ڕەگەزنامەی نەمساوی، هەروەها لەنێوان پەناهەندەیەکی خاوەن خانوو و ئۆتۆمبیل، ئەویش بۆ ژنهێنان گونجاو بوو.

ئەو ڕۆژەی لەنێو یەک جێ نووستین، تاقە ڕۆژ بوو بێ هیچ خۆئامادەکردنێک ڕووی دا، بێ ڕەسمیات و پلاندانان،

---

[1]. واتە: "بێژە ئەی خودانەناسان".

بەڵکو بە ڕێکەوتی ڕووت ڕووی دا، لەودەمی چیرۆکەکانی "هەزار و یەک شەوە"ی بە ئەڵمانی بۆ دەخوێندمەوە، هەندێک جاریش بە ئینگلیزی (کە باشم نەدەزانی، بەڵام بۆ من لە ئەڵمانییەکە ئاسانتر بوو) ڕاڤەی دەکرد، ئەودەمی دوا بڕگەی کتێبەکەی خوێندەوە:

شەهرەزاد شەوانێکی زۆر پاشای بەم چیرۆکانە مەست کرد و سێ زارۆکی لێ بوو، بە درێژایی ژیانیان هەر پێکەوە بوون، دەڵێن پاشا حەزی لێ کردبوو، ئەویش لێی بووراوە. ئیدی پاشا بە هۆش هاتووەتەوە و هەستی بە شتەکان کردووە، ئازادی کردووە و تاجی شاژنیی لەسەر ناوە. پاشا شەیدای ژنەکەی و ئەو چیرۆکانە بووە کە بۆی گێڕاونەتەوە، ئیدی پێکەوە ژیانێکی پڕ لە کامەرانی ژیاون.

تا بڵێی خەوی دەهات. کتێبەکە لە دەستی کەوتە سەر زەوییەکە، یان خۆی بە ئەنقەست کەواندی، لە ڕاستیدا ڕاستەوخۆ نەکەوتە سەر زەوی، بەڵکو کەوتە لێواری تەختەخەوەکە، پاشان خزا و کەوتە سەر زەوییەکە، وردتر بڵێم، کتێبەکە نەگەیشتە سەر زەوییەکە، توانیم ئەودەمی بەر پێم کەوت، کە بە تەختەخەوەکەدا شۆڕم کردبووەوە بگەم پێی. لەو عانەدا لە خواردنەوەی مەی وەستابووم (تەنانەت بیرەش) بۆ ئاگالێبوون لە ڕەوشی لودیا، چونکە من هەندێک جار کاتێک زۆر دەخۆمەوە، دەبمە کەسێک بەرگەم ناگیرێت، بیر لە هەموو خەمەکانی دنیا دەکەمەوە، دووریش نییە شەڕێک بنێمەوە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ سەگێکیش بێت، لێ نورا هەندێک شەرابی سپیی نۆشیبوو و وا بزانم شتێکی سووکی لە دووکەڵە شینەکەش کێشابوو. باوێشکی هاتێ، لەسەر کورسییەکەی تەنیشتمەوە دانیشتبوو، یان سەرخۆش بوو، یاخود مەست

بوو، یان هەردووکیان پێکەوە، ئەمەش بەپێی بیردۆزی کیژە ڕاوەندییەکەی هاوسەفەرم شتێکی دەگمەنە، پێی گوتم: "ناکرێت کەسێک لەیەک کاتدا سەرخۆش و مەستیش بێت، ئەگەر سەرخۆشکەر و مەستکەر بەیەک ڕادە خواردبێتیانەوە، هەمیشە مەیەکە بڕیاردەرە، ئیدی خوا بەخۆی دەزانێت".

ئەو هەمیشە ئەم ڕستەیەی دەگوتەوە، کە نیشانەی بەهێزیی بڕواداریی بوو. خۆم قورس کرد لەوەی یارمەتیی بدەم بۆ ژوورەکەی بڕوات، وەکو چۆن ڕۆژانە دوای خوێندنەوەی شتێک لە کتێبی "هەزار و یەک شەوە"، یان "پەیامبەر"ی جوبران خەلیل جوبران دەمکرد. داوام لێ کرد شەوەکەی لێرەدا بەرێتەسەر. بڕواناکەم گرفتێک لەگۆڕێدا بووبێت، سیسەمەکە هێند گەورەیە، جێی سێ کەسیشی لەسەر دەبێتەوە.

بە زمانێکی قورسەوە پێی گوتم:

- لە چیرۆکەکانی شەهرەزاد بووینەوە، منیش چیرۆکی خۆم هەیە، ئەگەر دایکم بۆی نەگێڕابێتەوە، ئەوا من بە وردی بۆتی دەگێڕمەوە. باشە، تەنانەت ئەگەر دایکیشم بۆی گێڕابێتەوە، ئەوا منیش بۆتی دەگێڕمەوە. حەزم لێیە بۆتی بگێڕمەوە. گوێم لێ دەگریت؟ چیرۆکێکی تۆقێنەرە بەڕاستی! چیرۆکی باوکێک کچەکەی بێبن دەکات، کاتێک دایکە پێیزانی، دەنگی نەکرد. ئەم چیرۆکە بەسەر کچێکدا هات، دایکم دەیناسێت و خۆمیش باشی دەناسم. کچە لای ئێمە نیشتەجێ بوو. لەو کاتەوەی من لەدایکبووم، لە ماڵی خۆمانم بینیوەتەوە".

ئیدی لە یەکەم شەوماندا دەستمان بەو چیرۆکە تۆقێنەرە کرد، بەڕاستی نەمزانی چەند شەوی برد.

## گفتوگۆیەك لەپێناو كچەدا

ڕەنگە لە خەون و مۆتەکە زۆر و بێزارکەرەکانیشدا بە مێشکیدا نەهاتبێت، یان لە ئەندێشە نەخۆشە شێواوەکانیدا لە ئاکامی ئەو ناکۆکییە گەورانەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەودەمی پێی نایە خاکی ئاوارەییەوەو دەیانگوزەرێنێت، هەروەها جارێک لە هۆشیدا بیری نەکردەوە ئەوەی بەسەردا بێت، نەیدەزانی بۆچی هەمیشە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە زۆر زەحمەتانە دەبێتەوە و دەخرێتە هەڵوێستی ئاڵۆزەوە! ڕاستەوخۆ دوای هاواری کچەکەی لە ژوورەکەی ئەودیوەوە، چووە دیمەنێکی تۆقێنەرەوە:

- بابە، بابە، خێرا وەرە.

گورج هەڵسا و ڕایکرد، بەڵکو وەکو تیر دەرپەڕی. کابرا چی لە کیژەکەی کردووە؟ بینیی وەک بیی ناو ئاو دەلەرزێت. تۆنی بە تەنیشتیەوە وەستابوو، دەستی گرتبوو، بزەیەکی شڵەژاوی گێلانە بە لێوانیەوە بوو.

کچە دەمودەست بە باوکی گوت (هێند بایەخی بە بوونی دایکی لەوێدا نەدا، هەرچەندە دایکی زۆر لێوەی نزیک بوو):

- بابە تۆنی بووە موسڵمان!

باوکی وەختابوو لە سەرسامیدا بکەوێت. ڕەنگە ئەوە هەندێک مۆتەکەی ئەو پەرداخە سازگارانەی مەیی درەختی هۆڵۆندا بێت، کە نۆشیبووی. پێدەچێت ئەوە بەردەوامیی

زیندەخەون بێت، کە خۆی تێدا دەبینێتەوە هەر کات ئاریشەیەکی هەبێت و چارەی ئەستەم بێت.

- بەڵێ؟

لەودەمی دانەویبووەوە دەستی تۆنیی گرتبوو، گوتی:

- باوکە تۆنی بووە موسڵمان.

بەدەم دانیشتنەوە لەسەر نزیکترین کورسی، لە کاتێکدا دەستی نورای گرتبوو تاکو لە دانیشتندا یارمەتیی بدات، لەنێوان ددانەکانیەوە پێی گوت:

- یانی چۆن بووە موسڵمان؟ تێناگەم!

کچە بەدەم بێئارامییەوە گوتی:

- واتە موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند، ئیدی بڕوای بە خوا و پێغەمبەرەکەیەتی.

قەیرێک بێدەنگ بوو، بە قووڵی کەوتە بیرکردنەوە. لە ڕاستیدا نەیدەزانی هەستی چییە، دەبێت چۆن بەرسڤی بداتەوە؟ داخۆ دڵی خۆشبێت، یاخۆ خەم بخوات؟ نازانێت. ئایا بابەتەکە تەنیا خەون و بۆچوون بوو؟ نەیدەزانی. تەماشای تۆنیی کرد، کە چاوەڕوانی قسەیەک لەوەوە بوو، زەردەخەنەیەکی پانیشی بە لێوەوە، چەندێک مەزەندەی کاردانەوەی دەروێشی بکردایە، گەورە دەبووەوە، بەڵام دەروێش لێی پرسی:

- بۆچی بوویتە موسڵمان کوڕم؟ تۆ چی لەبارەی ئیسلامەوە دەزانیت؟ لە کوێ خوێندووتەتەوە؟

لەودەمی تەماشای میمیی دەکرد، چون داوا بکات لە پرسیارەکانی باوکی ڕزگاری بکات، گوتی:

- یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە: چونکە میمی موسڵمانە، منیش دەمەوێت وەک ئەو بم، هەندێک ڤیدیۆ و یوتیوبم بینی، کارەکەم بەدڵ بوو، ئایا گرفتێک لەوەدا هەیە؟

- نا، نا هیچ گرفتێک نییە.

هەستی دژبەیەک دایگرتبوو، لە لایەکەوە دڵخۆش بوو بەوەی تۆنی ببێتە موسڵمان، نەک لەبەر ئەوەی ئیسلام کەسێکی بۆ خۆی ڕاکێشت، یان کەسێک پەی بە ڕێگەی چاکە و ڕاستی بردبێت و بڕوای بە خوا و پێغەمبەرەکەی هەبێت، ئیدی بەمە دەبێتە خێزانێکی موسڵمان، بەڵام بەختەوەرتر بوو، چونکە ئەو بەو شێوازەی خۆی دەیزانێت بۆی ڕوون دەکاتەوە ئیسلام چییە. هەروەها ئەوەی بیر نەچێت دوای شایەدمانهێنان پێی ڕابگەیەنێت نابێت جارێکی دی بە تەنیا لەگەڵ کچەکەیدا بێت: یان ڕاستەوخۆ بیخوازێت، یاخود چاوەڕێی بکات تاکو ئەمە ڕوو دەدات، چونکە خەڵوەت لە ئایینی ئیسلامدا وەکو مەیخواردنەوە حەرامە، واتە یەکێکە لە گوناهە گەورەکان. بەڵێ، باسی کەبائیری لە ئیسلامدا بۆ کرد، زیناش یەکێکە لەوانە. بۆیە دەبێت یەکەم جار کچە بخوازێت، تاکو خێزانێکی موسڵمان پێک بهێنێت. هەرچی باقیی شتەکانن ئەوانە ئاسانن، شتەکەی تریش: بەڵێ ئێستا کابرا بووەتە موسڵمان، بەڵام دەخوازێت چی بە موسڵمانبوونەکەیەوە بکات؟ بەڕاستی، دەیەوێت چیی پێ بکات؟ هەروەها ئەو بیرۆکەیەی بەدڵ نەبوو، لەبەر ئەوە بووەتە موسڵمان، چونکە کچەکەی ئەم موسڵمانە، دەزانێت کچەکەی شتێکی کەم لەبارەی ئیسلامەوە دەزانێت، ئاکاریشی نزیکترە لە ئاکاری هەر خاتوونێکی نەمسایی بەدەر لە ئایینەکەی، ئەو پەروەردەی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تێیدا لەدایکبووە و لە دایەنگە و قوتابخانەکانی خوێندوویەتی، لەمانەش گرنگتر دەرچووی قوتابخانەکەی نورای دایکیەتی، تەنانەت باوکیشی (دوای ڕامکردنی بە هۆی یاساوە) ئیدی ئەو کابرایە نییە لە شوێنێکی ترەوە هاتبێت. لە ڕووکەشدا تەنیا

ڕەنگی ڕەشی پێست و قژە زبرەکەی ماوەتەوە، کەسایەتییە عەرەبییە ئیسلامییەکەی تری دەرنەکەوتووە، مەگەر ئەودەمی لەسەریەتی نرخەکەی بە بەشێک لە خوێن و گۆشتی خۆی بداتەوە. لێرەدا مەبەست لە کچەکەیەتی، هەر شتێک دوور بێت لە شەرەفەوە دەکرێت لەگەڵیدا هەڵبکەیت. ئەم وشەی "شەرەف"ـەیش بە هەموو بارە ناوخۆیی و ئالۆزییەکانیەوە نەیتوانی بە درێژایی گەشتەکەی بۆ دەرەوە لێی قوتار بێت. ئەمی دواییشیان دەکرێت لەگەڵ چەپاندندا لەژێر دەسەڵاتی یاسا و دەسەڵاتی خێزاندا قبوڵ بکرێت، کە لەژێر فەرمانی نورا شۆڵزدایە، وەکو ئێستا بەڕێوە دەچێت.

خۆ ئەگەر لەسەر ئەو خووەی بمێنێتەوە، ئەوا تەنیا ئەوەندەی لە بەردەمدایە ببێتەوە ئەو دەروێشەی بەر لە بیست ساڵ دەیناسی، بەڵام سوودی ئەو ئازادییە چییە ئەگەر نرخەکەی: لەدەستدانی ئەو بێت؟ ڕەنگە ئەگەر کچەکەی لە وانەی پەروەردەی ئیسلامی بێبەری نەکردایە، ئەوا بە چاک و خراپ دەبووە ژنێکی جیاواز، بەڵام دەبووە ژنێک وەک ئێستا نا، بە دڵنیاییەوە ئەو تەنیا بەپێی بڕوانامەی لەدایکبوونی موسڵمانە و هیچی تر نا. میمی نە نوێژ دەکات، نە ڕۆژوو دەگرێت، نە قورئانیش دەخوێنێت، بگرە تاقە ئایەتێکی قورئان، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەری لەبەر نییە. ئەوەی بە منداڵی لە مامۆستا ئاسیاییەکەیەوە ئەزبەری کردبوو، دوای تووڕەبوونە سەرکەوتووەکەی باوکی لە بیری چووەوە.

ئەم سوپاسی خوا دەکات کیژەکەی لەگەڵ خۆیدا ناکۆک نییە، یەک کەسایەتییە و تەواو، بڕواش ناکات بابەتی موسڵمانیەتییەکەی و قایلبوونی بەوە کاریگەریی لەسەر کەسایەتییە ئەورووپییەکەی هەبێت.

ئا لێرەدا بەخۆی دەڵێت: چاکییەکەی بۆ من دەگەڕێتەوە، ئەو کەسەی زوو لە شەڕانگێزییەکانی مامۆستای ئایین ئاگەداربووەوە. کچەکەی لە بڕوانامەی لەدایکبووندا موسڵمانە و لە گشت وردەکارییەکانی ژیانیشیدا ئەورووپییە.

پرسیارێکی لەناکاوی لە تۆنی کرد:

- کێ پێی گوتی میمی موسڵمانە؟

تۆنی بە هێمنی پێی گوت:

- دەمەوێ پێت بێژم پرسەکە زۆر ئاسانە. من شتێکی نوێم لە ژیانمدا دەوێت، شتێکی نائاسایی. جاڕس بووم لەوەی هەموو جارێک هەمان کەس بم. ژیان لێرە وەڕسکەرە، هەر ئەمەش وای لێ کردم میمیم زیاتر خۆش بوێت، ئەو جیاوازە (هیچ نەبێت لە شێوەیدا). من و میمی دەخوازین ببینە موسڵمان.

لەودەمی خەریک بوو تێدەگەیشت، گوتی:

- ئێستا هەموو شت تێگەیشتم. کەواتە پێکەوە بیرۆکەی هەردووکتانە. دەتانەوێت چیتان بۆ بکەین؟

میمی گوتی: من وام زانی ئەمە دڵخۆشت دەکات.

متەقی نەکرد. بزەخەنەیەکی تووڕە بە دەمیەوە دەرکەوت، نزیکتر بوو لە ددانڕیچکردنەوەی کەمتیار وەک لە بزەخەنەی مرۆڤ. دەرویش نەیتوانی ترسی خۆی بشارێتەوە، لە کاتێکدا ئەوی لە مێشکیدا بوو پێش چەند مانگێکی کەم لە تەلەڤزیۆن بینیبووی:

ئەو گەنجە نێجیرییە بریتانییەی سەربازە ئینگلیزەکەی لە شەقامێکی لەندەندا سەربڕی. لە مێشکیدا دەیان گەنج هەبوون لەوانەی لە ئەورووپا لەدایک بووبوون و چووبوونە پاڵ موجاهیدینەکان لە وڵاتی گەورە و بەرفرەوانی خودا. ئەو کیژە

فڕەنسی و ئینگلیز و نەمساییانە و هیی تریش لە گشت شوێنێکی ئەورووپا لە مێشکیدا بوون، ئەوانەی لەدەست خانەوادەکانیان هەڵاتبوون و بە مەبەستی "جیهادی نیکاح" چووبوونە ناو موجاهیدەکانی سوریا و عێراق و ئەفغانستانەوە. ئەو هاوسەرییەی (نیکاح) شێتی دەکات و ژیانی دەشێوێنێت، کاتێک کارەکە پێوەندیی بە میمیی کچییەوە بێت. ئیدی قسەیەکی بۆ پێکەنین، یان پڕوپووچ نییە، بەڵکو ڕاستییەکی ناژیرانەی بێبەر و کوشندەیە، ئەو ئێستا گرفتێک لە پێوەندیی یەک پیاودا دەبینێتەوە، وەک تۆنی لەگەڵ کیژەکەیدا، مادامەکی پێوەندییەکی ناشەرعییە بەو شێوازەی ئاوەزی پرسی نامووس بەڕێوە دەبات. چۆن کچەکەی ببێتە ژەمێکی سێکسی بۆ تیمێک لە جەنگاوەران لە سەرتاپای جیهاندا. ئەو ئەمەی وەک لەشفرۆشیی ڕووت تەماشا دەکرد: لەشفرۆشییە، لەشفرۆشییە، لەشفرۆشییە.

ئاخۆ تۆنی بەکرێگیراوی نهێنیی گرووپێکی موجاهیدانە و دەیەوێت کچەکەی ئەو بخاتە کار؟ لەم جۆرە شەڕخوازانەش لە گشت شوێنێکی ئەورووپادا هەن. باشە بۆچی پێشتر ئەم بیرۆکەیەی بە مێشکدا نەهاتووە؟ بەڵێ، دوور نییە یەکێک بێت لەوان. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت لە یەکەمین نیگاوە نەچووە دڵمەوە.

ئیدی خەیاڵی ڕیزێکی درێژی لە موجاهیدانی ڕیشن کرد، کراسی ڕەشی کورتیان لە بەردا، بە هەموو زمانەکانی دنیا وەک بنیادنەرانی بورجی بابل قسان دەکەن، پشتێنی بۆمبڕێژکراو بە ناوقەدیانەوە بەستراوە و یەک لە دوای یەک سێکس لەگەڵ کچەکەیدا دەکەن. تەواو وەک ئەوەی لە لایەن ڕەوەندەکانەوە لە بیابانی میسر بەسەر نادیای کچە ڕاوەندیدا

هات. ئەو چیرۆکە تۆقێنەرەی بەر لە بیست ساڵ بۆی گێڕایەوە، ئەودەمی بە بارهەڵگرەکە بەرەو ئەورووپا دەهاتن.

میمی گوتی:

- بابە، ئەگەر وای دەبینی بابەتەکە گەوجانە و بێمانایە، لێیگەڕێ. خۆت تێک مەدە. لەبیری بکە. ئێمە دەمانویست لەم ڕۆژە تایبەتەی ژیانماندا دڵت خۆش بکەین.

لەودەمی چاوی لە چاوانی تۆنی بڕیبوو، گوتی:

- هەڵبەت من بەئیسلامبوونەکەت دڵخۆشم کوڕی خۆم. تەنیا دەمەوێت بزانم دەخوازیت دوای ئەوە چی بکەیت؟

تۆنی بەسەرسامییەوە گوتی: دوای چی؟

- دوای ئەوەی بوویت بە موسڵمان.

تۆنی کەمێک شڵەژا کاتێک گوتی:

- ئەوەی هەر موسڵمانێک دەیکات. هەڵبەت تۆ ئەوی دەیزانی فێرم دەکەیت، یاخود دەچینە لای شێخێک لە مزگەوت و لای دەخوێنین. دەمەوێت ببمە موسڵمانێکی ڕاستەقینە. دەخوازم ببمە کەسێکی تر. من و میمی گەلێک نامە و دیبەیت و فیلممان بینی، بڕواشم وایە ئیسلام ئایینێکی وروورژێنەرە، ئایینێکە جووڵە و کاری ڕاستینەی تێدان. وا هەست دەکەیت لە گشت جیهاندا موسڵمانان لە بزاوتێکی هەمیشەییدان، ئەوان زریانێکن ئارام نابنەوە، وەکو دەریایەکی هەڵچوو وان. ڕاستیت پێ بڵێم: من باوەڕم بە پەیامبەران نییە، لێ ئەمجاریان ئەوە تاقی دەکەمەوە بڕوا بە محەمەدی پەیامهێن بهێنم. من خوازیاری ئەوەم.

بەوپەڕی جۆشوخرۆشەوە دەدوا، چاوانیشی بریقەی حەز و وروووژاندنیان دەدایەوە. وای نیشان دەدا کەسێکی ڕاستەقینەیە و بە بیرۆکەی بەهێز هەڵدەچێت، هەرچەندە

نزیکترە لە گەڕان بەدوای تەرزی نوێی ژیانی ورووژێنەر و نامۆدا، وەک بڕواهێنانی ڕۆحیی بە پەروەردگار و محەمەدی پەیامبەری.

چوونە ناو ئایینەکانەوە ڕەوشەکە دەیسەپێنێت، بەڵام ئایین یەکە. مێژووی درێژی ئیسلام گەواهیی ئەمە دەدات، هەیە بە بڕوا و قایلبوونەوە چووەتە ناویەوە، هەیشە لەبەر پێویستیی بەپارێزگاریکردن چووەتە ناویەوە، هەیشە لەبەر ئەوە بووە، چونکە سەرەک خێڵیان ئیسلامبوونی خۆی ڕاگەیاندووە. هەیشە لەبەر حەزی دەسەڵات و شکۆمەندیی چووەتە ناویەوە. هەیشە بە زەبری شمشێر. هەیشە لەپێناو ئافرەتێکدا. هەیشە هەر لەگەڵ هاتنەدنیاوەی موسڵمانە. ئیدی ئایین هەر بە ئایینیی خۆی دەمێنێتەوە: "ترسی خودات لە دڵدا بێت دەرویش، هەوڵ بدە لە کوڕە بگەیت، هەوڵ بدە لێی بگەیت، دوور نییە ببێتە موسڵمانێکی پیاوچاک و لە بەرابەردا تۆ پاداشتت بدرێتێ، ئەوەش پاداشتێکی گەورە و چاکەیەکە بۆ تۆ لە دنیا و لە قیامەتدا. چی لەوە چاکترە خوا لە ڕێگەی تۆوە ڕێگەی ڕاست بە یەکێک نیشان بدات؟ لە هەموو شتێک بەگومان مەبە. تۆ نازانیت لە ناخی خەڵکدا چی هەیە. خودا خۆی خوڵقاندوونی و تەنیا خۆی دەزانێت چی لە ناخیاندایە".

دەرویش داوای لە ژنەکەی و کچەکەی کرد بڕۆن بۆ ژووری کچەکەی، یان ژووری ژنەکەی، یان هەر ژوورێکی تر، لەوێ بە تەنیا جێیان بهێڵن، هەر زوو وایان کرد وەکو ئەوەی هەردووکیان چاوەڕوانی داوایەکی وا بن لە دەرویش، ئەوە بوو نورا کیژەکەی بۆ ژوورەکەی برد.

دەرویش داوای لێ کرد بە تەنیشتیەوە دابنیشێت، باوکە وای دەزانی بۆنی مەیی لێ دێت، لە ئەنجامی ئەو مەیە

هۆڵۆندایەی خواردبوویانەوە، بۆیە بیرۆکەی زۆر نزیکبوونەوەی زیاتری بەدڵ نەبوو، نزیکییەک ببێتە ڕووبەرێکی باش بۆ دانوستاندن، هەروەها ڕووبەرێکی ماقووڵ بۆ ئەوەی بۆنی مەی نەبێتە هۆی ئەوەی هەناسەدانی هەوای پاکی خاڵیی لە بۆنی مەی لەوەی تر بێبەش بکات، هەرچەندە مەیی هۆڵۆندا بۆنی خۆشە. دەروێش لەودەمی لە چاوانی کوڕەی ئەوینداری کچەکەیی دەڕوانی، گوتی:

- ڕاستییەکەیم پێ بڵێ، ئایا تۆ لەگەڵ یەکێک لەو کۆمپانیانە کار دەکەیت، کە لە پێناوی ڕابواردنی موجاهیدینەکان بەوەی بە "جیهادی هاوسەرگیری" ناسراوە، کچان بۆ سوریا و عێراق و ئەفغانستان دەنێرن، دەتەوێت لەپێناو پارەدا من و کچەکەم فریو بدەیت، پارەکە هەرچەندێک بێت ناگاتە نرخی ئەو زامانەی دروستیان دەکەن، هەروەها ئەو ژانانەی تووشی من و دایکی و کچە خۆی دەبن، یان بەڕاستی دەتەوێت ببیتە موسڵمانی ڕاستەقینە؟

- دەخوازم ببمە موسڵمان. من هیچ زانیارییەکم لەسەر هەموو ئەوانەی گوتت نییە. من دەمەوێت ببمە موسڵمان، تەنیا لەپێناو خۆمدا، ئاخر ئیسلام...

دەروێش قسەکەی بڕی و گوتی:

- کەواتە دەمەوێت بە ڕوونی پێت بێژم، نە شاردنەوە و نە ڕەوانبێژی و نە هیچ ڕازاندنەوەیەکیشی تێدایە: ئیسلام ئایینێکە هیچ ورووژاندن یان ڕۆمانسییەتێکی تێدا نییە وەکو تۆ دەخوازیت. هیچ جیهادێکی تێدا نییە بەو شێوەیەی لە یوتیوب و تیڤی و سینەمادا دەیبینیت. دوور لە پڕوپاگەندە و ڕاکێشانی هەرزان، ئیسلام ئایینی خۆشەویستی و لێبوردەیی و مرۆڤایەتییە، ئایینی بەزەیی و دۆستایەتی و گشت بەهایەکی

باڵایە، جیهاد و شەڕکردن لەدوای ئەو جەنگانەی دوایی، کە لەشکری محەمەد پێغەمبەر دژ بە گومڕایان کردی، بە فەرمی لە فیقهی ئیسلامدا تەواو بووە، ئەوە بوو پەیامبەر پێی گوتن: "لە جیهادی بچووکەوە بۆ جیهادی مەزن هاتووین".

هەینێ موسڵمانەکان لێیان پرسی "جیهادی مەزن" چی دەگەیەنێت؟ فەرمووی ئەوە جیهادی دەروونە. واتە (کوڕی خۆم) جیهادی دەروون دژ بە حەز و شەڕانگێزی و فریودان و درۆ و دووڕوویی و ڕق، هەروەها گشت سیفەتەکانی سەرزەنشتکردن، واتە زاڵبوون بەسەر دەروون‌دا و دەرهێنانی لە تاریکایی غەریزەکان بۆ ڕووناکیی پاکی، ئیدی بەمە ئیسلام دەبێتە ئایینێکی جیهانیی ڕۆحیی تەواو، نەک ئایینی سەربازی یان بازرگانی یان ئایینی نیکاح. ئەگەر ئارەزووت کرد بەو تەرزەی بۆم باس کردیت ببیت بە موسڵمان، ئەوا ببە، بەڵام ئەگەر دەخوازیت ببیت بە موسڵمانێک بۆ ورووژاندن و گۆڕینی شێوازی ژیان و گەڕان بەدوای نوێ و ڕۆمانسییەت و سەرکێشی و کوشتن و بەدیلگرتن و ڕفاندن و تەقینەوە، ئەوا باشترە دوور لە کچەکەم ببیتە موسڵمان، هەروەها دوور لە خانەوادەکەم و دوور لە ماڵەکەم. خۆ ئایین پلەی ستێشن یان فیلمی ئەکشن نییە حەز بکەیت ببیتە پاڵەوانێک لە پاڵەوانەکانی.

لەودەمی چاوانی بریسکیان دەداوە، دووریش نییە لەبەر ئاوپێداهاتنی کەمی چاوی سوور بووبنەوە، گوتی:

– من ئیسلامم بەو شێوازە دەوێت، کە تۆ باست کرد، ئایا ڕێگەم پێ نیشان دەدەیت؟

بەدەم سەرنجدان لە ڕوخساری گوتی:

– با وای دابنێین بڕوام پێ کردیت، وێڕای ئەوەی من وا هەست دەکەم چون لە خەوندا بم، دووریش نییە ئەوە لەبەر

زۆر خواردنەوەی مەی بێت لەمرۆدا، بەڵام وەک دەبینیت من لە تەواوی هۆشمدام. یارمەتیت دەدەم، بەڵام ئێستا برۆ، باش بیری لێ بکەوە، کۆتایی هەفتەی داهاتوو وەرەوە بۆ لام. لەگەڵتدا دەست بە وانەی بابەتە بنەڕەتییەکان دەکەم لە ئیسلامدا، بەڵام با ڕوون قسە بکەین، هەر کات هەستم کرد دەمخەڵەتێنیت، ئەوا سڵ ناکەمەوە لەوەی چیم بوێت پێتی بکەم، بۆ هەر کوێیەک برۆیت لە هەر شوێنێکی گۆی زەویدا بیت، حیجاز یان شام یاخۆ ئەفغانستان، ئەگەر لە مەیدانی شەڕیشدا بیت، لەوێ دەتدۆزمەوە. من بۆ کچەکەم هەرگیز لە هیچ کەس نابوورم، ڕێککەوتین؟ کچەکەم ناموسی منە، ئەوەی دەست بۆ ناموسم ببات، کارێکی پێ دەکەم با بە دەواری شڕی نەکردبێت.

– بەڵێ، ڕێککەوتین. من کەسێکی ڕاستگۆم لەگەڵ خۆمدا. هیوادارم لە لای منەوە دڵنیا بیت.

دەروێش بە شێوەیەکی جیددی ئەوەشی خستە سەر: هەرچی ئایینی کچەکەمە ئەوا بەرپرسیاریی تۆ نییە. کچەکەم بە کەیفی دڵی خۆی ئایینی خۆی هەڵدەبژێرێت!

تۆنی لە سەرسامیدا دەمی داچەقاند: بۆ کچەکەت موسڵمان نییە؟

– من نەمگوت موسڵمان نییە، بەڵکو پێم گوتی تۆ بەرپرسیاری ئایینی ئەو نییت! وا بزانم قسەکەم ڕوونە.

تۆنی دوای ئەوەی هەناسەیەکی قووڵی دایەوە، گوتی:

– بە هەرحاڵ ڕێککەوتین.

تۆنی هێشتا دانیشتبوو، دەروێش ڕوخسەتی لێ خواست و لە ژوورەکە دەرچوو.

## دوامین بەش

دەرویش لە ماڵەکەی لە شەقامی بانهۆف ستراسا هاتەدەر، لەو ڕێگەیەی زۆری حەز لێ دەکرد ڕێی کرد، ئەوە تاقە ڕێگە بوو بۆ کارەکەی پێیدا دەڕۆیشت، نزیک و کورتیش نەبوو، وەلێ بە لای خۆیەوە بە هەندێک خاڵی زۆر گرنگدا تێدەپەڕی، یەکەمیانی ناونابوو درەختی پاسارییەکان لە نزیک نانخانەی فەلاح بوو، دوای سووڕانێکی کەم لەسەر هەمان شەقام، کە درێژەی شەقامی ماڵەکەی بوو، لەو شوێنەی ڕۆژانە گوێی لە دەنگی شینەشاهۆ دەگرت و لەگەڵ تووتییەکاندا دەدوا، ئەوانەی لە قەفەسێکی گەورەدا لە بانیژەکەی بەرابەر دیل کرا بوون.

شەقامێکی قیرتاوکراوی پان لێکی جیادەکردنەوە، دەرویش هەمیشە وای دەزانی هەموو ڕۆژێک شینەشاهۆ ئازادەکان پلان بۆ هەڵاتنی سەرنەکەوتووی تووتییەکان دادەنێن، دوور نییە ڕۆژێک ئەو پلانانە سەربکەون و تووتییە خەمبارەکان ئازادییان بەدەست بهێنن، ئەو هەموو جارێک تووشی بێئومێدی دێت کاتێک دەنگی تووتییەکانی بەرگوێ دەکەوێت، واتە پلانی شینەشاهۆکان کە دوێنێ بەکاریان هێنا دیسانەوە سەرنەکەوتوو بوو. هەر هێندەی دەرویش تێدەپەڕێت، تووتییەکان دەخوێنن و شینەشاهۆ ئازادەکانی سەر درەختەکەی بەرابەر وەڵامیان دەدەنەوە، وردەکارییەکانی پلانی هەڵاتنی نوێیان بۆ باس دەکرد. ئەم شتەی زۆر بەدڵ

بوو، هەروەها خەمباریشی دەکرد. کەمێک دەوەستێت. گشت جەستە و خەیاڵ و ڕۆحی بۆ چریکەی باڵندەکان جێ دەهێشت. زۆر جار دوور لە ویستی خۆی دڵۆپێک فرمێسک بە ڕوومەتیدا دێتە خوارێ، ئا لەو کاتەدا بڕیار دەدات بەرەوپێش بڕوات و نەوەستێت. شتەکەی تر بە هەمان ڕێگەدا لای ئاوەڕۆکەی بە لای ڕۆژئاوای نێوەندی شاردا نزیک لە باڕ و ئوتێلی هەنتەربێرگ تێدەپەڕێت، دەرمانخانەی گەل لەوێیە، کە دکتۆر ئوڵفی هاوەڵی کاری تێدا دەکات. سلاوێکی لێ دەکات، دووریش نییە ژوانی خێرا بۆ بینین لە کۆتایی ڕۆژەکەدا دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی هەندێک بیرە پێکەوە هەڵقوڕێنن و هەواڵ بگۆڕنەوە، ئەگەریش کرا بڕۆن بۆ نیکسۆس، ئەگەر نمایشی موزیک یان پیشانگەی شێوەکاریی لێ بێت، یانیش فیلمێکی جوان. هەردووکیان حەزیان لە ئاهەنگی موزیکە، کە تیپیان تێدایە چەلۆ یان کۆنتەراباس بەکار دەهێنن. ئەگەر تیپی لاوان لەوێ هەبێت، ئەوا هەرگیز بۆ نیکسۆس ناچن. ڕقیان لە موزیکی پڕ لە ژاوەژاو و سەمای ڕووتە، خۆ ئەگەر بەپێی حەز و وازی خۆیان تیپەکان و چالاکییە موزیکییەکان هەڵبژێرن، ئەوا پێیان باش بوو هەموو ئەو پارەیەی بۆ چالاکیی موزیک کۆکراوەتەوە، تەرخان بکرێت بۆ یەک ئاهەنگی گەورە سترانبێژی کەنەدی سیلۆن دیۆن، یان ئیبن عەلی فیگاتۆری داوەت بکرێت. چونکە "یەک نمایشی موزیکی باش چاکترە لە دەیان نمایشی خراپ و بێکەڵک". ئەمەش بەپێی قسەی دکتۆر ئوڵف.

ئەمڕۆ ڕۆژی یەکشەممەیە، دەرمانخانەکە داخراوە، ئەمەش وای لێ دەکات نەتوانێت سلاوی بێدەنگی خۆشەویستی و

دۆستانە لە هاوەڵەکەی بکات، بزەیەکی بۆ بکات ئەگەر وازی خراپ نەبێ و کارەکانی سەرتاپا سەرنخون نەبووبنەوە.

بەرلەوەی بگاتە "گۆڕەپانی شار"[1]، بیری لەوە کردەوە بە ئاقارێکی دیاریکراودا بڕوات: ئایا پێوەندیی بە ئۆڵفی برادەرییەوە بکات؟ دوور نییە ئەویش پێویستی بە کەسێک بێت قسەی لەگەڵدا بکات، ئەمڕۆ یەکشەممەیە، هەمیشە هەر خێزانە و بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە، خەڵکەکەش حەز ناکەن بێزار بکرێن. "باشە، ئایا بە دارستانەکەی ئەو دەوروبەرەدا پیاسە بکەم؟ ڕەنگە بگەمە کڵێسای لوتکە قسڵییەکە، دواتریش بۆ لای تاشەبەردە زلەکەی لەبانیەوە کەوتە خوارێ و لە جەژنەزای پەنجایەمیندا ڤایرۆسی مەرگ گرتیەوە؟" لێ بیری کەوتەوە ئەمڕۆ یەکشەممە، قەشەش بەتایبەت لەمڕۆدا دەستی بەتاڵ نابێت، بۆ ئەو ڕۆژێکی قورس دەبێت، یان بە درێژایی هەفتە تاقە ڕۆژی ئیشکردنیەتی.

قەشە بە درێژایی مانگەکانی هاوین و بەهار بە تەنیا لەوێ دەمایەوە، خەڵکییش لە ڕۆژانی یەکشەم و مۆڵەتدا سەردانی دەکەن، نوێژی لا دەکەن و لە کاروباری باوەڕی ئایینی و ژیاندا گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەن. دوو جار بینیی، بەڵام لەسەر شتەیلێک نەدوان زۆر گرنگ بن. گفتوگۆیەکی ئاسایی بوو پێوەندیی بە هیچ ئایینێک، یان سیستمێکی بڕواداریییەوە نەبوو، بەڵام لە گرنگترین ئەو شتانەی قەشە پێی گوت: "خەڵک گفتوگۆم لەگەڵدا دەکەن و لە کاروباری ژیان ڕاوێژم پێ دەکەن، ئەوان لە من باشتری لێ دەزانن. من لێرەدا لەسەر شاخێک و لەنێوان چوار دیواری ئەم کڵێسایەدام، ئەوان لە

[1] .Rathausplatz

شەقام و کارگە و کێڵگە و قوتابخانە و ماڵانن، خۆیان بە هەموو سیماکانی ژیان دەورەداوە، من و ئەو زانیاری و شارەزاییەی ئەوان لە کوێ؟ من خۆم ئاتاجی ئەوەم ڕاوێژیان پێ بکەم نەک بە پێچەوانەوە!".

کاتێک ئەوەی بیرکەوتەوە، پەرۆشیی ڕۆیشتنی بۆ لای ساردبووەوە. ئەو پێویستی بە کەسێک بوو لەو کارەدا وتووێژی لەگەڵدا بکات.

باشە، جانۆی هاوەڵم، هونەرمەندی کوردی سوریا. ئەوە بیرۆکەیەکی چاکە. نا نا، بیرۆکەیەکی باش نییە. بەڵێ، جانۆ یەک بابەتی هەیە و لێی لانادات، ئەویش بابەتی فیلمێکی دۆکیۆمێنتارییە لەسەر کوردێکی شارەکەی (کۆبانی) لە تاراوگە، لە قاوەخانەیەک دادەنیشێت و بیر لە ئەندامانی خێزانەکەی دەکاتەوە، ئەوانەی هەوڵ دەدەن لەو ڕێگە سەختانەی شاخەوە بێنە تورکیاوە، لە کاتێکدا تووشی هەموو جۆرە مەترسییەک دەبنەوە، لە هەمووی تۆقێنەرتر میلیشیا و حکوومەتە دوژمنەکانن، ئینجا مینی مرۆیی و هەندێک دڕندە. سەرلەنوێ چیرۆکەکەم بۆ هەزارەمین جار بۆ دەگێڕێتەوە، هەمیشەیش ئەوەی بیر دەچێت پێشتر بە هەمان شێواز و وردەکاری بۆی گێڕاومەتەوە.

منیش هەمان ڕای خۆم لەسەر داوە و هەمان پێشنیازم بۆ کردووە، پێم گوتووە:

– جانۆ، من لە سینەما تێناگەم، نە دۆکیۆمێنتاری و نە ڕۆمانئامێز، من کەسێکی خەیاڵلاوازم، واتە ناتوانم لە هیچ شتێک یارمەتیت بدەم، پارەشم نییە تاکو کۆمەکت بکەم.

پێم دەڵێت: پێوەندییەکانت بخەرە گەڕ، پێوەندییەکی باش نزیکەی ملیۆن یۆرۆ و خاتوونی جوان دەهێنێت.

لە دڵەوە دەخەنێتەوە. جانۆ بەدەگمەن باش دەبێت، بەڵام ئەگەر بوو لە شنەبا ناسکتر دەبێت، گۆرانیی فەیروز و مارسیل خەلیفە و پاشان گۆرانیی "خرابۆ"ی کوردی دەچڕێت، ئیدی بە تەواوی بابەتی فیلمەکە لە بیر دەکات، بەڵام ئەگەر تەنیا مەیی تورکیی مارکە ڕاکیی بخواتەوە، کە بە پیرۆزی وەسف دەکات، من بەخۆم هیچ پیرۆزییەکم تێدا نەبینیوەتەوە، ئەگەر یەک باشیی هەبێت، ئەوەیە وا لە جانۆ دەکات بابەتی فیلمەکە لە بیر بکات، هەروەها تاقە گۆرانییەکی مارسیل خەلیفە دەچڕێت و لێی وەڕس نابێت:

نێوان ڕیتا و چاوانم.. تفەنگێکە
ئەوەی ڕیتا بناسێت دادەچەمێتەوە و
لە چاوە هەنگوینییەکانیدا
نوێژ بۆ خوایەک دەکات.

جارێک باسی ڕیتای بۆ کردم، ئافرەتێکی چیانشینی شۆخوشەنگی کوردە. مەحموود دەروێشی شاعیر لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا بینیویەتی. ڕەنگە لە ئیسرائیل بووبێت، ئاخر کوردان تاقە میللەتن خوا لە گشت دنیادا نیشتەجێی کردوون و نهێنیی کلیلەکانی دەریا و وشکانیی پێ داون و نەفرەتی سەفەری پێ بەخشین.

"لێ ئەوە سەرکێشییەکە من ئێستا پێویستم پێی نییە..." ڕەنگە مەیی باشی تورکی نەدۆزینەوە، ئیدی جانۆ باسی فیلمە دۆکیۆمێنتارییە نەفرەتییەکەیم بۆ دەکات، سەبارەت بە گەمارۆدانی کۆبانی و ماڵ و کتێبخانە و باخچەکەی و داپیرە پیرەکەی، ئەوی ڕەتی دەکاتەوە بڕواتە پەناگەکانی ژێرزەوی و بەمە دەست لە مافی خۆی هەڵدەگرێت لە نەفرەتی پەروەردگار، منیش ڕۆژێکی تەواوم دەڕوات، وەکو چۆن

مەحموود دەروێشی شاعیر پێشتر "پێوەدانی گوڵەمێلاقە"[1]ی لەدەست چوو.

لەپڕ بە خۆی گوت: باشە بۆچی لەگەڵ نورای هاوسەرتدا باسی ناکەیت؟ ئەو کەسێکی هۆشیار و قووڵ و بەکردارە، هەروەها لەو کارەدا هاوبەشتە. بۆچی دووردەکەویتەوە لە گەڕان بەدوای کەسێکی تردا لە کاتێکدا لەماڵەوە ژنەکەت هەیە، هەروەها کچەکەت؟ بۆچی لەوێوە دەست پێ ناکەیت؟ بەڵێ، ئێمە نزیکەکانی خۆمان نابینین تاکو لێیان دوورنەکەوینەوە، چونکە کەسی نزیک لەژێر سێبەری تەماشاکردندایە.

نا، من ڕای نورا دەزانم، باش دەزانم. زیاتر دڵنیایە لە کارەکە. ئەی نەتبینی چۆن ڕوخساری هێمنانە بوو و سەیری پێدا نەهات، چون پێش ئەوەی بێننەی بۆ لام گفتوگۆیان لەسەر کردبێت؟ داخۆ ئەوان لەسەری ڕێککەوتوون؟! لە خراپترین دۆخدا نورا پێم دەبێژێت: "ئەوە بژارەی خۆیانە و خۆیان ئازادن. بۆچی وازیان لێ ناهێنیت و لێیان ناگەڕێیت؟" بە بێزارییەکەوە لێوە ناسکەکانی قەمچ دەکاتەوە. کیژەکەشم وەکو قوربانی بەناو ئازادیی ئەورووپی ون دەبێت. من کەسێکی بەدبەختم. ئەگەر کوڕێکم لەبری ئەم کچە هەبوایە، هیچ گرفتێکم تووش نەدەبوو، چونکە "پیاو لە کۆتاییدا پیاوە"، کچیش یان دەتخاتە بەهەشتەوە، یاخود دەتهاوێژێتە دۆزەخەوە. کچەکەی منیش لەمی دواییانە: بۆیە هێنامە دنیاوە، تاکو لە دۆزەخی تایبەت بە باوکانی کچانی زیناکار بمنێژێت. لێ من لەو جۆرە نیم بهاوێژرێمە ئەوێوە. تاکو دوا سات

---

[1]. لە هۆنراوەیەکی مەحموود دەرویشدا هاتووە بە ناوی (مەوال).

بەرگریی لێ دەکەم. ئەو کچی منە، سەرەڕای یاسا کچمە. ئەی کچی من نییە؟ چما مافی ئەوەم نییە کچەکەم بپارێزم؟ بۆ خاتری دۆزەخ، ئێستا لەم ساتەدا لە ماڵەوە چی دەکەن؟ وا بزانم ئەودەمی تۆنی لەگەڵمدا قسانی دەکرد، بۆنی شتێکم کرد. درۆم نەکردبێت بۆنەکەی زیاتر لە میمییەوە دەهات. ئایا بۆنی ناو جێگە بوو؟ نەفرەت نەفرەت. نەفرەت لەو یاسایەی بەپێی باوەڕی باوک جیاوازی ناکات لەنێوان ڕەوشت و مافەکانی باوکایەتی لە پارێزگاریکردن و چاودێری و پەروەردەی ڕاست. نەفرەت لە گشت ئەورووپا، نەفرەت لەو و لە خۆم و جیهانیش!

- کریستی.
- کریستی.
- لەگەڵ خۆتدا قسە دەکەیت کابرا؟
- بمبوورە. ببوورە توخوا.

گۆڕەپانی شار بەخدێی خۆی وەکو هەموو ڕۆژانێکی یەکشەممان چۆڵ بوو، تەنیا چەند هاووڵاتییەکی لێ بوو. ڕەنگە ئەو گەشتیارانە بن کە لە شاری "دەریاچەی زیندان"[1]ی بەناوبانگی ئەو دەوروبەرەوە هاتبوون. عەرەبە دەوڵەمەندەکانی کەنداو، ڕووس، ئەڵمان، ئاسیایی لە مۆڵە نایابەکانی دەوروبەر گۆڕەپانی کوێخا پیاسەیان دەکرد. وەکو نەریتی خەڵکی ئێرە هێمن و پۆشتەن و لە دەرەوە وا دیاردەدەن وەک ئەوەی گشت گەردوون کێشەی تێدا نەبێت. لە گرفتی کەسێنیی تایبەت بە خۆیان بگەڕێ، هەروەها شێوەی ئەویش لە دەرەوە وای دەگەیاند، لێ لەگەڵ خۆی و خۆیدا

[1] .Zell am see

دەزانێت لە بانۆ زەوقە و لەژێرۆ تەوقە،[1] هەندێکیش ئەوەندە هەڵدەگرن لەژێر بارە قورسەکەیدا بە نقەنق دەکەون، لێ پاراستنی سیمای جوان و هێمنانە و بۆڵەبۆڵنەکردن وشەی نهێنیی ئەم وڵاتەیە.

کەمێک بە گۆڕەپانی کوێخادا سووڕایەوە. حەزی لێ بوو پەرداخێکی گەورەی بیرە لە ڕیستۆرانتی تەنیشت بینای خۆجێیی هەڵقوڕێنێت، بەڵام ڕای خۆی گۆڕی و لە کۆڵانە تەنگەکەی نێوان خۆجێیی و بانکی ڕایفسایدنەوە ڕەت بوو، کە حیسابی تایبەتی خۆی لێ هەیە، بینیی ئەویش هەر داخراوە. لە ڕووی دەرەوەی ڕیستۆرانتە چینییەکەدا "لۆتس" لافیتەیەک هەڵواسرابوو. کاتێک میمیی کچی بچووک بوو حەزی دەکرد گشت یەکشەموانێک دواینیوەڕۆ بۆ ئەوێی ببات، لەوێ ڕۆژانی یەکشەممانی هەموو هەفتەیەک ژەمی تایبەتی منداڵان پێشکەش دەکەن: بە ئاسانی پێم نەگەیاندووە. پارە و کاتی زۆرم لەپێناویدا خەرج کرد، هەروەها لە تەندروستیم، هەرچەندە من وەک باوکانی ترم نەکرد، وەکو کارڵ ڤالەنتینی نووسەری ئەڵمانی، لیستێکی خەرجییەکانی لەو ڕۆژەی ئەو لە سکی دایکی بەربووەتەوە بۆ ئامادە بکەم، تاکو لە جەژنەزای هەژدەیدا داوای لێ بکەمەوە، بەشێکی کوشندە لە سرووتی ئاهەنگسازی، ئەو شێوازەی نێوان ناشیرینی و نایابی. هەموو شتێکم لە خۆشەویستییەوە و بێ بەرابەر ڕادەپەڕاند، باشترین باوک بووم، هەر خۆم لە کاتی گونجاودا لە خراپەکاریی مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی ئاگەدارم دەکردەوە، ئەودەمی پرسیارێکی سەیری لێ کردم:

---

[1]. بانۆ: بانەوە. ژێرۆ: ژێرەوە. (پەندێکی گەرمیانییە بە نزیکیی لە پەندی عەرەبیی ناو ڕۆمانەکە بەکارم هێناوە). و.

- بابە، ئایا دایکم کافرە؟

لێم پرسی: کێ پێی گوتی؟

- سورەتی "الکافرون".

- لە کوێ بە سورەتی "الکافرون"ت زانی؟

- مامۆستا سەیف ئەلڕەسول خان لە وانەی ئایینی ئیسلامی بۆی ڕاڤە کردین.

بەڵێ، لەو ڕۆژەدا تۆماری پۆلیس لەو شارە بچووکەدا یەکەمین قەسابخانەی مرۆیی تێدا تۆمار کرا، پێشتر شتی وا ڕووی نەدابوو. دەبوو قوربانییەکەی مامۆستای قوتابخانەیەکی بنەڕەتی بوایە لە لایەن باوکێکی نەخۆشی کچە قوتابییەکەوە. مەبەستم هەوڵی سەربڕینی بە چەقۆی ئاشخانە: من خۆم توندوتیژ نیم، بەڵام کاتێک کارەکە پێوەندیی بە کچەکەمەوە بێت، وەک پشیلەیەکی گەمارۆدراو دەبمە دڕندە. ئەم هەمووە لەپێناو ئەودایە. من هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان قسوورم لەگەڵیدا نەکردووە. هەمیشە لەگەڵیدا بووم. ئەگەر کوڕ بوایە هێندە ماندووی نەدەکردم وەکو میمی پێی کردم. ئاخر ئەگەر کچی پاکیزە زینای کرد، ئەوا لەو دنیا دایبابی دەچنە دۆزەخەوە. هەرچی کوڕە تەنیا خۆی گوناهی خۆی هەڵدەگرێت. چۆن لە بۆنی تۆماو بەهەڵەدا دەچم؟ هەموو شتێک کۆتایی پێ هاتووە و پێم دەڵێت:

- دەبمە موسڵمان!

بەڵێ ،َ ببە موسڵمان وەکو گورگی هار چۆن موسڵمان دەبێت، وەکو چۆن دۆزەخ بەموسڵمان دەبێت.

- کرستی درفیش!

- کرستی!

- تۆ بۆ خۆت قسە دەکەیت!

کەس مەزەندەی ئەو وەڵامەی نەدەکرد، ئەوە خوێنەری ژیرە بوار بە نووسەر نادات لێگەڕێ کۆتایی ڕۆمانەکە بخەملێنێت، نووسەری زۆرزانیش وەکو سیاسیی بەتەمەن لە هەمان لەپدا گەمە بە هێلکە و بەرد دەکات. هەرچی گێڕەرەوەی پەلەکەرە بۆ کۆتایی ڕۆمانەکە، تاکو لەپێناو مەبەستی گرنگتر (بە باوەڕی من، هەڵبەت هەموو باوەڕێکیش گوناه نییە) خۆی ئازاد بکات، حەتمەن مردنی باشترە.

## ویرانەپیاو

تێبینییەکی گرنگ: ئەم بەشەی ڕۆمانەکە و گشت ئەو چیرۆکانەی تێیدان لە دیدی سێ کارەکتەری ناسەرەکییەوە دەربڕاون، ئەوانیش: تۆنی و میمی و نوران، کارەکتەری سەرەکیی لەم ڕۆمانەدا تەنیا کەسایەتیی دەروێشە. ئەمیش لەگەڵ بنەماکانی ڕۆمانەکەدا ڕاست نابێتەوە، وەکو لە کتێبی بەناوبانگی قوتابخانەکان "لایەنەکانی ڕۆمان"دا[1] هاتووە: دەبێت بە لای کەمەوە ڕۆمان لە سێ کارەکتەری سەرەکیی پێک بێت.

بێگومان خوێنەری هێژا زانیاریی زۆر دەبینێتەوە ناکۆکن بەو زانیارییانەی لە بەشی پێشووی ڕۆمانەکەدا هاتوون، واتە ئەو بەشەی بە سوپاسەوە وتیار گێڕایەوە و ڕۆماننووس (واتە منی لاواز) زۆرێک خۆی لە هەندێک تیمە هەڵقورتاند. ئەوەش زۆر جار خۆهەڵقورتاندنێکی تێکدەرانەیە، ئەگەر خوێنەری یەکلاکەرەوە لێی نەبوورێت، کە لە ڕاستییەکی چەسپاو دەگەڕێت ناکرێت گەمەی پێ بکرێت، لەسەر ڕۆمانە بەهێڵەیلی ڕاستی هاوتەریب بڕوات و یەکتر نەبڕن، مەگەر بە پاساوی گێڕانەوەی قەناعەتپێکراو، وەکو لای لیۆ تۆڵستۆی و ئەرنەست هەمینگوای و بلیمەتی زۆرزان خودان "دۆستی خاتو چارلی"، دی ئەیچ لۆرانس ڕوو دەدات.

---

[1] Novel aspects

هەرچی خوێنەری دوورووی سەرکێشی ڕووتەیە، ئەوی تی ئێس ئیلیەت باسی کردووە، ڕەنگە ڕای تری هەبێت. بە شێوەیەکی بنبڕ نازانین چییە.

شتەکەی دیکەش: کۆتایی ئەم ڕۆمانە وەک نووسەر لە هەڵبژاردنی من نییە، نە لە هەڵبژاردنی وتیاری لاسارە، کە لە پرۆسەی گێڕانەوەکە لەگەڵتاندا بوو. لە هەڵبژاردنی نورا شۆڵز خۆیەتی. پلانی من بۆ کۆتاییهێنان بەم ڕۆمانە ئەوەیە، جارێکی تر دەروێش بۆ میسر یان سودان بگەڕێتەوە، میمیی کچی ببات و لە دۆزەخی گەندەڵیی ڕەوشتی و بەهای ئەوروویپیی دەربهێنێت. دوور نییە لەوێ یەکێک لە خزمانی بیخوازێت، دوای ئەوەی پاسپۆرتەکەی دەدڕێنێت و توورڕی دەداتە نزیکترین ڕووباری وەرزییەوە و لە گوندێکدا دەیهێڵێتەوە، وردترین مانگی دەستکرد نەیدۆزێتەوە، چونکە بەکورتی لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهاندا نییە.

لە گەڕانەوەی دەروێشدا پەند لە شوێنەکە نییە، لێ دەخوازم هێزی ڕەمزیی گەورەی شوێن بەکار بهێنم، لەگەڵ ئەو دەلالەتە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی پرسی گەڕانەوە لە خۆیان دەگرێت، بەمەش وا دەردەکەوێت کۆتایی ڕۆمانێکی داخراوم بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوە و باش نووسیوە. ئەو کۆتاییانەی وا لە خوێنەر دەکەن ئاهێکی بەبەردا بێتەوە، پەرداخێکی گەورەی ئاو هەڵگرێت و قوم لەدوای قوم بیخواتەوە، ئینجا بە هەموو دەنگیەوە هاوار بکات: نەفرەت!

بەڵام نورا لە مژاری کۆتاییەکە بۆچوونی جیاوازی هەبوو، منیش لەبەر ئەو وازم لە مافی ئەدەبیی خۆم لە هەڵبژاردنی کۆتایی ڕۆمانەکە هێنا، ئەمەش بە تەواوی حەزی خۆمەوەیە، ڕاوێژیشم بە ڕۆماننووس نەکردووە، چونکە لەوکاتی لە

شوێنێکی ڕۆمانەکەدا ناکۆک بووین، ئیدی نەمتوانی جارێکی دی بیبینمەوە. بەخۆتانیش دەزانن گێڕەرەوان نیشتمان یان ناونیشانیان نییە، پۆلیسیش ناتوانێت دەستگیریان بکات. لێرەدا جارێکی تر چیرۆکی ئەو وتیارەتان بیردێنینەوە، کە دەستدرێژیی کردە سەر هاوەڵە ڕۆماننووسە هێژاکەم (کەلسووم فەزلولڵا).

وا بزانم پێشتر گوتوومە: "بە دڵیدا هات" نەک دەستدرێژیی کردە سەر (بەخۆی ئەمەی بۆ پشتڕاست کردمەوە) و لە شوێنێک لە شوێنەکانی گێڕانەوە پیرۆزە گەورەکان هەڵهات، لەو جێگەیەی شیرازە دەپچڕێت و ڕێ لە ئافرەتان دەگیرێت بچنە ناو ئەو گۆماوە بۆگەنکردوانەی گێڕانەوەوە.

هەرچەندە ئەوە ڕووداوێکی سەیر بوو، بەڵام ئاساییە، دەکرێت لە جیهانێکدا ڕوو بدات ناماقووڵ و میتافیزیکی لەخۆ گرتبن، هەروەها بڕوای بەوە بێت کەسایەتییەکی بێناسنامە هەیە ناوی "گێڕەرەوە"یە و ژمارەیەکی زۆری لە کجووری[1] و جادووباز و بەختگرەوە و ناولەپخوێن و دنبارییەکان[2] تێدان، هەروەها بە لای کەمەوە یەکێک لەوانەی ڕۆژانە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن، وەک کەمال ئەلجزولی.[3]

باشە بۆچی کاتێکی زۆر بە گەڕان بەدوایدا بەفیڕۆ بدەم؟ بۆیە لێرەوە من بە تەواوی ویستی خۆمەوە بۆ نورام جێ هێشت، هەرچەندە من لەو ساتەدا سەرخۆش بووم.

---

[1]. کجووری: جادووگەری خۆماڵی. (و)

[2]. دنبارییەکان: لە وشەی دنبارەوە هاتووە، کابرایەکی جادووگەرە بە داری بچووک بەسەر جووڵەی کوللەدا زاڵ دەبێت و بە ئارەزووی خۆی دەیجووڵێنێت. (و)

[3]. کەمال ئەلجزولی: نووسەر و شاعیرێکی ناوداری سودانییە. (و)

سەرماکەی جەرگبڕە و بە توندی تەزرە دەبارێت، وا هەست دەکەم خوێن لە دەمارەکانمدا بەستوویەتی، ئافرەتێکیشم لەگەڵدا نییە لەم سەرماوسۆڵەیەی هیچ چارەیەکی نییە تەنیا جەستەیەکی گەرمی دۆستانە نەبێت، بە مۆچیاریی ڕۆدلف ڕاینەری هاوەڵم کرد (یەکێک لەوانەی ئەم ڕۆمانەم پێشکەش کرد) دەڵێت: "وێسکی کردەی شەیتانە، لێ خوێن گەرم دەکاتەوە و ناهێڵێت بیبەستێت".

چاکە، بەرلەوەی بە یەکجاری بکشێمەوە، دەمەوێت جەخت لەسەر شتێکی زۆر گرنگ بکەمەوە: تۆمەتبارکردنم لە لایەن نوراوە بەوەی لەگەڵ دەروێشدا هاوسۆزم، تا ڕادەیەک دروستە. ئەمەش ددانپێدانانێکی بەخشندەیە لە لایەن منەوە پێویستە ڕێزێکی ماقووڵی لێ بگیرێت. هەرچی گۆڕینی هەندێک لە ڕووداوەکانی گێڕانەوەیە لە لایەن منەوە، ئەوە گێڕەرەوەی بزر ئێستا بەسەر تێکستەکەیدا هێنا، کاری من نییە وەک نووسەر پاساوی بۆ بهێنمەوە، یان تۆمەتەکەی لێ دووربخەمەوە. هەر هیچ نەبێت ئێمە نەیاری یەکترین. ڕای جیاوازیش هەرچی خۆشەویستیی هەیە دەخاتە لاوە و ڕق و قین دروست دەکات، ئەوەی هەندێک پێی دەڵێن بەرهەمی ناکۆکیی نەرێنی.

دووەم: دەبێت ددان بە شتێکی تریشدا بنێم: ئەو وێنەیەی نورا بۆ دەروێشی دەکێشێت ڕەنگە نزیکتر بێت، ئەو ژن و هاونوێنێتی. ئەوی لە نوێندا لەگەڵتدا بەشدار بێت قووڵترت دەناسێت، ئەوی جەستە بۆ جەستەی دەچرپێنێت سنووری نییە. ئیدی هەڵسەنگاندنی بۆ ئێوە جێ دەهێڵم.

لە دواییدا، بەخواتان دەسپێرم و لەگەڵ پاڵەوانە لاوەکییەکانی ڕۆمانەکەدا جێتان دەهێڵم ڕووداوەکانی کۆتایی بگێڕنەوە،

دووپاتی دەکەمەوە "لاوەکییەکان"، تاکو ئەم دەقە هەراسانکەرەی دەرەوەی سنووری بەرپرسیارێتیی منتان بۆ تەواو بکەن. وا بزانم پێشتر لە بەرایی ڕۆمانەکەمدا "(یادگەی مەیی زۆرماوە) ئەم ئاکارە ترسنۆکانەیەم ئەنجام دا: کێ لە عوسمان بوشرا دەترسێت؟" داوای لێبوردنتان لێ دەکەم جارێکی دی لە یادی ڕۆمانەکەمدا دەست بە چەنەبازی دەکەمەوە، نۆڤلێتێکە زۆرتر کارەکتەرەکان بەخۆیان نووسیویانەتەوە، تەنیا یەک بەش نەبێت بەخۆم نووسیم. دەتوانم بێژم زۆرم چێژ لە نووسینی ئەو بەشە وەرگرت. من خۆم هەمیشە لە کاتی نووسیندا چێژ لە ڕۆمان دەبینم و لەو دەمەدا وای دادەنێم جوانترین ڕۆمان دەنووسم، بگرە بە کاری ژیانمی دادەنێم، لێ هەر هێندەی دوا خاڵی دادەنێم وەکو کەلاکی بۆگەنی لێ دێت، ئیدی هەرگیز حەز ناکەم بیخوێنمەوە، یان لێی نزیک ببمەوە، سەیرم لەوە دێت ئەوانی تر چۆن دەیخوێننەوە!

هەندێکیان (مخابن) پێیدا هەڵدەدەن و بە کارێکی چاکی دەزانن. هەڵبەت هەیە فیڵەکەی دەدۆزێتەوە و ڕاستەوخۆ دوای خوێندنەوەی ڕقی لێ دەبێتەوە، پاشان لە کارێکی ترم دەگەڕێت، تاکو هاوسەنگی و بڕوای بە من وەکو نووسەرێک بۆ بگەڕێنێتەوە، کە بە خوێندنەوە لەدەستی دا. هەر بەتایبەت لەم پرۆسەیەدا، بڵاوکاران قازانجێکی زۆر بەدەست دەهێنن، یان زیانی کوشندە دەکەن.

ئەوەش کارەساتی یەکێک لە بڵاوکارە سودانییەکانە، "نورولهودا"ی دۆستم، خاوەنی دەزگەی "عزە"، زیانەکان وای لێ دەکەن شێلگیرانەتر لەسەر کارەکەی بەردەوام بێت، هەڵبەت زیانە گەورەکان وەک دەستپەڕ وان، بەردەوام دڵت بۆی لێدەدات، چونکە ناگەیتە دۆخی تێربوونی تەواو.

**شایەدیی تۆنی**

من حەز ناکەم بە هیچ شێوەیەک باسی ئەم بابەتە بکەم. بەخت یاوەرم بوو زۆر بە سەختی تووشی پێکان نەهاتم، یان نەمردم. مەرگ زۆر باشترە لەو پێکانە ئازاربەخشانەی بە تەنیا فڕێتدەدەنە نەخۆشخانەیەکی دوورەوە یادەوەرییە بەسەرچووەکانت کاوێژ دەکەیتەوە. هەموو ئاواتم ئەوەیە زامەکانم زوو سارێژ ببنەوە، وەکو چۆن لەو مۆتەکەیەی ناوی دەرویێشە چاکبوومەوە.

ئەوی بۆ میمیی ڕاکێشام ئەو نامۆییەی بوو کە پێوەی دیاربوو. مەبەستم ئەوی وای لێ دەکرد جیاواز بێت، هەر لە شێوازی دەرەوەی، قژە لوولدراوە زبرەکەی، ڕەنگ ئەسمەرییەکەی و تا ڕادەیەک ڕۆشنبیرییە جیاوازەکەی لەو نێوەندەی تێیدا دەژیاین. هەرچەندە زوو بەتاڵیی دوا گریمانەم بۆ دەرکەوت، چونکە میمی لە لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە شتێکی جیاوازتر نەبوو لەو کیژانەی لە تەمەنیدا بوون، بەڵکو تا ڕادەیەک ئاسایی بوو، ئەو لە دایکییەوە هەندێک لایەنی نیشتمانیی هەڵگرتبوو، ئەمەش (تا ڕادەیەک) شتێکی جاڕسکەرە، بەنیسبەت کەسێکەوە لە خانەوادەیەک بێت مێژوویەکی خەمناکی پڕ لە خوێن و فرمێسکی هەڵگرتبێت، وەکو خانەوادەکەی من، من خۆشم دەویست، ئەویش خۆشی دەویستم. بەنیسبەت من و ئەوەوە هەردووکمان یەکەمین خۆشەویستیمان بۆ یەکتر نواند، ئەو یەکەمین ئافرەتی ژیانمە، منیش یەکەمین و تاقە پیاو بووم لە ژیانیدا.

بەڵێنمان بە یەکتر دا مادامەکی لە ژیانداین، بگرە سوێندمان بۆ یەکتر خوارد ئەگەر یەکێکمان مرد، ئەوی تر دڵدار نەگرێت.

وا بزانم ئەوە ڕۆمانسییەتێکی لەپێویست بەدەر بوو، وەک ئەوەی لە هەندێک شانۆنامە کۆمیدییەکاندا ڕوو دەدات، وەلێ خۆشەویستی جۆرێک لە مەستبوونی بەتامە، وەکو بابم دەڵێت: "بۆ گێل و گەوجان وەک میراتی دەمێنێتەوە". لێ هەینێ بابم ئەوی بینی، پێی گوتم: تۆنی، بیپەرستە! ئەوە خوای نووبیە و لە ڕووبارەکانی کووشەوە بۆ تۆ نێردراوە.

باوکم کەمێک زێدەگۆیی دەکرد. ئەوەش بۆ بیرەی سپی دەگەڕایەوە، گلەیی لەو کاتەیە تێیدا گفتوگۆمان کرد، دوای نۆی شەو هەمیشە وازی خراپ بوو. سەرلەبەیانییانیش مژووڵی کار بوو. کاتێک لە ئیشەکەی دەگەڕێتەوە و دایکیشم دێتەوە، هەریەکەیان سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوی ترە، پاشان هەمووومان بەرەوڕووی خواردن دەبینەوە. بەرەوڕووی کتێب و تیڤی، ئینجا هەر کەسە و بۆ خۆی تەرخان دەبێت. ئەوە کاتی خۆشیی بابمە.

ئەوی خانەوادەی میمی نەیاندەزانی ئەوەبوو دایبابم بە بنەچە جوولەکە بوون، هەردووکیان لە پاشماوەی ئەو خانەوادانە بوون لە دوادواییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا نزیکەی لە ساڵی ١٩٤٥دا لەدەست جەور و ستەمی نازییان هەڵهاتبوون، لەنێوان ئەو خێزانانە بوون لە سەربازگەیەکی گەورە لە سالفلدن بنیادنرابوو بۆ حەوانەوەی ئەو جوولەکانەی لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی لە ماشێنی مەرگ ڕزگاریان بووبوو، ئەوەبوو بە سەدانیان لە گشت لایەکی ئەورووپاوە بۆ نێردرابوو. کاتێک خێزانەکان لە ساڵی ١٩٤٧دا بە پێیان لە سالفلدنەوە بۆ ئیتاڵیا لە ڕێگەی چیای کمرلاتۆنەوە بەو ڕێگە سەختەدا کۆچیان کرد، هەردوو خێزانەکەیان، کە جوولەکە

بوون، وایان بە باشتر زانی لە میوانداری و چاودێریی یەکێک لە جووتیارە نەمساوییە دەوڵەمەندەکان بمێننەوە.

هەرچی منم بڕوام وایە خودایەک ئەم گەردوونەی گووراندووە، دوور نییە "یەهوا" بێت، دووریش نییە "ئەڵلا" بێت، دووریش نییە هیی تر بێت، لێ من باوەڕم بە هیچ پەیامبەرێک نییە. بێگومان ئەمە کارێکە تایبەت بە خۆم. ڕەنگە "هەمووی دروست نەبێت" وەکو میمی دەڵێت، وەلێ شیمانەیەکی گونجاوە مادامەکی کەسانی تر هەن بڕوایان پێیەتی.

من پێشتر بۆ ئەمانەت ئەمەم بە میمی گوتووە، وا بزانم گێڕەرەوە، یان نووسەر لە سەرەتای ئەم ڕۆمانەدا ناوی هێناوە. من درۆم نەکردووە، لێ کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی پرسیاری ئایینی دایک و بابمی نەکردووە، دایبابم باسی ئایینی خۆیان نەکردووە، ئەوان بە بنەچە جوولەکەن و هیچ سرووتێکی ئایینی پێڕەو ناکەن.

لە ڕاستیدا سەردانی قودسیان نەکردووە، باوباپیرانیشیان بە هەمان شێوە، هەروەها بڕوایان بە خاکی بەڵێندراو نییە، زەویی بەڵێندراوی ئەوان ئەو شوێنەیە ئەمن و ئاسایش و ئاسوودەیی و یەکسانیی لێ بەرقەرار بن. باوکم دەڵێت: "باوەڕ ئاتاجی سرووت نییە. سرووت دەتباتەوە سەر جیاکاری. ئەو سرووتانە نەیانتوانی پارێزگاریی کەسێک بکەن، جیاکاری بەرەو خوێن و فرمێسکی دەبات".

هەرگیز لە ژیانیاندا لەگەڵ حاجییاندا بۆ ئیتاڵیا نەچوونە. ئەو حەجەی گشت ساڵێک جوولەکان لە دوا هەفتەی مانگی ڕێبەندانادا دەیکەن، ملی ڕێی سەختی وشکانی دەگرنەبەر، کە

ئەو خێزانە (جو)وانە بۆ ئیتاڵیا بڕیان. هەروەها لە هیچ ئاهەنگێکی تردا بەشدار نەبوون. وا دیارە هەستکردن بە ترس و چاودێری هێشتا بەسەریاندا زاڵە. هەرچەندە هەردووکیان تا ڕادەیەک هەراش بوون جەنگیان بینی، لێ ئەو ترسەی ئەوکات لە ناخیاندا جێگیر بوو بۆ هەمیشە مایەوە، باوکم دەڵێت: "ئەوی نەترسێ ناخەڵەسێ".

ئەو کاتە کەمەی دەروێشم تێدا بینی و قسانم لەگەڵدا کرد بەس بوو بۆ حوکمدان لەسەری، ناکرێت هەموو ئەوانەم لە بیر بچێت، کە کچەکەی لەبارەیەوە بۆی باس کردم. هەڵبەت میمییش نەیدەتوانی هەموو شتێکی دزێوم لەسەر بابی پێ بڵێت. ئەمە سروشتی مرۆڤە: هەمووومان باوکانمان خۆش دەوێن، هەرچۆنێک بن پێیان ڕازیین. هەرگیز کەسێکی ئاسان نەبوو، لە مۆتەکە قورستر بوو، لەسەر ڕووی زەوی باوکێکم نەدیتووە هۆمۆبوونی خۆی بەم شێوە ناشیرینە ڕابگەیەنێت!

باوکم بەرپرسیارێتیی تەواوی دابووە دەستمەوە، چونکە داوام لە دەروێش کرد خۆی تێکەڵی ئیشێک بکات تایبەت بە من و میمییە، یان تەنیا تایبەت بە خۆمە، چونکە پرسی ئایینداری دۆزێکی کەسێنییە.

باوکم لەو بیرۆکەیە نەدەگەیشت، ئێمە دەمانویست بزەخەنەیەک بکات، تاقە زەردەخەنەیەک نیشانەی ڕازیبوون، یان بەشدارییە بێ خۆدەرخستن، ئەو وێڕای ئەوەی نوکتەی بۆ دەگێڕاینەوە، کەچی توندوتیژیش بوو. وا دیاربوو بە درێژایی ئەو هەموو کاتە بیری لە کوشتنم دەکردەوە. ئەگەر بایی ئەوەندە زیرەک بوومایە ئەوەم لە کاتی خۆیدا دەزانی، بەڵام

منیش حەزم لێ نەبوو بەپێی پێشنیازی ئەو بۆ پیاسە بۆ شاخ بچم. نەک لەبەر ئەوەی گومانم لە نیازەکانی هەبوو، بەڵکو هەستم کرد حەز ناکات بۆ ئەوێ لەگەڵیاندا بم، چون بۆ گەشتێکی خێزانیی ڕووت هاتبن. منیش لەژێر پێداگریی میمی لەگەڵیاندا ڕۆیشتم.

میمی باسی ئەوەشی بۆ کردم بابی حەزی لە چامەی "وێرانەخاک"ـە. جا چیی تێدایە؟! منیش بابم حەز لە "ماریا لێرکە" دەکات و بەدەم قاوە و بیرە هەڵقوڕاندنەوە ڕاستەوخۆ لە یادگەیدا دەیخوێنێتەوە، لێ ئەوی بە لامەوە سەیربوو دەرویش حەزی بە کۆپلەی تەرمەکە دەکرد، ئەوی لە باخچەکەیە. کاتێکیش دەیگوتەوە و ئێمەش لای گۆڕی داپیرە بووین، هەستم بە تۆقینی ڕاستەقینە کرد.

هەینێ داوای لێ کردین هەندێک گوڵەلەیلاقی کێوی بهێنین، تاکو لەسەر گۆڕەکەی دابنێت، من زانیم ئەو کارە بە سەلامەتی تێناپەڕێت. هەڵبەت نەدەبوو دوای گومان بکەوم، ئەگینا ڕۆژە جوانەکەم لەگەڵ میمی و دایکە میهرەبانەکەیدا دەشێواند.

لە ڕێگەی گەڕانەوەدا هەموو شتەکان بە خێرایی بروسک ڕوویان دا. لە ڕاستیدا خۆم بینییەوە لە هەڵدێرێکدام خۆم بە لقەدارێکی گەورەوە گرتووە، بۆ بەختباشی هۆشم لەدەست نەدابوو، ئەگینا دەکەوتمە شیوەکەوە و کۆتاییم پێ دەهات. خۆم بە لقەدارەکەوە گرتبوو، تاکو تیمی ڕزگارکردن لە شارەوە هاتن و لەو کارەساتەی ژیانیان ڕزگار کردم.

***شایەدیی میمی***

ناوی ڕاستیم "مایا"یە. ناوێکی جوان و تایبەتی بۆ هەڵبژاردم، ئەمەش ناوێکی کۆنی نووبییە. من ڕێز لە باوکم دەگرم، لێ خۆهەڵقورتاندنی بەردەوامی بۆ ژیانم زۆرم بەدڵ نەبوو. ناتوانم هیچ پاساوێکی ماقووڵی بۆ بدۆزمەوە. من هەر لە باخچەی ساوایانەوە فێر بووم کەسێتیی سەربەخۆی خۆمم هەبێت، بژارەی خۆم لە ژیاندا هەبێت، لێ بۆ ساتێک چییە سڵی نەدەکردەوە لەوەی هەر کارێکی بەگونجاو بۆ من بزانیایە، ئەنجامی بدایە، بە پشتگوێخستنی بێشەرمانەی حەز و بژارەکانم.

ئەو بەرپرس بوو لە گشت شتێک و پرسیاری هەموو شتێکی دەکرد، پرسیاری ئەو شتەی نەدەکرد دەیزانی، هەر لە خواردنەوە تاکو جلوبەرگ. بابم ڕای لە ڕەنگی ئەو دەرپێیەی لە پێم دەکرد هەبوو. (وەکو دایکم دەیگوت) کردبوومی بە بووکەڵەیەکی بێ بڕیار، بێ کەسایەتی، دوودڵ و گۆشەگیر.

لەبەر گەلێک هۆکاری بێمانا چەند جارێک دارکاریی کردووم، ئەمەش دایکمی ناچار کرد لای پۆلیس سکاڵا تۆمار بکات، ئەوەش لەبەر من. هەستم دەکرد وەکو سێبەر بەدوامەوەیە، دەمتوانی لە تەمەنی ١٨ساڵیدا و زۆر پێش ئەوەش ماڵی بۆ بەجێ هێڵم. بەڵێ، ساتەیلێکی جوان هەبوون تێیاندا خۆشمویست، لێ کەم و تیژتێپەڕ و کورت بوون، مادامەکی بابم بە شەڕنانەوە و تێبینیی قورس و کوشندە دەیشێواندن. حەزم بە مردنی نەدەکرد، هیچ نەبێت بڕوا ناکەم بتوانم لەو کەتنەدا بەشدار بم، ئەگەرچی بە قبووڵکردنی و گۆڕینی قسەکانیشم بێت، تاکو لەگەڵ قسەکانی دایکمدا بێنەوە، کەچی خستمیە هەڵوێستێکەوە ناچاری ئەوەی کردم: دایکم کارێکی باشی کرد. بۆ یەکەمین جار هەست بە ئازادی دەکەم، هەست دەکەم دەتوانم شتێک بکەم خۆم دەمەوێت.

***شایەدیی نورا***

لێمگەڕێن بڵێم: ئەو وێنەیەی وتیار و نووسەر بۆ دەروێشیان کێشابوو، ڕەنگە زۆرێک لە ڕووداوەکان ڕاست نەبن، بەڵکو پێچوپەنایان تێدا بن. بە کەمێک بەگەڕخستنی هزر دەکرێت درۆکەی ئاشکرا بکرێت. هەردووکیان لە پاڵ دەروێش وەستان و لەپێناو ئەودا گەلێک لە ڕاستییەکانیان شێواند. هەموو ئەو گێڕانەوەیەی لە بەرایی ڕۆمانەکەدا خوێندمنەوە زۆریان شڵەژاندم، لەوەی مەبەستیانە گومانیان لا دروست کردم و تووڕەتریان کردم. ئەوی زیاتر تێکیداوم ئەوەبوو: چۆن کەسێکی بەڕێزی وەکو نووسەر و ئەوی دی، کە هەر بە ناوە (نازانم دەکرێت بە یەکێک لە سیفەتەکانی مرۆڤ دابنرێت، یان نا؟) ڕێگە بە خۆیان دەدەن لایەنگریی کەسێکی وەکو دەروێش بکەن؟! ئینجاش هەموو توانای هونەرییان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی لە وێنەی پاڵەوانێک دەریبخەن، تاکو لەگەڵیدا هاوسۆزبین؟! دەروێش کەسێکە بە مانای وشە بەرگەی ناگیرێت، کەسێکە شەرم و فەدیی بە خۆی نییە، لە بچووکترین شتدا خۆتێهەڵدەقورتێنێت، کە بۆ ئێمەی ئافرەت گرنگە، هەروەها ڕازی نییە هەر شتێکی بچووک و گەورە بە بەرچاویدا تێپەڕێت و ئاگای لێ نەبێت. کەسێکی گوماناوی و لەچەرە (غەیور).

بەڵێ، وشەکەم دۆزییەوە: ئەو زۆر لەچەرە، بەڵام لەچەری ڕووخێنەر، لەچەری وێرانکەر.

دەروێش هەر بە کردەنی ژیانی وێران کردین، هەروەها گرێی دەروونیی زۆری بۆ کچەکەی دروست کرد و کردی بە بوونەوەرێکی کڵۆڵی کەنارگیر.

میمی تاکو دوای چارەسەری گەورە و تاڵیی دەروونیی دۆستێکی نەبوو. پارە و کاتی زۆرم لەپێناو ئەوەدا خەرج کرد، لە دواییدا دەروێش دێت هەتاکو ژیانی کچەکەمان کۆتایی پێ بهێنێت، پاش ئەوەی هەموو ژیانی تێکدام، ساڵانێکی زۆر سەبرم گرت، لەبەر هیچ نا، تەنیا لەبەر ئەوەی حەزم نەدەکرد لە سفرەوە دەست پێ بکەم. لێرە بیرۆکەی تەڵاقدان واتە وێرانبوونێکی گشتگیر بۆ من و کچەکەم و ئەویش، حەز ناکەم بیرۆکەی خێزانی هەڵوەشاوەی شکستخواردوو دووبارە بکەمەوە، کە خێزانەکەی دایبابم نموونەیەکی بەرچاوی ئەوەن، هەروەها پێکەوەژیان لەگەڵیدا ئەستەم نییە. شتێکی زەحمەت و ئاڵۆز و ئازاربەخشە، ئەوەش هەموو شتێک بوو.

گومان میتۆدی ئەو بوو بۆ لێکدانەوەی هەموو دیاردەکان، بە گشت شتێکی شەرمهێن و خراپ تاوانباری دەکردم. ئەفسووس، دەروێش نەدەپرینگایەوە لەوەی بۆ یەکلاییکردنەوەی هەر ناکۆکییەک لەگەڵیدا دەستی بەکار بهێنێت، هەروەها درۆزنیش بوو، لە هەموو شتێکدا درۆی دەکرد، تەنانەت تەمەنی، بە تەواوی کەس نەیدەزانی کەنگێ لەدایکبووە، ئەمەشی بۆ بەرژوەندیی خۆی بەکار دەبرد، مووچەی بەپێی تەمەنی ڕاگەیەنراوی وەردەگرت، کەچی تاکو ئێستاش بۆ ڕاکردن لە باجدان بە شێوەیەکی ناشەرعی کار دەکات.

هەینێ جارێکیان ئەو تێبینییەم پێ گوت بە توندی زللەیەکی تێسرەواندم، پاشان بۆ ئەوەی بە پۆلیس، نەڵێم داوای لێبوردنی کرد. ئەو لە پۆلیس و یاسا نەبێت لە هیچ شتێکی تر نەدەترسا. لە دوو برادەری خراپ و بەدفەڕ بترازێت، لە گشت شاردا کەس حەزیان لێ ناکات، برادەری تری نەبوو.

پرسی ئەوەی بیکوژین هیی من نەبوو. ئەو بەخۆی دایهێنا، ئەو حەزی بە خۆکوشتن نەدەکرد، وێڕای ئەوەی کەسێکی هیچوپووچ و ڕۆحوێرانی وەک ئەو خۆکوشتن تاقە بەزەییە دەبوو بە خۆی ببەخشێت، هەروەها بەو مرۆڤانەی چارەنووس وای لێ کردن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پێوەی پێوەست بن، وەکو من و کچەکەی، لێ ئەو پابەند بوو بەو بیرۆکەیەی خۆکوژ کەسێکی گەوجە، یان دەبەنگ و ترسنۆکە، کەسێکە نەیتوانیوە ڕووبەڕووی پرسیارە سادە و ئاڵۆزەکانی بوون ببێتەوە. کوژراو تاقە کەسە شایەدیی ئەوەی پێیە ئەو جیاواز و مرۆڤێکی ئاڵۆز و قووڵە، هەروەها شایەدیی ئەوەی هەڵگرتووە، کە بکوژ بەتەواوی دەستەوستان بوو لە بەرهەڵستیکردنی، چونکە ئامرازەکانی بەرگریی بەهێزتر بوون و پەلامارەکەشی کوشندە، ئاخر کەسی کوژراو سامانێکی نەتەوەیی و شۆڕشێکی دواخراوە، بکوژیش وەبەرهێنراوی کردەنیی پرۆژەی کوژراوەکەیە. ئەو وای دەبینی بکوژ دیلی هەتاهەتایی کوژراوەکەیە. ڕەنگە بە دیاریکراوی لەو بیرۆکەیەوە وەریگرتبێت، ئەو بەخۆی پلانی مەرگی خۆی دانا (پاشان پێمان زانی) هەر بەخۆیشی نامەیەکی نووسیبوو تێیدا هاتبوو دەیەوێت خۆی بکوژێت، شوێنپەنجە و واژۆی ئەوی لەسەر بوو، لە ماڵەوە لەگەڵ ئەو دێڕانەی چامەی شوومی "وێرانەخاک"ی شاعیری ئینگلیز "تی ئێس ئیلیەت" ی جێی هێشتبوو:

لەوێدا پیاوێکی ئاشنام بینی، هاوارم لێ کرد و ڕامگرت:

هۆ ستێتسۆن!

ئەی ئەوەی لە (میلای) و لەسەر پاپۆڕەکان لەگەڵمدا بوویت

داخۆ شینایی لەو لاشەیەیساڵی پار لە باخچەکەی تۆدا ناشتم
سەری دەرکردووە؟
تۆ بڵێی ئەمساڵ بپشکوێ و گوڵ بگرێت؟
یان تۆ بڵێی زریانە ناکاوەکە لەپڕێکدا سەر دەوسی ئارامگەکەی
نەشێلابێت؟
ئا، دەبا ئەو سەگەی هاودەمی مرۆڤە، لە لانە و زنجی خۆی دەربکرێت،
دەنا بە نینۆکەکانی، سەرلەنوێ لاشەکە دەردەکات.[١]

بەدیۆم و شوومە، چونکە لەو ڕۆژەی بۆم خوێندەوە، ئەوەش یەکەمین جار بوو ناوی "تی ئێس ئیلیەت"ی شاعیر ببیستم. بەتایبەت لەو ڕۆژەدا وەکو ژن و مێرد پێکەوە لەسەر سیسەم نووستین. ئەوە یەکەمین شەومان بوو، نەک وەک نووسەری لایەنگر وتبووی ئەو شەوە بوو لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی "هەزار و یەک شەوە" بوومەوە.

نووسەر بۆیە وای کردووە، تاکو دیدارەکەمان بکاتە ڕۆمانسییەتێکی نەویستراو. لە ڕاستیدا من و دەروێش ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکدیمان خۆش نەویستووە.

دەروێش گشت ئەوانەی بە دەستی خۆی نووسیوەتەوە، ڕەنگە ئەو نامەیە لە کاتێک لە کاتەکاندا پەتی ڕزگاربوون بنوێنێت، ئەگەر دادوەر باوەڕ بەوە نەکات دەروێش خۆی کوشتووە و تەنیا پشت بە شایەدیی هەرسێکمان ببەستێت،

---

[1]. ئەم کۆپلەیەم بە دەسکارییەکی کەمەوە لەم سەرچاوەیەوە وەرگرتووە: تی. ئێس. ئیلیەت، وێرانەخاک، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: مەحموود زامدار، بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، ١٩٧٥بەغدا ل٩-١٠. (و)

لەگەڵ ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری، کە بە لای ڕووداوی خۆکوشتندا لادەدات پتر لە مەیلی پرۆسەی کوشتنی نەخشەبۆدانراو، یان نەخشە بۆ دانەنراو، هەروەها ئەو دوای هەوڵی کوشتنی تۆنی خۆی کوشتووە. ئەوەش لەگەڵ نامەکەی دەرویێشدا ڕێک دێتەوە.

لە ڕاستیدا من بە هیچ شێوەیەک پلانم بۆ دانەڕشتووە و خۆم بۆ کوشتنی نەناوەتەوە، بەڵکو هەر لە بنچینەدا من نەمکوشتووە. هۆکارێک نییە وا بکەم، هەر لەبەر ئەوەی وەڕسکەر و شێواو و ناکۆک بوو بەکوشتن چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بە خۆکوشتن، چونکە ئەوە کەسێتیی مرۆڤێکی تێکشکاوە لە ناوەوە. ئەمە ئەگەر بشێت سیفەتی مرۆڤی لێ بنێم. وا بزانم دەرویێش پلانی بۆ شێوازی مردنەکەشی دانابوو، منیش تەنیا ئامرازێک بووم بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە دەرکپێنەکراوە بێدەنگی لێکراوەکەی. بەکورتی ئەوی ڕووی دا دەیگێڕمەوە:

دوای قسەکردنە خراپەکەی لەگەڵ تۆنی لە ماڵ دەرچوو. بە زمانێک قسەی لەگەڵ تۆنیدا کرد، نەدەبوو لە باوکێکەوە دەرچێت. بۆ ئەوەی شتەکان ڕوون ببنەوە، هەندێک لەو قسانە دەگێڕمەوە کە تۆنی باسی کردن.

بێگومان ئەمە نە وتیار و نە نووسەر "خۆهەڵقورتێن" بۆ خوێنەریان گێڕاوەتەوە، هەردووکیان باسی شتێکیان کردووە جیاواز لەوەی ڕووی داوە، یاخود بەریان بۆ خەیاڵی خۆش و نموونەیی بەرداوەتەوە. ئەودەمی بە تەنیا لە ژوورەکە لەگەڵ تۆنیدا بوو و من و میمی بۆ ژوورەکەمان ڕۆیشتین، بە تۆنیی گوتبوو: گوێ بگرە هیچوپووچ بزانە چیت پێ دەڵێم: ئەگەر بۆم دەرکەوت سێکس لەگەڵ کچەکەمدا دەکەیت، ئەوا منیش سواری تۆ دەبم!

تۆنییش بە سەرسوورمانەوە پێی گوتبوو: بەڵام خۆ من هۆمۆ نیم، من مەیلی سێکسکردنم لەگەڵ پیاواندا نییە!

بە تۆنیی گوتبوو: منیش مەیلی ئەوەم نییە، بەڵام لە دۆخی تۆدا سڵ ناکەمەوە لەوەی ببمە هۆمۆ، بۆیە وا باشترە واز لە کچەکەم بهێنیت، ئەگینا وەکو ژن سوارت دەبم!

چاکە، تۆنی ئەمە و زۆری تریشی بۆ گێڕاینەوە، لەماڵەوە قسەمان لەسەر کرد و گوتمان ئەوە سروشتی ئەوە و هەندێکیش سەرخۆش بووە، چونکە چیرۆکێکی سەیری بۆ تۆنی گێڕابووەوە، وا بزانم ناڕاست و بە شێوەیەکی تەواو جیاواز، ئەمەش وای لە تۆنی کردبوو پتر بتۆقێت. لە تۆنیی پرسیبوو:

ئایا کەسێکی نەمسایی دەناسیت ناوی "سەلاتین پاشا[١]"یە "ئیمام ئەلمەهدی"[٢] لە سودان خستوویەتییە زیندانەوە؟

تۆنییش پێی گوتووە: من نە "ئیمام ئەلمەهدی"[٣] دەناسم و نە "سەلاتین پاشا"یش، لێ دڵنیام ناوی "سەلاتین پاشا" ناوێکی

---

[1]. سەلاتین پاشا: (١٨٥٧-١٩٣٢) ئەفسەرێکی نەمسایی بوو، سوپای مەهدی دەستگیریان کرد و ئیمام مەهدی لە ئوم دەرمان زیندانیی کرد. ماوەیەکی زۆر بە دیلی مایەوە، پاشان ڕایگەیاند گوایا بووە بە موسڵمان، دواتر لە زیندان هەڵهات. (و)

[2]. ئیمام ئەلمەهدی: ڕابەری شۆڕشی ئەلمەهدی و دامەزرێنەری دەوڵەتی سەربەخۆی سودان بوو دژ بە حوکمی تورکی میسری لە سەدەی ١٩ی زاییندا. لەسەر دەستی ئەو ئینگلیزەکان شکستیان خوارد. پایتەختی سودانی لە خەرتوومەوە بۆ ئوم دەرمان گواستەوە. هاوسۆز بوو لەگەڵ جەمالەدین ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە. خەلیفە ئەلتەعایشی جێگەی گرتەوە. (و)

[3]. خەلیفە ئەلتەعایشی: (١٨٤٦-١٨٩٩) جێگری ئەلمەهدی بوو، پشتگیریی کرد و هانی مەهدیی دا دەرکەوێت و شۆڕش ڕابگەیەنێت. سەلاتین پاشا لەو ڕۆژگارەدا ژیا. (و)

نەمسایی نییە، دوور نییە تورکی، یان میسری یاخود ئەلبانی بێت، بۆ چی بووە؟

پێی گوتووە: دەلالەتی ناوەکەی گرنگ نییە، ناوی ڕاستینەی "ڕۆدلَف سەلاتین"ە، بەلاَم ئەم پیاوە ویستی "خەلیفە ئەلتەعایشی" (فەرمانڕەوای موسلَمانی ئەوکاتی سودان) فریو بدات، ڕایگەیاندبوو بووە بە موسلَمان، بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاری بێت و لەگەلّ دەروێشەکاندا بژێت، خەلیفەش ئەوەندەی پێ کرابوو بە دەستە پاکەکانی خۆی خەتەنەی کردبوو. دەزانیت چۆنی خەتەنە کرد؟

– نا، چۆنی خەتەنە کرد؟

– خەلیفە تەورێکی هێنا لەو جۆرەی دەروێشە دڕندەکان بۆ تاشینی تەختەی ڕەقی ئەکاکی بۆ ئەوەی بەلەم و ئالاَی سەربازیی لێ دروست بکەن، دوو دەروێش لە میرانی مەهدی، کە بە هێزی بڕوا و جەستە ناسرابوون، گرتیان، ئەوانیش: میر "مەحموود ود ئەحمەد" و میر "یونس ئەلدەکیم" بوون. ئەمی دواییان خەلیفە "عەبدوڵڵا ئەلتەعایشی" هەلّیبژارد بۆ ئەوەی ڤیکتۆریای شاژنی بریتانیای مەزن بخوازێت، ئەمەش دوای ئەوەی لەشکری خەلافەتی ئیسلامی بە ئیزنی خودا و ورەی لایەنگرانی ولاَتەکەی داگیر دەکەن. زەلامێکی تا بلّێی بەهێز و دلّڕەق بوو، هەر ئەویش فەرماندەی لەشکرەکە بوو. بە زەبرێکی توند و خێرا و لەناکاو تەورەکە چەرمە زیادەکەی زەکەری "سەلاتین پاشا"ی بڕی و نزیکەی چارەکێکیشی لە کلاوەکەی هەلّگرت. بۆ ئەوەی سەلاتین پاشا لە سۆنگەی خوێنبەربوونەوە نەمرێت، ڕۆنی قرچاویان بەسەر برینەکەیدا کرد. ئەمەش بەخشندەییەکی پزیشکیی بوو لەو ڕۆژگارەدا بۆ

گۆڕینی زام بۆ دۆخی "سووتانی پلە دوو" بەکار دەهێنرا، ئیدی چاکبوونەوەی ئاسان دەبوو.

بەڵێ، کارەکە پڕ ئازار بوو، هاواری سەلاتین پاشای باوەڕداری نوێی بەستەزمانی سەردەمی ئیسلامی نزیکەی لە گشت لایەکی شارۆچکە قوڕینە پیرۆزەکەی ڕۆخی ڕۆژئاوای نیل دەبیسترا: "ئوم دەرمان". بەڵام موسوڵمانبوون یاریی مندالان نییە کوڕم تۆنی، لە بەرابەر ئەوە لە ڕۆژی دواییدا بەهەشتە بە حۆری و مێرمندالانی تازەهەڵچووشەوە.

ئەوی جەخت لەسەر ناڕاستی و دروستکراویی ئەم چیرۆکە دەکاتەوە و دڵنیایە لەوەی هزری دەروێش خولقاندوویەتی، ئەوەیە سەلاتین پاشا خۆی هەر لە منداڵییەوە لە لایەن خێزانەکەیەوە سونەت کرابوو، ئەو لە خانەوادەیەکی جوولەکەی ناوداری هەنگاری بوو، هەموان دەزانین (جو)وان بەپێی شەریعەتی تەورات لە شێوەی خەتەنەکردنی مندالانی نێرینەی موسڵمانان منداڵیان سونەت دەکەن. بەڵام تۆنی ئەم ڕاستییەی نەدەزانی، ئەو تۆنییەی بەم دواییە زانیم لە خانەوادەیەکی بە بنەچە جوولەکەیە.

وێڕای ئەوەی شتەکە مایەی پێکەنین نەبوو، خەنیینەوە، دەمانزانی ئەوی دەیلێت تەواو مەبەستیەتی و نایەوێت تەنیا هەر تۆنی بترسێنێت، بەڵکو بە جیددی دەخوازێت هەڕەشەی لێ بکات. هەروەها وشەی "سوارت دەبم" کە بە تۆنیی گوتبوو، زۆر بە ئاسانی مانای "دەتکوژم"ی دەگەیاند. چیرۆکی بڕینی سەری کڵاوەکە و خەتەنەکردن بە تەوری دارتاش و ڕۆنی قرچاو کردن بە برینەکەدا، تەنیا ڕەمزی خۆڕایی نەبوون بۆ ترس خستنە دەروونی تۆنییەوە، وەلێ تۆنی لە مانای ئەودیو

وشەکانی دەرویش و چیرۆکە دروستکراوەکانی نەگەیشت، چونکە دەرویشی لە نزیکەوە نەدەناسی.

لەپڕ لە دەرێ هاتەوە. نزیکەی چارەکەسەعاتێک لە ژوورەکەیدا مایەوە، پاشان بە بەهانەی پیاسەکردن دەریکردین. دڵخۆش و شادمان بوو، تەواو جیاواز بوو لەگەڵ ئەودەمی تۆنیی بینی، هەروەها پێش ئەوەش. هەموومان بە بیرۆکەکەی قایل بووین، هەرچەندە تۆنی ڕای جیاوازی هەبوو، بەڵام میمی ئەوی ڕازی کرد، ئەوە بوو سواری ئۆتۆمبیلەکە بووین بۆ قەدپاڵی چیایەکە ڕۆیشتین، پاشان بە ڕێچکە ڕێییەکانی سەرەوە ڕێمان کرد. ئێمە لەسەر ئەوە ڕاهاتبووین، دەرویش هەر لەودەمی میمی زۆر بچووک بوو، لەم بەرزاییە دڵڕفێنانە دەیگەڕاند، هەندێک جاریش بەو ئۆتۆمبیلەی ئارەزووی دەکرد سواری بێت، چونکە لەوێ نە دڕندە و نە مێرووی زیانبەخش هەبوون، کە مەترسی بن بۆ سەر ژیان.

هەندێک جار، ئاسکەکێویی بچووک و ماری بێ ژار و بۆق و مارمێلکەی بریقەدار دەبینران.

دەرویش حەزی دەکرد سەردانی گۆڕی دایکم بکات، یان لە ڕاستیدا ئەو خۆڵەمێشەی لەو شوێنەدا پەخش و بڵاوی کردبووەوە و ئەوی تری لەژێر ئەو بەردەی لە سەریەوە کەوت و دوای چەند ساڵێک بووە هۆی مردنی لە شووشەیەکدا شاردەوە. دەرویش پەیکەرێکی لە شێوەی فریشتەیەکی تاشراو لە بەردی گرانیت لەسەری دانا، ئەمەش بۆ وەفاداری و خۆشەویستی بۆی.

ئەوەی من بزانم دەرویش لەسەر ڕووی زەوی جگە لە دایکم، نە کەسی خۆش دەویست و نە وەفاداریش بوو بۆ هیچ کەسێک. بە شێوەیەکی کوێرانە بە زیندوویی و مردوویی

گوێڕایەڵی بوو. تاقە شتێک بۆی نەکردبێت نەپاراستنی هەردوو سەگەکان بوو، ڕاستەوخۆ دوای مردنی لە کۆڵی کردنەوە، بە سپاردنیان بە دەزگای چاودێریی ئاژەڵانی بێخاوەنی ماڵی.

ئەو بیرۆکەیەکی خراپی لەسەر سەگان هەبوو، دەیگوت: "ئەو ماڵەی سەگی تێدا بێت، فریشتە پێی تێدا نانێت". بەڵام لە واقعدا، ئەو ماڵەی دەروێشی تێدا بێت، جگە لە شەیتانەکان و ئیبلیس و خواکانی خراپە، کەس پێی تێدا نانێت. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو ئەو سەگانەی ناپاکیی لێ کردن، هۆکاری ئەو هەموو خۆشگوزەرانییە بوون، کە ئێستا ئەوی تێدایە. ئاخر ئەو وەکو گووپێکەریان کاری دەکرد.

چەندێک بەرەو سەرێ هەڵکشاینایە، کەشەکەی ساردتر و هەواکەشی قورستر دەبوو. ئێمە بەپێی کەشنامە پێشبینیی ئەمەمان کردبوو، تەنانەت بارانەکە بە لای ئێمەوە شتێکی کتوپڕ نەبوو. سەیوانەکانمان هەڵدان و لە ڕۆیشتن نەوەستاین. دەروێش پێشمان کەوتبوو، من نزیک بووم لێوەی، پاشان تۆنی و میمی لە دواوە بوون.

زەوییەکەی تەڕ و گیایەکەشی شێدار بوو، لێ ڕێکردن بێ ترس بوو. کڵێسای هەڵکۆڵراو لەسەر بەردە قسڵییەکەمان بەرەو سەرێ بڕی. تاکو نەگەیشتینە لای گۆڕەکەی دایکم، تێبینیی ژمارەی زۆری سەردانکەرانمان نەکرد. پەڵەهەورەکان ڕێگەیان بۆ هەتاوە گەرمەکە چۆڵ کردبوو. لەوێندەرێ ماینەوە، گولیلکەکانی دەوروبەریمان ڕێکدەخست، دەروێش خەریکی پاککردنەوەی پەیکەرە بەردینەکە بوو، لەولاشەوە تۆنی و میمی هەندێک گولیلکە لەیلاقەی کێوییان دەچنی، تاکو لە دەوری پەیکەرەکەی دابنێن. ئێمە بێدەنگ بووین، دەروێش نەبێت بە دەنگێکی هێمنانەوە سرودی دەچڕی (لێ من وام هەست دەکرد تۆقیبێت)، ئەو چامەیەی حەزم لێ نەبوو:

April is the cruelest month, breeding
Lilacs out of the dead land, mixing
Memory and desire, stirring
Dull roots with spring rain
Winter kept us warm, covering
Earth in forgetful snow.[1]

وشەکان وا لە دەمیەوە دەردەچوون، دەتگوت ئاگرێکن لە کونەلووتی هەژدیهایەکی زەبەلاحەوە فیشکەی دێت. هەستم بە شتێک دەکرد لە ناخیدا دەکولا، یاخود مەنجەڵێکە و هەڵچووە.

بە چاوانی تەماشای کەسمانی نەدەکرد، بەڵکو گلێنەکانی ڕوو لە خوارێ بوون، لە کاتێکدا سەرقاڵی پاککردنەوە و سافکردنی پەیکەرەکە بوو، پێشەکیی چامەی "وێرانەخاک"ی بە هەمان ڕیتم دەگوتەوە. چەندێک تەواوی بکردایە سەرلەنوێ دەستی پێ دەکردەوە، هەرچەندە گەلێک کۆپلەی چامەکەی وەک موعەللەقاتی عەرەبیی لەبەر بوو، بەڵکو خەریک بوو سەرلەبەری ئەزبەر دەکرد. پاشان دەستمان بە گەڕانەوە کرد، پێشنیازی ئەوەی بۆ کردین بە هەمان ڕێگەی پێیدا هاتین، نەگەڕێینەوە. ئێمە خۆمان هەر وامان دەکرد، دەبوو ڕێگەی

---

[1] گوڵان دژوارترین مانگە
گوڵەمێلاقەی پۆترکاویی تێدا دەڕوێت
یادگار ئاوێزانی ئارەزوو دەکات...
ڕەگ و ماکە سستەکان
بە لێزمەی بارانی بەهار، بێدار دەکاتەوە...
زستان جۆشیداین
ساتێ، کە ڕووی خاکی بە بەفری فەرامۆشیی داپۆشی
ئەم کۆپلەیەم بە دەسکارییەکی کەمەوە لەم سەرچاوەیەوە وەرگرتووە: تی. ئێس. ئیلیەت، وێرانەخاک، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: مەحموود زامدار، بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، ١٩٧٥بەغدا، ل٧. (و)

ئاودڕەکە بگرین، بۆیە هەموومان لە شاخەکەوە بەرەو بنارەکە دابەزیین.

لەپڕ گشت شتەکان بە خێراییەکی سەیر و دوور لە پێشبینی ڕوویان دا: لە کاتێکدا بە ئاودڕێکی بڵنددا ڕەت دەبووین، لە ڕێگە تەنگەبەرە بەردینەکە لەسەر لێواری شاخەکە دەرویش وەستا. هەندێک چاوەڕێی کرد، تاکو تۆنی بە نزیکیدا تێپەڕی. هەردوو دەستی تۆنیی توند گرت و بە هەموو هێزیەوە بەرەو هەڵدێرەکەی پاڵ نا. لەبەر تەڕیی زەوییەکە تۆنی نەیتوانی هاوسەنگیی خۆی بپارێزێت، لێ توانیی خۆی بە درەختێکەوە بگرێت، چەند مەترێکی کەم لە شوێنی کەوتنەکەیەوە دوور بوو، یاخود درەختەکە بوو ڕزگاری کرد و لقەکانی گرتیان.

نازانم چۆن هەنگاوی داهاتووم نا! ئەوەبوو من بە هەموو هێزمەوە (لەوە دڵنیام) بەرەو هەڵدێرەکەم پاڵ نا، کە لەسەر لێوارەکەی وەستابوو، تەماشای تۆنیی دەکرد چۆن خۆی بەو لقە گەورەیەوە هەڵواسیوە، تەواو لە شوێنێکدا چون یەکێک بیەوێت لە خۆیەوە خۆی هەڵبدات و ساز و ئامادە بێت، ئەوەبوو بێ هیچ بەرهەڵستییەک چون لاشەیەکی بێگیان لەخۆیەوە بکەوێتە خوارەوە، بەرەو هەڵدێرەکە لێژبووەوە.

هەینێ بەر زەوییەکە کەوت، دەنگێکی تۆقێنەری لێوە هات، تێکەڵ بە ئاژێڕی سەنتەری ئاگرکوژاندنەوەکە بوو، کە نیوەڕۆی ڕادەگەیاند. وا بزانم ئەوە من بووم بەرەو هەڵدێرەکەم پاڵ نا، دووریش نییە خۆی کەوتبێتە خوارەوە، یان خۆی داوای لێ کردبم پاڵی بنێم، هەرچەندە لە ڕێگەی گوزارشتی جەستەیەوە، زمانی خوێنەکەی ئارەزووی عەدەمی دەکرد.

جارێکیان خوێندمەوە، خوێن هاوار دەکات و بانگی خوێنڕێژەکەی دەکات. ئەگەر من پاڵم نابێت، ئەوا من نەمکوشتووە، دوو کرداری جیاوازن. من لێرەدا باس لە ویست و مەرگدۆستی دەکەم.

ئەگەر کەمێک سەبرم بکردایە ئەوا سڵاوی ماڵئاوایی لێ دەکردین و بەرەو مەرگی خۆی دەڕۆیشت. ئایا پەلەم کرد؟ بە هەرحاڵ، من لە شتێک دڵنیا نیم. وا دیارە کەمێک پەشۆکاوم.

**سالفلدن ٢٠١٤/٦/٢٢**

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ:

١. ئاوێزە٢، بە هاوکاریی حەمە سەعید زەنگنە (کۆمەڵە بەرهەم)، ئامادەکردن، کەرکوک ٢٠٠٣.

٢. دیالۆگ (چاوپێکەوتنی ئەدەبی)، کەرکووک ٢٠٠٥.

٣. جەبار قادر، ناعەقڵانییەت لە گوتاری جەبهەی تورکمانیدا، کەرکوک ٢٠٠٥.

٤. عەزیز نەسین، هیزە وریابن (کۆمەڵەچیرۆک)، هەولێر ٢٠٠٥.

٥. عەزیز نەسین، مەحود و نیگار (کۆمەڵەچیرۆک)، خانەی وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٦.

٦. ئەلتەیب سالْح، وەرزی کۆچ بەرەو باکوور، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

٧. زوهدی داودی، درێژترین ساڵ، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

٨. عەلا ئەسوانی، شیکاگۆ، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩. چ٢، ٢٠١٢.

٩. عەلا ئەسوانی، باڵەخانەی یاقوبیان، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٩. چ٢، ٢٠١٢.

١٠. سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا (لێکۆڵینەوە)، دەزگای ئاراس، هەولێر، چ٢، ٢٠٠٩.

١١. واسینی ئەلئەعرەج، مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە، ڕۆمان، ئاراس، هەولێر ٢٠١٠.

١٢. عەبدولستار ناسر، شەماعیە، ڕۆمان، ئاراس، هەولێر ٢٠١٠.

١٣. خالد ئەلخەمیسی، تاکسی، ڕۆمان، ئاراس، هەولێر ٢٠١٠. چ٢ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە ٢٠١٦.

١٤. باقر یاسین، کەسێتیی تاکی عێراقی، ئاراس، هەولێر ٢٠١١. چ٢ دەزگای سەردەم ٢٠١٦.

١٥. محەمەد حەسەنێن هەیکەل، موبارەک و سەردەمەکەی، لەگەڵ عومەر عەلی غەفور، ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.
١٦. د.موحسن محەمەد حوسێن، مەکیاڤیللی لە تای تەرازوودا، ئاراس، هەولێر ٢٠١٣.
١٧. جان دۆست، میرنامە، ڕۆمان، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، سلێمانی٢٠١٣. چ٢، ٢٠١٤.
١٨. سەمۆئێل شەمعون، عێراقییەک لە پاریس، ڕۆمان، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٤.
١٩. جان دۆست، عەشیقی وەرگێڕ، ڕۆمان، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی ٢٠١٥.
٢٠. باقڕ یاسین، ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٥.
٢١. جان دۆست، زەنگەکانی ڕۆما، ڕۆمان، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی ٢٠١٦.
٢٢. واسینی ئەلئەعرەج، ماڵە ئەندەلوسییەکە، ڕۆمان، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی ٢٠١٦.
٢٣. نەوزەت شەمزین، هەرەسی ژێرخانێک، ڕۆمان، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٦.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلیمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فارووق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عیراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | میجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاف یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرو ـ ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٧١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەئووف بێگەرد |
| ٧٢٠ | گەران لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| | | | |
| | | | |